دیوانە شیعری:

# بـــارتـــەقـــای بـــوون

## شێخ فوئاد بەرزنجی

---

٢٠٢٣

ناوی کتێب: بارتەقای بوون

ناوی شاعیر: شێخ فوئاد بەرزنجی

بابەت: دیوانە شیعر

دیزایین و چاپ : جبار حسن

دیزاینی بەرگ: بەختیارعلی

چاپخانە: چاپخانەی پاندا

تیراژ: ( ) دانە

ساڵی چاپ : ٢٠٢٣

نرخ: (٥٠٠٠) هەزار دینار

ژمارەی سپاردن: لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە( )ی ساڵی ٢٠٢٣ ی پێ دراوە.

## سوپاسنامە:

- سوپاسی بێ پایانم بۆ خودای گەورەو میهرەبان .

- سوپاسی تایبەتم بۆ هاوژینم: مەهابات مستەفا عەبدولکەریم و کچەکانم: سۆزگا و خۆزگە و لازۆی کوڕم، کە ڕەنگە بەشێکی گرنگی ژیـانم بـۆ نووسـین و ئەدەبیـات تەرخـان کردبێـت نەمتوانیبێـت پاداشتیان بدەمەوە وەک پێویست.

- سوپاس وپێزانین بۆ برای بەڕێز ( شێخ عثمان شێخ غریب شێخ سـعید کـوردە شـەرەف بـەیانی ) بـۆ هاوکـاریکردنی بەشـێك لـە چاپکردنی ئەم دیوانەشیعریـــە.

- سوپاس بۆ برای بـەڕێز مامۆستا انور شارباژێڕی.

- سوپاس بۆ مامۆستا سامان نوری لە هەڵە چنیدا هاوکارم بوون..

- زۆر سـوپاس و پێزانیـنم بـۆ مامۆسـتا جبـار حسـن کـە بەراسـتی لەگەڵمـدا زۆر مانـدوو بـوو، ئـەرك ومانـدووبوونی دیوانەکـەمی دەوڵەمەنــد کــرد، توانــای هونــەری بــەرز دەنــرخێنم لـــە ڕێکخستنەوەی چاپ و دیزاینیدا .

# پێشەکی

دەقناسی شیعر: هەستی ناسکی شاعیر نابێت تەنها هەڵچونی ساتی پەژموردەیی خۆی بێت بەرامبەر مرۆڤێکی تر کە ڕەنگە هەڵبژاردەی ساتە وەختێکی ترنجاندنی بارودۆخێکی گرفتاری خود و ڕۆشنبیری دەروونیەکەی ساتی مەعریفی و قەبڵاندنی گرێ دەروونیەکان بەدروست، کەشێکی سازدراو بەسورو سپیاوی وشەی ڕێکخراو، بەڵام کۆی پرۆژەکە (تێترنجاندن)ە، تێ ئاخنینە ئەمە وەک دیاردە شاعیرانی نوێ وکلاسیک و ڕیالیست، بەم ڕێبازەدا ڕۆیشتوون هیچ نەبێت وەک تەواری شیعر گوزەریان کردوە. شاعیرمان (شێخ فوئاد بەرزنجی)هەستی ناسکە بەڵام گلەیی و بەجێهێشتن و ڕەشبینی و خۆزگەو ئاخو داخ و پرۆژە شیعر

ییەکانی نەگونجادنە و دابڕا نە وخۆزگەیەکی ئامادەنەبووی بەرامبەریەتی لە کۆی بەرهەمە شیعریەکەیدا پێوەی دیارە وەک دەق.

من سەیری خۆی و دۆستایەتیمان نەکردووە بەڵکو لە بواری دەقناسیدا دەدوێم بۆ خوێنەر لەو دەلاقە شیکاریە وەسفیەی کە هەمیشە زاڵە لە ئێستای ئەدەبدا بەرچاوی خوێنەری دەخەم. بۆیە پێم باشە بۆ دوا ڕۆژ تۆڕی خودێتی ڕاپەڕینی خەمی کۆمەڵی کوردەواری و کێشە بەردەوامەکانی نەوەی لاو لە هەردوو ڕەگەز فرمێسکی شیعرو ئەندێشەی زەینی و وێنەی بەرجەستەی هەست پێکراوی شاعیر بێت.

# گلارە

**کلافەی مێژووی خۆمم کردەوە**
**لە تاقێکی کۆنا دامان نابوو**
**جگە لەناوی تۆ هیچم نەدی**
**بەگەورەیی**
**لەسەر وێنەکەت نوسرابوو**
**ئەگەر ڕۆشتم  بیرم مەکە**
**باخەمی من پیرت نەکات**
**ل ٢٩**

خوێنەری زیرەک دەبێت دارشتنێکی نوێ بۆ کۆپلە شیعرییەکان بکات کلافەی بیری وێنەیی خاوەن دەق وەک دیدی خۆی هەڵبکاتەوە.. جۆرێک لە ترانسی .. مێژووی وەک تیشک تێ دەپەڕێت. گێڕانەوە سادەیە.. وەبیر هێنانەوە یەک لایەنە، ڕەنگە... مەعشوق دوورە ڕەنگە، ڕەنگە زۆر بێ ئاگا بێت لە باری دەروونی شاعیر:

**نامەیەکم  بۆ بنێرە**
**هەر بەو ناونیشانەی جارانم**
**هیچ نەبێت بابزانم**
**کە ماویت**
**گلارەی هەردوو چاوانم**
**ل٣٠**

گرێ دەرونییەکان ڕەش بینی زیاد دەکات لە بارەی بیری شیعریدا شێوازگەری خودێکی تاساوە..
لەکۆپلەیەکی تر (ئاوێنە)دا:

**ئاخر گوڵێ**
**لە هەرکوێ بم**
**دڵم لاتە**
**نەدڵم دێ لەناودڵم هەڵتکەنم**
**نە لە بیریشم دەچیتەوە**
**سەد ئەوەندەی تر خراپ بیت بۆم**
**هەر بەو هەوایە دەژیم**
**کەبۆنی تۆ**
**دەهێنێت بۆم**

**ل٣٣**

لەوە دەچێت مەعشووق منداڵ و مەکرباز و ڕاڕا بێت، تەنها لە پەنجەرەی قەدەرەوە خۆی نیشان شاعیر دابێت.. دەقەکە دەستە مۆیی پێوە دیار نیە، بۆیە پەیامەکە بە ڕوونی دیارە. لەو دابڕانە دەروونیەکە هەڵکێشراوە.. هەرگیز .. شیرینی ژوانێکی دواڕۆژی نزیک مژدە بەخش بەرچاو و دڵ ناکەوێت.

نەرمە ئیرۆتیکی ژیانی گوند نیشین لەژێر دەواری هۆنراوەکان دا.. بێ پەردە بە ووشە لەنجەو لارو سەمادەکات..

**زووکە گوڵم:**
**بیرتە جاران**
**لە بن کەپری**
**ئەو دەوەنەی جێ ژوانمان بوو**
**هەموو ڕۆژێ**
**شیلەی هەنگوینی دەممان**
**دەگۆڕیەوە**
**هەموو ڕۆژێ**
**وەک ئەوەی یەکتریمان نەبینیبێ**
**لەگەڵ یەکدا دەبووین بە ئاو**
**دەتواینەوە**

**ل٣٤**

لادێ ،گوند، جۆرە، ئازادییەک و تێکەڵاوی تیایە بەڵام هەرگیز بێ پەیوەندی (خوێینیەکە) ئەم ژوانە دروست نابێت.. شاعیر لەوە دەچێت یەک جار، یەکە چرکە سات، مژینی بۆنە نێرگزی لێوی تەڕی کردبێت.. یەک جار (بەیەکی) تورتی دوورە دەستی گرتبێ،یەک جار بە میل چاوی حەزی ئەبڵەق بووبێ و (لاو) هەرگیز ناتوانێ لەو سنوور بڕینانە دووبارە بکاتەوە با بزانین زەنگی دەق چۆن مێژوو دەخوێنێتەوە:

**دەیان ماچ و**
**دەیان دڵمان بەیەک دەدا**
**ڕستی ملوانکەم پێدەدایت**

**بەمشت**
**دەنکەقەوزوانمان بۆ یەک دەشکان**
**بەیەکەوە**
**هەناسەی بۆنی یەکمان هەڵدەمژی**
**بۆچی ئێستا .. واگۆڕاوی**
**دەڵێی هەرگیز منت نەبینیوە و**
**نەتامی شیلەی هەنگوینی گفتوگۆو**
**ماچەکانی منت کردووە...**

**ل٣٤-٣٥**

وەرزەکـان بێـبەش نەبـوون لە یادەوەریەکـان . ئەم دیـاردەیەش شـەپۆلی هەسـت ویـادەوەری کـۆنی شـاعیرانی کـوردە، لە هەمـوو قۆنـاغ و قوتابخـانە ئەدەبیەکانـدا بـۆنی یـان وەرزی بەهـار یـا پـایز بەدەگمەن (زسـتان)ی تێدەکەوێت بـۆیە ئەم هـۆنراوەیە شـازە وەک دەڵێن:

**زستانی من و تۆ:**
**میوانخانەی من و تۆیە**
**باخی گشتی لە سلێمانی**
**کێ تۆرانی**
**کۆتری ڕۆحی تۆ**
**من بۆ چیمە تۆی لێنەبیت**

**ل٥٠**

زۆر وێنەیەکی هەستی جوانە. میوانخانە سەرما، سەهۆڵ، کلوی بەفر،نمەی باران .بەڵام لە پەردەی دڵی عاشقدا میوانخانە بێت .. پەلەوەر ئاسا تۆران بکەوێتە تۆڕی دابڕانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوە.. هەرچەندە لەو چووەکان، بە پۆل دەهاتن بۆ مێینەی بەرامبەر.

**دەمەوێ منیش لێرە ببم بەچلورە**
**لە چاوەڕوانیتدا**
**ئەمشەو هەرخودا بکات دەرکەویت**
**خۆم دا دەگرسێنم**
**ببم بە ئاگر**
**بەس تۆ سەرمات نەبێت**
**ل ٥١**

چڵو پەی ڕووخان لە نێو دەق ناسیدا.

**بێبەری بوون:**
**هەروا بە**
**بێ بەریم بکە لە ژیان!**
**خۆم دەمێکە زەلیلم بێیتەوە**
**تۆم زۆر خۆش ویست!**
**هەموو ڕۆژێ بەدواتەوەم**
**کەچی تۆ هەر ڕووت هەڵ دەکەیت**
**ل٨٣**

بێبەری لە نیعمەت لەڕووی لە ڕووی ئاینەوە بێ بەش کردنە لە (میراث).(میرات) زێڕو پارەو خان و بەرەو هتد لە مردووەوە بۆ زیندوو تا بن هەنگڵ پورو خاڵ و بن ئامۆزاش دەگرێتەوە. بەڵام لە ستیسمی نەتەوەییدا هەرگیز ئازادی نەتەوەیەک نادرێت ،تاشەلاڵی خوێنی ئایدۆلۆژیا نەڕژێت لە ئاینی سەر بە ئیمانداراندا. بێ بەری لە میهرە بانی یەزدانی مەزن لە سەر پێچی کردنی داو، بێبەری لە نیعمەتی لێخۆش بوون و بەهەشت! بەڵام ئەم کوڕە شێخە.. هێندە زەلیلە بەدەست ئەم مێینە سرکەوە کە لە بەرپێی کەوتووە دڵی دەسماڵێکی ئاورشمی دەسنەکەوتووە بیدا بە شانیدا. کەنەختێک سەبوری دڵی پڕ لە جەغازی بێت.

**هەموو ڕۆژێ بەدواتەوەم**

**کەچی تۆ هەر ڕووت هەڵدەکەیت!! ل٨٣**

هەزار بۆ ، هەزار ئاخ! لە ناو ناخی ی خوێنەر دا، سیخناخ دەبێت ڕۆژانی لاوی هەموو کوردێ دەسەلمێنێ کە یەکەم جار یا دووەم جاری بێت، ئاوەها سێدارەی عەشقی ساردو سڕی لە ووشە بۆ هەڵبخرێت!!

ڕوی دەرونی و گەشبینی بۆ ژیانی شایستەو هەڵبژاردنی هەمیشە کە سادە بەدەگمەنەکانە.. لەوە دەچێت..شاعیر دەرگای بەختی لەسەر کرابێتەوە، بۆیە .. عەرشی دڵی عاشق پرژا.. ئاواتی ڕەنگاڵی تیادا پرژەپرژێتی.. تاڵەکان بەووشە سەما دەکەن..

**خۆشەویستی**

بەس لای پەپولە ڕاستییە
بۆ خۆشەویستەکەی باڵ دەگرێ
باوەش بە ئاگری عەشقدا دەکات
چی لەگوڵی سوور بکەم
من خوێنەکەم لەگوڵ سوور تر
قوڵپی ماچت بۆ دەهێنێ
دێوانەتان نەبیستووە
وەسێت دەکات
کێلەکەی پشتی سەری
باڵایەک بێت
بەقەد شەم بێت..

ل٨٥

پەیامێکی دەروونی جوانە.. هیچ شپرزەییەکی شێوازی پێوەدیار نییە، وێنە لەو چووەکانیش هەم ڕەوانبێژیە.. لەو چووە.بەڵام بە تشیکی خۆزگە، هەڵقرچاوە... هەم پەیام لەوشەکانی (باڵا ، ئاگری عەشق، سوورتر لەگوڵ، شەم، کێل)پارسەنگی مێژوویی ئەدەبی، ڕێبازی رۆمانسی بەئاکام نەگەیشتووە.

**ختووکە:**

هەموو شتێک جوانە
ژیان نەبێت
لەم بازاڕی هەڕاج کردنی ژیانەدا

بارتەقای بوون

لەم توانەوەی هەست و سۆزەدا
ژیان گەڕە لاوەژێیەوە
کەمیتار دەمی خستۆتە لەش و لاری   ل٨٩

پـەیامی رەشـبینی لـە لوتکەدایـە و تەمـەنی شـاعیر لـەژێرِ سـایەی وشـــەکانا .. بـــازاری لاوی تێپەرانـــدووە وە گونجـــان و، داتاکـــان، وێنەکان، دەربڕینەکان، چەماوەکان.. خوێنەر هەست دەکات هـەموو دەرگاکان داخراون بەڕووی شاعیردا..

ژیان:
ئەو شتەیە ڕقم لێیە
ژیان:
بۆمن هەمووی ئازارە
بەم ڕۆژگارە
کۆچەڵەی دارەبەنی ڕۆحم هەڵدەگرنەوەو
کۆچەڵەیەکی ترم لێ دەدەن
ل٨٩-٩٠

مەبەســتی پــەیامی شــیعر بــە ژینگــەی راســتەقینەی کاریگــەری چـــەماوەی کـــورد.. هێجگـــار.. جوانکاریـــە، ســـنور بڕینـــە بـــۆ دوورکەوتنـــەوە، لـــە نمـــایش.. بـــەڵکو.. وێنـــەی لـــەو چوونـــە تاکـــە بینراوەکانە لە ژیان و خودی ژیان..

**جیهانبینی ئافرەت و فوئاد بەرزنجی و شیعر پەردەی کۆتایی :**
جان جاک رۆسۆ(١٧١٢-١٧٧٨) لە وتەیەکیدا دەڵێت:(دەستبەردار بوونی مرۆڤ لە ئازادیەکانی مرۆڤ و.. دوو هێندە لە ئەرکەکانی لە دوو هۆنراوەدا بەرزنجی – ئالآی وەرگرتنەوەی ئەو ئازادیەی لە مەعشوقەکەی وەردەگرێتەوە)

**فنجانێکە لە ژەهر:**
**ئاوازێکی پڕ جۆشە**
**لەکەمانێکی ناسک-**
**بوون؛**
**مانای چی -**
**بەم هەموو پەژارەیەوە-**
**ژیان!**
**ژیان بتڵێک شەرابێت-**
**بە چەند ژمارەیەک کۆتایی بێت؛**
**لە کردنەوەی قۆپچەی کراسەکەت-**
**بۆ پەلە نەکەم ؛**
**تا نەخراوەتە دوو مەتر خامەوە-**
**بالآت!**

**ل٢٠٤**

ئەم ئازادی وخەونی شاعیر لەپەنابردن بۆ مەی جۆری شەراب و کردنەوەی قۆپچەکە نموونەی چەپاندنی کۆی تاکەکانی خێزان و

نەتەوەکەیە بەلام لێرە لە شێوازی خودی تاکەوە دەسەلاتی ئازادبوون بەخۆی دەدات.

**بوون هەموو جوانیەکە-**
**لەگەڵ تۆ؛**
**بێ تۆ :**
**فنجانێکە لە ژەهر!    ل٢٠٥**

**پەیامی گرنگی ئەدەبی کوردی و شیعری نوێ و بەرزنجی:**

پێوەندی نێرومێ لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەشێوە داخراوەکەی وەک لێزمە شانی شاعیری گرتۆتەوە، بەلام لە نموونە شیعرێکدا توانیویەتی نموونەیەکی جوان و نزیک لە واقیع، لە چوارچێوەی فۆرم وقاڵبێکی هونەریدا پێشکەش بکات .بەمە سنوری شیعری نزیک لە کرۆکی رۆمانی نوێ نزیک کردۆتەوە.

**بۆ کچە گارسۆنێک:**

**داوای کوپێک کاپوچینەم کرد**
**کە هاتیت**
**دەمت پڕ پڕ لە گوڵاو**
**مەزاجم شل شل ببوو**
**لە تینوێتیدا**
**بەدەم مۆزیکی کافیەکەتانەوە**
**چووبوومە ناو تەڵەی مەرگەوە**
**کە هاتیت**

**وەک ملوانکە ئاڵتونیەکەی گەردنت**
**ئەدرەوشایتەوە**
**تاڵی ئەم بوونە**
**بۆتە مەیینی**
**پەخشی زەردخەنەی سەر لێوت**
**ناگەڕێتەوە**
**پەپولەی خەیاڵت**
**بۆچیمەنی بەختەوەریت**
**ل٢٦٦- ٢٦٧**

لێرەدا پەیامەکە زۆر ڕوون (هەست، سۆزە، مەینەتی)یە، بەڵام دەنگی جەستە دڵخۆشکەرەیە. شاعیر نەیتوانیوە، لەدەرەوەی ئەندێشەی زەینی داهاتوویەک لەبەرکۆشیا کۆبکاتەوە.

**چەمکی فەلسەفەی بوون و ژیان لای بەرزنجی:**

بەدوو هۆنراوە پەردە لەسەر پێشەکیەکەمان دادەدەینەوە بەهیوای ستێپ بەستێپ سەرکەوتن بۆهاوڕێ و برا (شێخ فوئاد بەرزنجی) دابین بووبێ لەڕووی دەرونییەوە ، ئاواتە خوازم خامەکەی بەڕوی دوندی مێژووی نەمردیدا هەنگاو هەنگاو سەربکەوێت.

**هەزار ساڵە :**

**بەردیش بوومایە:**
**دەبووم بەئاو_**

**لەو زنجیرە خەمانەی تۆ؛**
**ئەوەندە بێ نەشئەم_**
**بێزوو بە بوونتەوە دەکەم!**
**بەقەد باڵای تەلارێک:**
**تەمی شینم لەسەرنیشتووە؛**
**بۆیە بە بەخشراو_**
**دەناسرێم_**
**ئولفەتی منداڵانەم گرتووە؛**
**بیرت دەکەم!**

**ل٢٨٥**

ئەم تەرزە ڕوانینە بۆ ژیان ئەم چەمانەوەی دەروون لەبەردەم بەهای پیرۆزی ئەوینێکی نێرگزیدا بەباڵای مێژوویی بەرزنجەییەکانەوە بڕاوە.لە(١٨٠٠)کانەوە تاکو(١٩٠٠)یش ئەم تەلیسمە ئەم جادوگەریەی دڵ،(شێخ نوریی شێخ ساڵح)یش دڵ تەنیوەو ڕاکێشاوە ئەگینا هەرگیز ئاوا حاڵ نەیدەگرت شەو دەستی بەدەستی مەعشوقەوە لە سنوری کۆی ئەندێشەدا فەرمووی:

**قەد نەدەی ئازای گیانی**
**مەست و بێدارانی شەو**
**خۆت نەخەیتە بەرشەپۆلی**
**مەست و بێدرانی شەو**

لەبازنەی بیرو فەلسەفەی شێخ فوئادیشدا ئەو قەتیسمانە ماوە " فوئاد موریدی شێخ نورییە لە ڕەچەڵەکی خوێن ، هیوای ڕزگار بوونە لەکەوانە نامۆییەکانی پڕ لە ئاوات وئازار.

بەکار هێنانی نوێ، جەستەی مرۆڤ بەکارهێنان بۆ گەیشتن بە ئامانجە تایبەتەکان. هەرچەند کەم مێینە لەئاستی تێگەیشتنی ئەم جۆرە هۆنراوەدان .

**دەقی کراوە**

جەستەت:

شیرینترە لە هەموو جیهان

ماڵێکی پڕ ئەفسانەیە!

عەشق:

هیچ شوناسێکی بۆ نابێت

وەک شەپۆلەکانی ئاوە

جێگیر نییە!

جوانیت:

لە لای من ناوەڕۆکێکی ئەفسوناوییە

پڕە لە حەزی کراوە!

بەهرەم:

دەستەبەرکردنی

شەوە تاریکەکانتە! ل٤٤٨

کاتێ دەروون شەپۆلەکانی بەرەو خوار دەچمێ.
شـــاعیر چەمـــاوە بـــوون بەرۆحـــیەوە دەنێرێـــت لەبەردەم یادەوەری و پێگەی بوونیدا بەدەر کەوتووە .

**بووم بەمەقام بێژ**

هەموو شتەکانی چواردەورت-
ئینجانەی سەر باڵکۆنەکەتان-
تەنافی جل هەڵ خستنەکەشتان-
جل گرەکانیشم خۆشەدەوێت؛
تۆ چیت لەمندا حەزلێیە؟
لە بەرتۆ:
بووم بە مەقام بێژ؛
تار ژەن؛
بووم بە بەفر!

ل٤٥١

دوو هەڵوێســـــتی نەمـــــری بیـــــری شـــــاعیر نیشـــــان دەدات هەرچەنـــدە خـــۆی لە ژێـــر ناونیشـــانی دەقـــی بوونـــدایە، زێـــڕی گران بەهاو لەوچووی بوون و ژیانیان نیشان داوە .

**دەقی بوون**

ژیان بێ تۆ
دەبێت بە تەم
ئاسمانیش نایگریتە خۆی

وتم مەگەر
بە باڵای جوانتەوە بنیشم
با ڕەنگی ئاڵتوونیت بگرم!
ل٤٥٨

شـــاعیر پـــلەی گەرمـــایی هەســـت و نەســـتی گەیشـــتۆتە لـــوتکە.. لەوە دەچێـت دابـڕانەکە، هـی دووری کێشـان بێـت بە وشـەکان سەفەری داگرسان ئەو پەژموردەییە بەڕوونی دەرکەوتووە .

## داگیرسان

تلۆپەی وشکی پایزی گیانم
چلێک قامیشە
لە کەناری چەم و ئاوی قوڕقوڕاگەت
تەڕاییت دەمژێت!
باڵەکانم
تۆ ئاسمان بیت
دەدەن لەشەققەو
هەڵم دەدەنە شینایی باوەشتەوە
دەبم بە ئەستێرە
تا ببینیت
چۆن بەرەو تۆ دەکشێم! ل٤٦٠

بـــوون و عەتـــر: شـــاعیر وێنەكـــانی، لەوچووەكـــانی جـــوانن گوزارەكان نوێن لە فەرهەنگی شیعریدا جۆرێك لە سەردەمی پێوە دیارە.

**عەتر**

میوانخانەی من بویتایە
دەبووم بە نوح!
ئەلبومی یادەوەریم
ژەنگی زێڕی گرتوە
ئەوەند لە هزرمدای!
كەڵەكی تەمەنم دەڕوخێت
یەك چركەسات
لە بیرتكەم!
دەركەویت
كەمۆڵەی ژیانم
پڕ دەبێت لە عەتر!
ل٤٦١

مـەردو نـەمر بـن پێنوسـانی عاشـق و مەعشـوقان گـەر بەیـەكیش نەگەن بەئەندێشە بوك و زاوان.

**نووسینی**

**پ.ی.د. فاروق قەرەداغی**

## دەروازە

هەمیشە هێماکانی شیعر جێگەی گەلێک پرسیارو گومانن. بۆیە دەقەکان کۆمەڵێ پرسیارو گومان بەجێ دێڵن لای خوێنەر. چونکە زمانی شیعر خۆی بە مانا تەقلیدیە باوەکانەوە نابەستێتەوەو شیعر پێکهاتەکانی هەموو ژیان لەخۆدەگرێت. کە ئەمانەش بەردەوامی دەدەن بەشیعرو بەردەوام خۆی نوێ دەکاتەوەو نوێی دەبەخشێت بەژیان. شاعیر بەهۆی گەڕان لە هەموو قوژبنەکاندا هەموو شتە شاراوەکان ئاشکرا دەکات و کۆیان دەکاتەوە لە وێنای شیعریدا. هەموو وشتە نامـاقووڵ و ناتەباو هاودژ و تەنانەت خەون و ئەو شتانەی تریش کەترس دەهێنن دەنووسێتەوەو ناوەستێت ئازادانە تیری خۆی لە کەوان دەهاوێت و ناگەڕێتەوە. بۆیە ئاساییە ڕەنگە ئەوانەی تەقلیدی دەڕوانە ژیان و کەل و پەلەکان کۆمەڵێ پرسیاری نادروست بکەن ئەوانی تریش دروست، بۆیە دەتوانین بڵێین، کە شیعر فەنتازیایە پەیوەندی بە بوون و غەیری بوونەوە هەیە، واتە (واقیع و ناواقیع)، ئەوەش شاعیر بە زیندویی دێڵێتەوە. واتە نابێت هۆنەر هیچ کامیان وەلا نێت. شاعیر دەبێ گەمە بکات لەنێوان فەنتازیاو، بووندا. کەبە شێوەیەکی جوان تەنها شیعر دەتوانێ جۆلانێ یان ئەمبەراوبەر لەنێوانیاندا بکات، بۆیە هۆنراوە بەشێک لە پەنهانی تێدایە کە بەئاسانی هەموو کەسێک ناتوانێ بیبینێ بەجۆرێک شاراوەن تەنها هۆنەر لە هۆنراوەدا وێنەی دەکات و پیشانی خۆێنەری دەدات، کە

ئەوەش چاوی هۆنەر یان (شاعیر)ە کە خودا ئەو چاوەی پێداوە ئەو بەشە پەنهانە ببینێ و نیشانی بدات. بۆیە هۆنراوە چەند لایەنێکی جوان و ئاشکرا پیشان دەدات، ئەوەندەش لایەنێکی نەبینراوی تێدایە. خوێنەری ڕاستەقینەی هۆنراوە هەستی پێدەکات هەوڵ دەدات بەدوای ئەو لایەدا بگەڕێت کە ئاشکرا نیە، نەک لا ئاشکراکە کە ئاسان دەبینرێت، یان گوێبیست دەبیت.کەواتە هۆنراوە بۆ ئەوانە نانوسرێ کە نەچێژ لە خوێندنەوەی دەبینن و نە لایەنە ون بووکانیش دەدۆزنەوە.

کە ئاسان نیە دۆزینەوەی. کە کاتێک دەقێک دەخوێنینەوە پێویستە ئەوەندە خوێنەر یان خولیای هۆنراوە بین هەست بەو شاراوەییانەی ناوی بکەین. یان بگەڕێن بەدوایدا لەخەیاڵماندا کاتی خوێندنەوەی. بۆ ئەمەش وەک دەڵێین دەبێت خولیای خوێندنەوەی هۆنراوە بیت بەژانرەرێکی نیگا کێشی بزانیت بۆ ئەوەی نمرەو هەڵسەنگاندنت بۆ هەموو دەقێک بەقەد بالای خۆی بێت. ئێستا سەدان هۆنەرو هۆنراوە هەن، بەڵام دەبێت هەر یەکەیان پێوانەو، هەڵسەنگاندنی خۆی لەلایەن ئەوانەوە بێت، کە خولیای ئەو ڕەوگەو پانتاییەن کەداگیری کردووە. بۆیە هۆنراوەش پێناسەیەکی لەخۆی نەگرتووە هەردەم و کاتێک و کەسێک پێناسەی خۆی پێدەدات،وە دەربارەی تێڕوانین بۆ شاعیرو شیعریش دەکرێت بڵێین: ئەگەر شیعر تەنها هونەرێک بوایەو هیچی تر و پەیوەندی بەفیکرەوە نەبوایە باشە چۆن دەبووە هۆی مشتومڕو گوتارو لێکۆڵینەوەی بیرمەندان لەدنیای هۆنەرو شیعر بەتایبەت بیرمەندانی وەک هیگڵ

و، کانت و نیتچەو، هایدگەرو، سارتەرو، سلۆتەر دایک و، ئالان بادیۆو، جۆرجیۆو ژاک و ڕانسەر   بەڵام ئێمە دەڵێین شیعری شاعیر، نەک ئەوانەی تەنها وشە ڕیز دەکەن و هەستەکانی خۆیان دەلاوێننەوە. چونکە شیعر یان هۆنراوە تەنها سۆزو هەڵچوون نییە، بەڵکو دیدی مرۆڤە بۆ دنیاو سۆز و جوانییەکان. چونکە ئەگەر سۆز بێت ئەوا زمان نایەڵێت بەردەوامی بەخۆی بدات. کەواتە لێرەدا شاعیر بۆ تۆکمەکردنی دیدی خۆی سوود لە هزری فەلسەفە وەردەگرێت لەفۆڕمی شیعردا، کە ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی بڵێین شیعرو فەلسەفە لێکەوە نزیکن هەرچەند ئەفلاتون بڕوای بەشیعر نیەو هەوڵی ڕەتکردنەوەی داوە کە گوایە شاعیر لۆژیکانە مامەڵە لەگەڵ دنیادا ناکات. بەڵام ئەدۆنیس زۆر سەرسەختانە باسی لە پەیوەدی نێوان شیعرو فەلسەفە کردووە، چونکە ئەدۆنیس لە دوانێکدا دەڵێت: (بەبێ توانەوەی فیکر لەنێو هەستیاری شیعریدا، شیعر دەبێت بە وتاردان و پڕوپاگەندە وەکو لەوەی ببێت بەشیعر). ئەم قسەکردنەی ئەدۆنیس پێمان دەڵێت: شیعر بیرکردنەوەو تێهزرینە نەک ڕوانینی ڕۆمانسیانە بۆ ژیان و دیدەکان یان پڕوپاگەندەو وتار بێت. وە (ئەنتوان سەعادە) بەردەوام وتویەتی: شیعر و فیکر لێک جیانابنەوە. شیعر بینینێکە بۆ دنیا کەواتە شاعیر دەبێت شیعرو فیکر بەیەکەوە گرێ بدات. نەک تەنها لاواندنەوەو وشە ڕیزکردن بکات.

**شێخ فوئاد بەرزنجی**
**سلێمانی**
**٢٠٢٣**

# برینم مەکولێنەوە

ئاخر گوڵم
هێشتا سەرەتایە بۆ وادەکەی
کەی پێشوازی بەشەڕ ئەبێ
عەشقت وەکو جوڵەیەکی بێ کۆتایە
بەقەد لێشاوێک ڕەشەبا
بەناو گیانمدا دەجوڵێت
وام لێ دەکات
بچمە ئەولای کەرامات و
بە باڵی خەیاڵتەوە بفڕم
تۆ لە کوێ بیت بێم بۆ ئەوێ
برینم مەکولێنەوە

با نەبم بەدەمە قاچان و
لەم مۆدێلی دەنگی تەڵقە تەنورەو
تەقەی فیشەکە شێتەیەدا

ببم بە ئاگرو
شارێک ڕووناک بکەمەوە
لە هەرکوێ بیت بتدۆزمەوە
برینم مەکولێنەوە!

خەم دایگرتووم
لەم بێ دەنگیەدا دەبزرکێنم
کە هەر خۆمم
بەڵام دەنگت
هێشتا تەزویەکی کارەباییە لە دڵمدا
بۆیە نەمردووم
برینم مەکولێنەوە!

تازە خزاومەتە ناو
گۆشەگیری عەشقی تۆوە
دەربازبوونم وەک مەحاڵی لێهاتووە
چۆن لە دەمارەکانم دەرت بێنم
چۆن لە کامێرای چاومدا نەتبینم
بۆنت چۆن لە خۆم بکەمەوە

ناوت چۆن لە ناوم دابڕم
تۆ لێرەش نەبیت
وا خلیسکاویتە ڕۆحمەوە
دەبم بەنوح
سەد ئەوەندە سپی ببم
هەر لێرەم و
هێشتا بۆت دەگەڕێم
بەوهیوایەی
لە پرشنگی جوانیت تێر تێر بم و
ئەوسا سپی سپی
بەدیار تیشکی ڕووناکیتەوە بمرم
تۆ لەئاسمانەوە دیاربیت
هەروەک ئەوەیە بژیم
برینم مەکولێنەوە!

٢٠٢١/١/١

# وەڕسبوون

بێزار بێزار بووم
بووم بە سەختیان

لە ڕواڵەتدا خۆم دەرناخەم
چیم لێدەکەیت

بزوتنەوەی گیانمت
خستۆتە دۆخی سڕبوونەوە

لەژێر هەژمموونی تۆدا
یەکبارە مەستم

گۆشەگیری خۆتت کردم
مەلۆتکەی قوماتکراوە
بەتۆوە ڕۆحم

بینێ بەسەر باخی سینەتەوە
با نەکوڕوزێتەوە
دەم بنێت بە بۆنی
هەناسەی شیرینتەوە

با تێرسەیری لوتەوانەی زیوت بکات
بەقەڵای ئاڵتونیتەوە

دیمەنی ڕەنگاو ڕەنگە دەم وچاوت
دایمەپۆشە بەشەرمی کرمەکی
سەر گەردنتەوە

دەبینی چەندە بێزارم
بەهەشتی باوەشت
بە باڵندەی دڵم بسپێرە
لەوێ نەبێت
با لە هەوارگەیەکی تردا نەمرێت..

٢٠٢١/١/٣

# بەهەشت

بۆچی هۆگرم نابی
سەرم ناوەتە باوەشت
لە ناو باخی بەهەشتا
دەری مەکە باجێت نەهێڵێ
دڵ و گیانم.

٢٠٢١/١/٣

# بەردە ئەستێ

لە عەزرەت فڕینی خاڵی
کە وەک خاڵخاڵۆکەیە
لە بان ڕوخساری

فڕی ماچی لێوی تەڕم
کەوتە سەر خەتی
لێوی سورو ئاڵی

تەماشا زوڵفی
کە وەک ڕەشماڵە
دایپۆشیوە بەری ڕۆژ
لای من بۆتە نسرم و
بێبەشم لە ڕوناکی چاوی

کە لێرە نیت
جەستەی برۆنزیت بگوشم

لە سەرەلوێنکی بەر ماڵەکەتاندا
ڕژاوە گیانم
بزانە چۆن دەبارێ
لە هەوری چاووم
بارانی پەڵە
کە نابیت بەئینجانە بۆ گیانم

تازە گرفتارت بووم
بەخۆر هەتاوی لەشت نەبێت
ناتوێتەوە
بەستەڵەکی گیانم

عەیامێکە بەچاوەڕوانیت دەژیم
وشک بووم
بووم بە پیرەدارێکی چەماوە
وەک بەردەئەستێ بەرم کەوە
با ببیت بە ئاگری گیانم!

٢٠٢١/١/٤

# گلارە

کڵافەی مێژووی خۆمم کردەوە
لە تاقێکی کۆنا دامان نابوو

جگە لەناوی تۆ هیچم نەدی
بەگەورەیی
لەسەر وێنەکەت نوسرابوو

ئەگەر ڕۆشتم بیرم مەکە
باخەمی من پیرت نەکات

نازانم ئێستا لە کوێیت؟
وێنەی خۆمت بۆ بنێرم

چۆن سپی بووم
لە زستانی ئەم تەمەنە

وەکو گۆچانێکی چەمیوم
گەر ئەتەوێ هەواڵی من بزانی

نامەیەکم  بۆ بنێرە
هەر بەو ناونیشانەی جارانم

هیچ نەبێت بابزانم
کە ماویت
گلارەی هەردوو چاوانم

٢٠٢١/١/٤

# چۆن هەڵبکەم

هیچم نەماوە پێت بدەم
قبوڵ فەرموو
دوو چاوم
دەریان دێنم
بیان خەرە سەر زنجیرێک
لەنێوانی دوو گومەزی
سەرسنگتدا هەڵیانبخە
با هەمیشە چاوم لێت بێت

ئەوەندە لەسەر نووکی پێ وەستام
نووکی پێڵاوەکانم دڕاون
هێندە سەرەتاتکێم کرد
چاویلکەکەم کەوتەخوار
هیچ نابینم

ئێوارە هات
وا خەریکی ڕاماڵینی زەردەپەڕە
پەردەی شانۆی ئەمڕۆ دادەداتەوە
ئەمشەو تاسبەینان
چۆن هەڵبکەم
لەم کۆڵیتە ڕوخاوەی دڵمدا

٢٠٢١/١/١٤

# ئاوێنە

ئاخر گوڵێ
لەهەر کوێ بم دڵم لاتە
نەدڵم دێ
لەناو دڵم هەڵت کەنم
نە لەبیریشم دەچیتەوە
سەد ئەوەندەی تر
خراپ بیت بۆم
هەربەو هەوایە دەژیم
کە بۆنی تۆ دەهێنێت بۆم
گوڵم
تۆ ئەوەندە جوانی
بەغیلی بەئاوێنە دەبەم
کەتۆ دەچیت لەبەردەمیا
خۆت دەگۆڕیت
بڵێی ڕۆژێک ئاوێنە بم..        ٢٠٢١/١/١٥

# زووکەگوڵم

بیرتە جاران
لە بن کەپری ئەو دەوەنەی
جێ ژوانمان بوو
هەموو ڕۆژێ
شیلەی هەنگوینی دەممان
دەگۆڕییەوە
هەموو ڕۆژێ
وەک چۆن یەکتریمان نەبینیبێ
لەگەڵ یەکدا دەبووین بەئاو
دەتواینەوە

لە بن هەر بەردێکا
لەگەڵ کارو بەرخی دێکەماندا
دەیان ماچ و
دەیان دڵمان بەیەک دەدا
ڕستی ملوانکەم پێدەدایت

بەمشت
دەنکە قەزوانمان بۆیەک دەشکاند

بەیەکەوە
هەناسەی بۆنی یەکمان هەڵدەمژی

بۆچی ئێستا وا گۆڕاوی

دەڵێی هەرگیز نەمنت بینیوە
نە تامی شیلەی هەنگوینی
گفتۆگۆو ماچەکانی منت کردووە
ئاخر کچێ
چۆن ئەم هەموو ژوانەت بیرچۆتەوە

من لەو هەموو ڕۆژانەدا تواومەتەوە
هەرگیز نابمەوە بەخۆم و
تۆشم لەبیر ناچێتەوە

دەوەرەوە
بۆنت با بەسەرما
شنەی شەماڵێک بیهێنێ

لە هۆش بچم و
لە باوەشتا هۆشم بێنیتەوە

ئەوسا کۆچی ماڵئاوایی
لەم تەمەنە کورتەم بکەم

زووکە گوڵم
چاوەڕوانم زوو بێیتەوە..

٢٠٢١/١/١٦

# ڕستەی تەواو

گلۆپی لیدە تەمەن
کاتی سوتانی دیار نیە
ڕەنگە لە خۆشحاڵترین کاتدا
شەوێک بسووتێت

کەمەرت
نێوقەدی پیاڵەی زەڕلیە
کە پڕە لەچای ئاڵتونی
ڕەنگی جەستەت

ژیان شانۆیەکی دوورو درێژە
مەرگ پێشکەش دەکات
هەر ساتەو نا ساتێ

شیعر
پیاهەڵدانێکی بێ دەنگە
هەتا نەخوێندرێتەوە

شەقام
لە ڕەش مارێکی سڕ دەچێت
بەبێ هاتنی تۆ

چەند جوانن پەنجەکانت
لەڕیزی جگەرە دەچن
نینۆکەکانیشت فلتەری ئاڵتونین..
٢٠٢١/١/١٧

# زستانی تەمەن

تەمەن ڕۆیی
ڕەوڕەوەی گەشتۆتە پیری
سەرو ڕیشم بە جۆرێ بەفری لێ باریوە

وەکو زستانێکی هەمیشەیی
ئەوەندە ڕەشایی بەجێ نەهێشت
لەوێوە ڕەش ببمەوە

ئاسمانی شینی ئازادیم
هەر گەواڵەی هەور دایدە پۆشێ
ئەوەندەی تر بەسەر سەرما
کڵۆی بەفر ئەبارێنێ

هەموو گەرمایی هاوین
کەلەبەرێک دروست ناکا
جارێکی تر ڕەش بنوێنێ

وەک بەستەڵەک ساردو سپی
تەنها ڕۆحم ئەمجولێنێ

لە کوێیت وەرە
کە تۆ ڕۆحی منی
با تەزووی گیانم
خۆی لەجووڵە نەتۆرێنێ

گەرمایت
با شەبەق بکاتە بەفری کەوتووم
ئەگەر چی هاوینێکی کورتیش بێ
جارێکی تر
لە خاکی نیشتمانی تۆدا
با پەل و پۆم سەوز بنوێنێ..
٢٠٢١/١/١٨

# نانەوەی ماشە

ئارەزووم لە گووشینی بەرسیلەیە
دەچم بۆ نێو ڕەز
بەبن باخەڵی مێودا دەگەڕێم

گەڵا گەڵا لایدەدەم
وەک لەرەی ستیانێکی کەسک
بەسنگی چڵێ مێوی پاکیزەوە

تا دەرکەوێت
جووتێ هێشووی بەرسیلە
کاڵ کاڵ

دەڵێی ماشەم ناوەتەوە
لە دەم خۆڕاودا
تا بکەوێتە بۆسەمەوە

وەک ماسی
کە بەیانیان دەچیت بۆ مەلەکردن
بەدزیەوە
لەسەرچەم
هەر خولیای جوانیتم
پیاسە دەکەم

بەناو بینایی چاوەکانمدا
بەڵکو بەرێکەوت یەک ببین

نابینی
سەرتاپا سپی پۆشم
وک ئەوەی میحرابم پۆشیبێت
بێم بۆ ماڵی ئێوە
پیرۆز پیرۆزی

هەرچی جلکێکی گوڵ گوڵی
لە بەردا بێت
وا دەزانم
کەوا گوڵدارەکەی تۆیە
دەچم خێرا
پێشی دەگرم
کە تۆ نیت
دەگەڕێمەوە
بیرم دەچێت
کە هەموو ڕیشێکی سوور
هەمزائاغا نیە

ماخۆلان گرتوومی
بەدوای تەرمی زەمەنەوە

لەم بێ مەودايييەى خۆمدا
سورەتى ياسين
بەسەرمدا دەخۆێنێت
قورئان خوێنەكەى
گەڕەكى خۆمان

تۆش لەسورەتى (النساء) داى
خەريكى خوێندنى
قنودى بۆم

ئەى بۆ خۆت دەشاريتەوە
من ژيان
بەتاڵى دەخۆمەوەو
تۆش
كلۆ شەكرێكى شيرينيت..

٢٠٢١/١/٢٥

# تارماییەکان

خودایە لێم مەگرە
زۆر جار
ئەم ورێنە تێکەڵانە دەکەم
لەبەردەم
پەنجەرە شکاوەکانی خۆمەوە

جیهان بۆ من
بارستاییەکی قورسە
خۆی مەڵاسە کردووە
لە هزرمدا

تەنێکی ئێجگار قورسە
بەو گەورەییەوە
خۆی داوە بەکۆڵمدا

یادەوەری ئەم مێژووە
لەت و کوتە
لە ژمارەی
لاپەڕەکانی من زۆر ترە

درەختیش بم
لە ژمارەی گەڵاکانی من زۆر ترە
پاییزێکی بکوژە

تۆنی دەنگم
وەکو فلوتێکی بەئازارو
پڕ حەسرەتە

شەپۆلی دەنگم
ئەوەندە بارگاویە بەگریان
هەنسکی لێ دەچۆڕێ

کەی ئەم شوناسە داخراوە
بە کلیلی زارت
دەرگاکانی دەکرێتەوە
کەی ئەم پەرتووکە نەکراوەیە
بە نەرمی
سەر پەنجەکانت دەکرێتەوە

کەی بڵێسەی
ئەم ئاگرە نەکوژاوەیە
بە بارانی
هەوری مەییوی جەستەت
دەکوژێتەوە

کەی ئەم جەنجاڵییە
کۆم دەکاتەوە
لە پێکێکی پەمەییدا
ئەمدات بەدەم
خۆر ئاوابوونی ئێوارەیەکەوە

ڕاڤەکردنیی ئەم ژیانە
بۆ من زۆر کەوت
ڕستێک نیدڵی پڕ لە ژەهرە

تابلۆکانی لە ملم کردوون
پڕن لە ڕەنگی شین و
لە هەورەچەخماخەی سووتان

کەچی وەک جگەرەیەک
هەر نەبووم بەسووتوو
لەگەڵ پەلە پیتکەیەکدا
وەک گوڵە زەڕات
هەڵبوەرێم

ئەم گەمە کردنە
بۆچی تەنها بۆ منە
بەدەم بای ئەجەلەوە

هەڵیناکێشێ
ڕەگ و ڕیشەڵاکم

هەمیشە وشەکانم
خەم دایگرتوون
با کەسی تر لە منەوە
خەم هەڵنەمژێت
با لەم مەداری بوون و نەبوونەدا
بوونی وەک من
دەستی بەسەردا نەگیرێت..

٢٠٢١/١/٢٧

# زستانی من و تۆ

میوانخانەی من و تۆیە
باخی گشتی لە سلێمانی
کێ تۆرانی کۆتری ڕۆحی تۆ
من بۆچیمە تۆی لێ نەبیت

من حەز لەشیرینی بکەم
جگە لەگەزۆی باخەڵت
چی ترم هەیە

وازم لێ ناهێنێت
خەم وخەفەت
دەڵێی ناڵەی ئۆرگۆنی
نێو کڵێسایە
بەهێواشی دەمسووتێنێت ئێواران

دەست و پەنجەم لێرە تەزیون
بەلێواری دەرگای حەوشەکەمانەوە
ئەترسم تۆ سەرمات ببێت
دەمەوێ منیش لێرە ببم بە چلوورە
لە چاوەڕوانیتدا

ئەمشەو خودا بکات دەرکەویت
خۆم دادەگیرسێنم
ببم بە ئاگر
بەس تۆ سەرمات  نەبێت

لە ساتە بێکۆتاکانی زەمەن
بە ڕۆشتنێکی کیسەڵ ئاسا
چاوەڕوانی دەبێت
بە قوللەی قاف
تەمەن دەڵێی
خۆی لە نوح قوتارکرداوە

ڕەشەبایەک فوو لە سووتانی ناکات
بکوژێتەوە بەم پیریە
فانۆسە کۆنەکەی
کۆڵیتی تەمەنم

پیری بە دەم و چاومەوە
لە نەخشی پاقلاوە دەچێت
چرچی تەوێڵم
لە شوێن چنگی جۆگەلەو
لەئاوزێڵی
چیا دەچێت

کەچی هەر ماوم
بەینێکی تر شێت دەبم
نەمرم

باخی گشتیم ناوێ لە سلێمانی
تۆی لێ نەبیت
ئێواران

لە فلوتێکی کۆن دەکەم
دەنگ ناگرێ زمانی شکاوم

تەنها بۆ تۆ ئاواز دەژەنێت
هەرکە دەمت نایە سەر لێوانم
لەگەڵ سەمای پەنجەکانت..

٢٠٢١/١/٢٨

# دوور

تۆ
لە دوور گرانترو
لە ئاڵتوون جوانتری

تۆ
کە خۆت دەگۆڕی
لە پەلکە زێڕینە ڕەنگاو ڕەنگ تری
تۆ
بە شەو
کە دەڕژێیت
بەسەر شوێنی نووستنەکەمدا
دنیا دەکەیت بەچراخان
مانگ هەڵدەورێت
لەشەرما....

٢٠٢١/١/٣١

# قسە ناکەم لەگەڵ تۆ

لاچۆ
قسە ناکەم لەگەڵ تۆ
ئەو هەموو خەیاڵەی تۆ
چی ڕەوەندێک بوو

لەکام ڕێدا
بەئاڕاستەی ون بوون چوو

نەگەشتە گەرمیانی من و
لە لاڕێیەکی کوێستانیدا لای نەدا
ون بوو

تۆ چی هەنگوینێک بووی
لەسەر زمانم
ئەتوایەوە جوانیت

کەچی ئێستا لە دوورەوە
تارمایی ڕوناکیشت
وەک خۆری بەیانیان
بەدی ناکەم

لە هیچ شوێنێ
شوێن پێکانت
لە خاک و خۆڵا نابینم

ڕەنگ و دەنگیشت
نامۆ بوون
ڕەنگە ئیتر نەتناسمەوە

بارتەقای بوون

بووم بە کۆلارە
بەدەستی ئەم ژیانەوە
لە ئاسمانی شینا بەدەم باوە

بەرز بەرز دێم و دەڕۆم
گەشتۆتە کۆتا
دەزووی دەستی ئەم ڕۆژگارە

هەر بەرمبات
شین بوون لەناو خۆیدا
سفر سفرم دەکاتەوە

لاچۆ
قسە ناکەم لەگەڵ ون بوونی تۆ
نەیەیتەتەوە
دەرفەتم ناداتێ بژیم
ئەم ژیانە بێ بوونی تۆ..

٢٠٢/١/٣١

# خەتای عەشقە..

نابینی بەو هەموو ڕەنگە جوانەوە
پەلکەزێڕینەیش
بۆ عەشقەکەی دەچەمێتەوە
وەک هیلالی پشتی برۆت
بەناو نمەی باراندا

وەک تەلی پەیوەندی
نێوان خاک و
ئاسمانی شینی بێگەرد
تاخۆر باوەش بکات
بە باڵایدا

لات سەیر نەبێت
چەمامەوە
وەکو گۆچان

ڕیشی سپیم شۆڕبۆتەوە
لەژێر چەنەی پیریمدا
وەک پێنووسێکیماندوو
تاڵ تاڵ
ڕابردوی ڕۆژانی پڕ مەینەتیم
تۆمار بکات
لە دەفتەری یادەوەریمدا

چەمانەوەی پشتم نایەتەوە
لە سوجدەدام بەسەرگۆچانەکەی
دەستمدا

سەرم بەرز نابێتەوە
تۆ لەشێوەی مانگ و
منیش گەواڵەی هەورم
بە دەورتدا

لۆمەم مەکە شێت نیم
خەتای عەشقە
چەندێک پیر بم
هەرخەریکی یاریم

وەک ڕەوندێک
بەدەوری سیحری جوانیتدا
تازە نە چەمینم ڕاست دەبێتەوە
نە ڕیشم وەکو جاران
تەنکەیەکی قەڵەمیە
لە دەوری تافی لاویمدا

تەمەنای پێش مردنم
شوکرانەیە
خودا ئەم عەشقەمان تۆمار بکات
لە داستانی لاپەڕەکانی مێژوودا

چی عەیبە پیر بوون
بابەیەک بگەین
لە کۆتا ڕۆژەکانی..

٢٠٢١/٢/١

# گفتوگۆی نێوانمان

تۆ پێت وتم:
وەره بۆلام
کۆنتێنەرێک عەتر دەپرژێنم

بەخۆم و
دوو ئینجانەی ڕێحانەوە
دەوەستم
تادەگەیتە ناو باخەڵم

منیش وتم:
دەبم بەیاریزانێکی هەڵماتێن
لەگەڵ یەکەم تیلا
دڵم دەخەمە ناو گیرفانت

با هەڵماتێن بکات
لەگەڵ هەڵوژەی باخەڵت

ئیتر دوا ماڵئاوایی بکەم
لە گەمەکردن لەگەڵت..

٢٠٢١/٢/١

# دنیا و عەشق

لەدەڤەرەکانی نیشتمانی عەشقدا
لەوەتەی مێژووی بوون هەیە
چەند وەلی و
چەند شەم هەبوون
بەیەک نەگەیشتوون
کەچی هەر خەریکی شۆڕشە
عەشق

هەموو ئەگەرەکان
کۆڵی پێ نادەن
تەنها کات و
کەسەکان جیان
عەشق لە هەر سنورێک بێت
لەوەتەی ئەم بوونە هەیە

عەشق هەر خەریکی
ئەم بۆیەک بوون و نەبوونەیە
غەریزەیەکی بێ کۆتایە
عەشق..

٢٠٢١/٢/٥

# دەرفەت

دەرفەتێکمان بۆ دروست نەبوو
ئەم قیتارە کۆنە
وێسگەیەک ڕاینەگرت

تۆ دابەزێنێ
یان من سەربخات
کۆتایی بەم چاوەڕوانیە بێنێت

دەبوەستە
دەمێکە ئینتیزارە گیانم
زەمەنێکە مەستم لێرە

وەک هێلانەیەکی زەردی
بەرشێتە بایەک

هەڵدەوەشێم و
هێزی جازبیەتی تۆ
وام لێ دەکات
خۆم پێچمەوە نەمبات

دڵم خستۆتە کێڵانی سنگمەوە
دنیایەک شیرینیم بدەنێ
نامخەڵەتێنن

هەزار بوغورد داگیرسێنن
نایەتە دەر
بۆلای کەسی تر ناچێت

یەکەناسە
سمۆرەی سرکی دڵم
تەنها دەستەمۆی
دارستانی باوەشی تۆیە..

٢٠٢١/٢/٦

# گومانکردن

گومانم بۆ لێدەکەیت
بۆ پەی بە بوونی خەیاڵدانی
هەردووکمان نابەیت
لەنەسرەوتنی دڵمان
ناکۆڵێتەوە

چۆن هەست ناکەی
کەساتێک لام دادەنیشی
وشەکانم دەبن بەپێکەنین
هەر کە لێوم بکەمەوە

هاتنی ساتێکت
بارتەقای ئەورۆژانەن
کەنایەیت
دەبن بە ڕابردوو

بەڵام
هەر کە جارێکیتر
ون دەبی لێم
شێت دەبم و دەیکەم بە هەڵا

ئیتر بۆ پەی بەم بوونە نابەی
لە نێوامان‌دا
ئەم دووکەرتیە هەتاکەی

هەریەکەمان
نیوەی ئەوی ترمان لایە و
بۆ نیوەکەی تر دەگەڕێین

ئەو ساتانەی بەیەکەوەین
هەموو دنیا بەم بوونەمان دەزانێت
ئیتر تاکەی
بۆچی گومانم لێ دەکەیت..

(٢٠٢١/٢/٦)

# هاتن

که ئێوه دێن
وەرزی ئێرە دەبێت بە بەهار
ڕێگا دەبێت بەفەرشی سووری
ڕاخراو
پڕ دەبێت لە گوڵ و گوڵزار
تادەگەنە ئێرە
دەستم لەسەر دڵمە
هەتا دێن
هەر کە هاتن
لەگەڵ مندا
چی پەپوولە لێرە هەیە
هەموویان دێن بەرە و پیرت..

٢٠٢١/٢/٨

# تۆنی دەنگ

بەهۆی خراپی حاڵم
بۆ ئامۆژگاریم
ئەشرافانی شار هاتن

وتیان مەکە ئەم حاڵە خراپە
بە تۆ چانابێ ئەم دەورە

کلیلی باخی ئێرە
هەروا ئاسان نییە
ببەخشرێ
باڵای ئەو چنارە
وا هەڵپیپێچاوە دوو سێو

منیش خۆمم لە ڕەنگی بەهار
هەڵکێشاوە
دەڵێی کەوتوومەتە ناو
پەلکەزێڕینەوە

بە هارمۆنی هەموو ڕەنگێ
لە ناو چاوما نیگات دەکات
بەڵکو سەیرم بکەیت
فرسەتێ بێنم بۆ گفتوگۆ
ببیت بە هاودەمی
ئەم سەفەرە

ئەوسا دەبیتە هۆ
بۆ دەرکەوتنی
ئاوازی شاراوەی گیانم

دەزانم ژیان لە گیانی تۆدا
چەند ئاسوودەیە
نەک من

هەر کە دەمتکردەوە
بێگومان پێکەنینت
لە مەرگ بەختەوەر ترە

بۆ من مانای نییە ئەم ژیانە
بێ ئاوازی تۆنی دەنگت

وەرە
دەرگای باخچەی خەیاڵم بکەرەوە
بانیشتەجێ بێت لەوێ
لە شادیدا ڕۆحم..

٢٠٢١/٢/٩

# بارتەقای بوون

چاوەکانم
ئەوەندە بیری بینینت دەکەن
هۆشیان بەلای سروشتدا نەماوە

پڕ پڕن لە خوێن
ئەوەندە  بێدەنگ گریاون

گلێنە
وەک دوو کەشتی ونبوون
لەناو ئاوی چاوەکانمدا خنکاون

پێم خۆشە کەمێک
بەدەنگی بەرز بۆت بگریم

که دڵم بێ تۆ
له ئەسارەت
وا له وڵاتێکی دووردا

دڵم
ئەم بورکانه کێ ئەزانێ
بەکامه خەمەوه
پیشاوه

چاوم
هێنده بێدەنگ دەگری
بەکاوه خۆ
ڕۆحم لەگەڵیا پوکاوه

بەدوای جوانیتا
کەلەی هۆشم خوانەکات
ئیشتیهای تری مابێت

بارتەقای بوون

عەشق لەم چەشنەبێ
سەیرە
کەس هۆشی ژیانی مابێت

یان هەر منم
دەوڵەتی هۆشم
داگیر کراوە

تاقەتی ژینم نەماوە
هیچ شتێک
بارتەقای ناکات

شێوەی شیرینت
شانەی هەنگوینی پێ ناگات

هیچ ڕەنگێک
وەک ڕەنگی ئەرخەوانیت
مەستم  ناکات

بۆ داهێنانی زوڵفت
پەنجەکانم
خۆیان لە گوڵاو هەڵکێشاوە

چۆن یەعقوب
چاوەڕێی یوسف بوو
منیش بەخەیاڵت
چاوەڕوانم

مرازی ئەم دڵەم
کەی دێتەدی
من لە نێوانی بوون و نەبووندا
هەڵواسراوم

وەک باخەوان
بە تەمای باخم بێتە بەر
نەتۆ هاتی و
نە باخیش گەیشتۆتە سەمەر

تولّی کێشا چاوەڕوانی
واچەمامەوە
وەک برۆی پشتی چاوت

کەی دەگەیتەوە
چەمانم ڕاستبێتەوە
هەر بە بیستنی ئاوازی ناوت..

٢٠٢١/٢/١١

# وەرزێک یان قۆناغێکی تر

لەم شاشە ڕەنگاو ڕەنگەی ژیان
چیت بەستەوە لە جیا بوونەوە

جگە لە پچڕانی
هێڵی پەیوەندییەکانی من بەژیانەوە

لەم لە بێژنگدانەدا
بۆ چاوەڕوانی کۆتەڵی من بووی
بەرهەمی ئەم ڕەنجی
پێکەوە بوونە

بەدزییەوە یەک بینین و
بەنهێنی گفتۆگمان
بەئامێری پەیوەندی

بۆ ئەم دابڕانەی لێکەوتەوە
ژیان بوو بە بێ مانایی

هێشتا مەرجانی
لە خەیاڵمدا
جەستەت وەک گۆلی زەخرەفە

دەڵێی هێڵکارییە شێوەت
بە قەڵەمی
دەستی وێنە کێش کێشراوە

زمانی قسەکردنم شکاوە
بۆتە ئیشارەت و
چێژی هیچم نەماوە

بەم دوورییەت تۆڕی لۆکزی
بیرکردنەوەشم وەریوە

مەگەر ژیان بمانخاتەوە وەرزێک
یان قۆناغێکی تر

گەرنا چۆن
ژیان ناوی دەنرێت بوون
بە کولە مەرگیەوە

شیرنەکەم
مەسجێکم بۆ بکە
بڵێ مەمرە
چاوەڕێکە
وا خەریکم دێمەوە..

٢٠٢١/٢/١٢

# بێبەری بوون

هەر وابە
بێ بەریم بکە ژیان

خۆم دەمێکە زەلیلم پێتەوە
تۆم زۆر خۆش ویست

هەموو ڕۆژێ بەدواتەوەم
کەچی تۆ هەر ڕووت هەڵدەکەیت

تۆ بووی بەزمڕووت و
من هەر بەدواتا گەڕام
ئیتر لێت بێزارم
ئەمجارە من تۆم ناوێ

نەک زمرووت بیت
ببیت بەئاوی حەیاتیش
نامەویێت و
ناتخۆمەوە

تۆ ڕوناکیت بەمن نادەی
تاڵیت نەبێ

بوویتە بکوژم
جارێک نە بووی بەخەندە
ژیان..

٢٠٢١/٢/١٤

# خۆشەویستی

خۆشەویستی
بەس لای پەپولە ڕاستییە
بۆ خۆشەویستەکەی باڵ دەگرێ
باوەش بە ئاگری عەشقدا دەکات
چی لەگوڵی سوور بکەم
من خوێنەکەم لەگوڵ سوور تر
قوڵپی ماچت بۆ دەهێنێ
دێوانەتان نەبیستووە
وەسێت دەکات
کێڵەکەی پشتی سەری
باڵایەک بێت
بەقەد شەم بێت..

٢٠٢١/٢/١٤

# دەبووم بەشوان...

جێی پەنجەکانم،
بە قەدی چناری حەوشەکەتانەوە دیارە،
کە تەڕ دەبێت!

تەنها فرمێسکی تۆ ژیانم لێ دەستێنێ؛
پێکەنینت دەمژێنێت!

قژی هەموو ژنێک جوانە؛
هی تۆ داسووی گوڵە گەنمی،
قەندەهارییە،
کە با دەستی بەسەردا دێنێت !

تەنها جۆگەلەی
نیوان دوو منارەی سەرکێوی باڵات،
شەرابی گیانم،
دەکاتە شووشەی دڵت!

له ئەلبوومی کۆنی،
یادەوەریمدا؛
تەنها ڕۆژانی بێریم بیرماوە؛
له پەچەی نێزیک ئاوایی،
لەبەر تۆ،
دەبووم به شوان!

جاران،
چاوشارکێمان دەکرد؛
که خۆت دەشاردەوە،
لەدالان و،
لەژێرخان،
دەگەڕام بەدوای،
بۆنی مێخەکی ملوانکەکەتدا!

گوڵم بەچەپک ئەچنی،
تۆدەچووی بۆ مەکتەب؛
نیگای منت دەبرد،
لە شوێن پێکانتدا!
ئێستا بەم پیریە،
چۆن ئەتوانم بێ تۆ بژیم؛
تۆ کەرتێکیت
لەسێوی سنگم دا!

٢٠٢١/٢/١٦

# ختووکە

هەموو شتێک جوانە
ژیان نەبێت

لەم بازاڕی هەڕاج کردنی ژیانەدا
لەم توانەوەی هەست و سۆزەدا

ژیان گەڕە لاوەژێیەو
کەمتیار دەمی خستۆتە لەش و لاری

لە بنەڕەتدا ژیان خۆشەویستە
کەچی ئێستا قێزەونە

ژیان:
ئەو شتەیە ڕقم لێیە

ژیان
بۆمن هەمووی ئازارە
ژیان:
بۆمن هەمووی ئازارە

بەم ڕۆژگارە
کۆچەڵەی دارەبەنی ڕۆحم هەڵدەگرنەوەو
کۆچەڵەیەکی ترم لێ دەدەن

ڕۆحم بەدەستی ئەم ژیانەوە
ئاگر لەهەناسەی دێتەدەر
دەبڵێن ئیتر
ژیان بۆ من
چی مانایەکی تری هەیە

لێرەوە هەر لە دووریت دەڕوانم
لە باڵکۆنە بچکۆلەکەی ماڵەکەم

*بارتەقاس بوون*

لەسەر کورسییەکی مۆدێل کۆن
دەڕوانم بە لاپاڵی
کەژەکەی ئەو بەرماڵەکەمدا

دەڕوانم بە دار
کالپتۆزەکەی حەوشەکەماندا
کە سەرما گەڵاکانی تەزاندوە

هەر بە فوویەک
کە ڕەشەبا لێی دەدات
گەڵا گەڵا دەکەونە خوار

کەچی خەمەکانی من ملۆزمن
بەهیچ شتێک هەڵناوەرێن
دەتۆ وەرە فوویەک لەڕۆحم بکە
بەڵکو منیش بکەومە خوار
لەوێ مەدالیایەکی شین وەربگرم..

٢٠٢١/٢/١٩

# باوەشی شینت

خودایە خەریکی چیم
ئەم ئاسنە ساردە چییە دەیکوتم
ژیان!

ئاڵاوە لە ملم
پەتی سێدارەیە
بوون
ئەم جۆرە لە ژیان!

گڵەبانی ئەم کۆڵیتە بچکۆلەیە
بێ دڵۆپە ناکا
گێڕان
بەم چەشنە ژیان!

زەردیی پاییز
ڕۆژێک لە زستان کەم ناکاتەوە
ئازار بباریێت
کامەیە ژیان!

چێژی سوێری وتاڵی
ئەوەندە زۆر بێت
شیرینی گندۆرەیەک
چی تامێک دەدات بەژیان!

پەپوولە بەو ناسکییەوە
چۆن دەگاتەوە دەربەند
با لەوێوە هاتبێت
بەم سووتانەوە ژیان!

لەم توانەوەیەی مندا
دوا دڵۆپ کەی دەکەوێتە خوار
یان بڵێی جارێک
هەڵمی شینی شێوەت بنۆشم
لەجیاتی ژیان!

کە تۆ ژیانی من بیت
چۆن دەبێ هەڵبخلیسکێ
گالیسکەی تەمەن
وەک شووشە چۆن ئەبێ بشکێ
ژیان!

گەردوون بۆ دەبێ
شێوەی وا زەرد بێت
بەو چەشنە شینایی
ژیان!

وەرەوە
مۆمی تەمەنم کەوتۆتە کزی
با نەکوژێتەوە بەفویەک
ژیان!

باوەشی شینت
بۆچی ناهێنی
نەوەکا بمرم لێرە
بێ ژیان!

٢٠٢١/٢/٢٠

# ئیمپراتۆریەتی تۆ

له تێپەڕینی هەموو چرکه ساتەکاندا
بیرت دەکەم
بووی بەدوانه لەگەڵ هۆشم

دەستم دەنێمه بینی ژیان
تووڕەبێت و جیابێتەوه

وەک ئاوی بەخوڕ ئەڕۆم
وا تێکەڵ بووی له خاکمدا

لەهەموو سانتێمکدا به تواوەیی
هەزاران جار
ئەچیتەوه ناو دەروونم

بەشم وابوو
فرمێسکی وشک دەڕێژم
تۆ دووربە لێم با نەسووتێت
تەزووی ئارەزوی ژینت

دەمەوێ لەبیرمکەیت
کەچی ئەبیت بەکل
لە کلدانەکەی باخەڵمدا

چاوم بە بەفری سپیت دەکەوێت
بە کلچێو ئەتهێنمەوە بەچاومدا

کەچی تۆ دێیت
دەسەڵاتی من دەشکێنی

دەمخەیتەوە ناو

پەردەکوللەی باوەشتەوە

ڕۆحی شینت دەئاڵێنی

لەگیانمەوە

دەیسەلمێنیت

ژمارەی تۆ

لە ناو خەیاڵمدا تۆمارە

ناسڕێتەوە

مەرگ دایپۆشیوە

جەستەم بە ژەنگی دێرینت

هەڵمی شینت

خوی داوە بەسەر هەورا

بگاتە لام

وەکو باران بباریێت
بەسەر قەرسیلی سەوزمدا

دەزانم بووین بەدوانە
وەک مانگ و ڕۆژ
بەدوای یەکدا دەخولێینەوە

ئیمبراتۆریەتی تۆ
بەجۆرێ گەشتۆتە دەسەڵاتی من
بۆ ئەم حوکمە
مافی تەمیزم نەماوە

کێلونی دەرگای
ئەم ڕەوەزەی خەیاڵەی من
ژەنگ گرتوویێتی ناکرێتەوە

ستایڵی جوانیت
پێشانگایەکی شێوەکارییە
تابلۆکان ژمارەیان تەواو نابێت
لە هۆڵی کافتریای خەیاڵمدا
کراوەتەوە

لەسەر هەموو تابلۆکان
کۆپی پەیسی شێوەت
بەقەڵەمی ڕەساس کێشراوە

وتم لەبیرت دەکەم
با لەوە زیاتر
نەچۆڕێیتە ناو چاومەوە

لەوێسگەیەک داتدەگرم و
خۆم لەم خەیاڵانە دەدزمەوە
کەچی دەبیت بەدارستانیک
لە ئەپارتمان
لەژماردنت نابمەوە

دەبێت بەگەردوونێک
هەسارەی زەوی گیانم
بەدەورتدا دەخولێتەوە

تۆ باڵا پۆشیت
لە ڕەنگی برۆنزی
جەستەی منیش
لە خۆڵەمێشی هەڵکێشراوە

هێزی کێشکردنی گیانت
بۆ هەر کوێیەک بچم
ڕام دەکێشێت
بووم بەنیشتمانی گریک
پڕم لە ئاسەواری تۆ

شارستنیەتێکی لە جیهاندا
زەمەن زەمەن دەمگێڕیت
منیش گۆزەڵەیەک بەشانتەوە

توخوا بەسە
ئەم گرفتار بوونەت بەمنەوە
پەلم بەردە

با بکەومە گۆڕستانی زەردە
مەیل بڕت بم
لەو شەبەنگە شەکەرییەت
جیابمەوە

ئەم نهێنییە چییە
وا مەستی کردوم پێتەوە

یان گەشتێکی بێ کۆتایە
مەتەڵە
بە ئاسانی هەڵنایە

لە کۆمەڵگای یادەوەریمدا
بەکلیک لەسەر سڕینەوە
گڵۆپی شێوەت
ناکوژێتەوە

لەخۆبایی بوون نییە
ئەم دوانەیە
بەنەشتەرگەری پزیشکیش
جیانابنەوە

چڕ بوونەوەیەکی نادیارە
ئەم بەرهەمەی لێ کەوتەوە
با ڕەنگەکان نەشڵەقێن
دەڵێ جیا نابمەوە

تێکەڵ بونت
ئەو هەموو هارمۆنیەی دروستکرد
لە وەنەوشەیدا

بەڵام هەر دڵم نایە
بتبەم بۆ مەڵبەندی ئازارەکانم
لەگەڵ خۆمدا

توخوا با ئاشنایان نەبیت
بڕۆ لێم دوورکەوە
تۆ چی خەیاڵێکیت لە مندا

چەخماخەی تاڵی
گەردوونی منت بەرکەوێت
چی بکەم

هەموو وشەی ئەم جیهانە
هەڵبڕێژم
جێگەی جوانیت ناگرێتەوە

مردوویەکی زیندوم
بڕۆ با پریشکی منت
بەرنەکەوێت

پێداگری مەکە
دەزانم تازە بەسەرمدا
تواویتەوە

لەباخەڵی دڵمداماڵی بوە
کۆتری دڵت

کڵۆی شەکرە شێوەت
دڵم نایە بەدەم تاڵی
ئەم ژیانەوە
بتکرۆژم

نەوەک ببێت بەڕاست
بێ تۆ چۆن بچم
بۆ سنوورەکانی لەزەت

دەمەوێ نەبیت بە ڕووبار
کەشتییە شێتەکەی خەیاڵم هەڵگریت

با توشی مەینەت نەبیت
لەم دڵە ڕاوکێیەی مندا
خەم بخۆیت

دەزانم مەستی مۆسیقای
هۆشی یەک بووین
لەم پێکەوە بونەدا
جودایی ئاسان نییە

بەقسەم بکە مەیە لەگەڵم
با هیچ نەبێت
تۆ گوێت لە فلووتی مەرگم بێت

لە چرکە ساتی خوێندنەوەی تەڵقینم
لەسەر گۆڕی تەنیاییم دابنیشە

لەهەوری چاوەکانت
تیر فرمێسکم بۆ برێژە

با نەڵێن عاشقێکی بێکەس بوو
بەبێ ناز ئێرەی بەجێهێشت

داد پەروەر بە
بمدەرە دەستی مەرگ

مەیە لەگەڵم
دوای تۆ ژیان
مانای بوونی نامێنێ

بێ تۆ چی لە ژیان بکەم
تۆ لە من گرنگتری
چەند خۆشە ئەم خەیاڵبوونە
بەچەپکی ڕژاوی خۆری جوانیتەوە!

٢٠٢١/٢/٢٣

# گەڕان

لەبازاڕی لەنگەشدا
دەگەڕێم

بەڵکو لە گیرفانی ڕینکۆتێکدا
نامەیەکت جێ هێشتبێت

یان وێنەیەک
بۆ یادگاری
ناوو ڕۆژی چرکاندنی
لێ نووسرابێت

ئاخر گوڵم
جارجار سەیری
جلە کۆنەکانم دەکەم
یا جزدانەکەی بەرباخەڵم

هەر بەتەمام
ناونیشانت بدۆزمەوە
کوێ بگەڕێم
دوور یا نزیک

دە وەرەوە
ڕۆژێک ئەمرم تێر بۆم دەگریت
سوودی نابێت پەشیمانیت

هەرچی وێنەی یادگاریە
کۆیکەیتەوە
نایەتەوە ڕۆح و گیانم

دەبێرەوە
باخچەی ئەم مەڵبەندە شێواوەم
کەسک کەسک بکەرەوە..

٢٠٢١/٢/٢٤

# بەدەم چاوەڕوانیتەوە

لەکەیەوە چاوەڕوانین
لەم هەیوانە بچکۆلەیەدا
خۆم و دڵم
کەچی ئاهێک بەدڵتا نەهات گەڕێیتەوە

سەرێک لەم هەوارە کۆنە
لەم جێژوانەی جاران
بدەیتەوە

ئیتر بڕیارمدا
گۆچانەکەم بکەمە ملی
نیرگەیەکی ڕزیو
لەم بەرهەیوانەدا

چاویلکەکەشم جێبهێڵم
لەسەر تاقێک
لە تاقەکانی ئەم کەلاوەیەدا

پەڕاوەکانیش
لەسەر جێگەکەم دابنێم
پەڕو حبرە ڕەشەکەش
جێبهێڵم لەو ناوەدا

دەزانم سەختە
جیابوونەوەی ڕوبار لە خاک
گیان چۆن دەرچێت لە جەستەدا

بڕیارمدا ژمارەی
ڕۆژو هەفتەو مانگ وساڵ
نەهێڵم  لەبیری خۆمدا

ئیتر شیعریش نەهێنم بەخەیاڵمدا
نەیان نووسم لە پەڕاوەکانیشدا

بڕیارمدا ئێرە جێبهێڵم
لەگۆشەیەکی شاراوەدا
نیشتەجێ بم
کە دەستم بەتۆ نەگات
لەم وڵاتەدا

بچم لە باخێکدا
لەبەری دارێک بخۆم
بۆ شوێنی ئادەم
بابە گەورەم بەرێتەوە

ئیتر لەم دۆزەخەدا
من ناژیم
کە تۆی لێ نیت
پەشیمان نیم
هەتا تیشکی ئاڵتوونی ڕووت
نەڕژێتە ژیانمەوە

چی ئاهێکە بێ تۆیی
دەڵێی مەرگ ونیکردوم
وا لێرە توامەوە
بەدەم چاوەڕوانیتەوە..

٢٠٢١/٢/٢٨

# شەوە نارنجییەکان

ئەم پردی پەیوەندییە مەپسێنە
کۆتری چاوم
بابتوانێت پەڕێتەوە

لە ئاوەدانی تۆدا نیشتەجێ بم
باڵەکانم بکەمەوە

پیاسە بە دارستانی سەوزدا بکەم
ڕۆژ ژمێرێک لەیادگاری
حەوت سەد ساڵ
پڕ بکەمەوە

باسی گوڵە پرتەقاڵییەکانی
سەر کراسەکەتی تێدا بکەم
چرکە بەچرکەی ئەو هەموو ساڵە
بنووسمەوە

ببم بە نووکی قەڵەمی لێوت
لەگەڵ ماچەکانتدا بتوێمەوە

گرنگ نییە
بەکلێنسێک بمسڕیت و
بمخەیتە ناو جانتاکەت
یان باخەڵتەوە

دڵم مەشکێنە
ئەم پەیوەندییە دێرینە بابمێنێت
نیگات چێژی
چاوشارکێی شەوە نارنجیەکانم
بەبیردا دێنێتەوە..
٢٠٢١/٣/١

# گۆڕستانی زەرد

خۆی گۆڕستانێکی زەردە ژیان؛
بەبێ تۆ،
چێژی ئەوەندەی تر تاڵ بووە!

هیچ لەبنەڕەتی ئەم بوونە تێناگەم؛
لەسەر تەوەری خۆم نەماوم،
گەر تۆکێشم نەکەی!

ئاڕاستەی ژیانم گۆڕاوە؛
بوون،
ئەوەندە بەتۆوە خەریکی کردوم!

لەگەڵ چەرخی ئەم گەردوونە،
ئەوەندە خولامەوە؛
ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای تێکەڵ کردوم!

پۆلە لەباڵندەی خەیاڵم،
مەست بووە؛
لەدورگەی ئەم ژیانە تۆراون!

کەشتییەکەی نوحیش نوقوم بوو؛
بپەڕینەوە بۆ وڵاتی سەوز،
لەداری زەردم ئاڵاون!

ئەم باخە بێ بەرهەمە چی لێبکەم؛
پێم ناڵێیت،
لە جێهێشتنی بەولاوە!

لەباخی پڕ خێری تۆ زیاتر؛
بۆکوێی ببەم،
هیوای گەشتی ئەم خەیاڵە بزرکاوە!

٢٠٢١/٣/٥

# وەرزی نێرگز

لە چی ترسای:
بای خەیاڵت
بۆ وڵاتی من نەهێنیت

خەمی زەردی ئەم پیرەدارە
هەڵوەرێنیت..
لەچی ترسای:
سپێدە تیشکەکانت
بەناو چاوما هەڵبڕێژیت

بۆ نەبوویتە نەرمە باران
ئەم پشت ئاوە بخوسێنیت

بەم زستانە لەگەڵ خۆتدا
وەرزی نێرگزم بۆ بێنیت..

٢٠٢١/٣/٦

# دادپەروەری

بۆ وادەکەیت
وەکو ئەوەی چاکەتەکەت فڕێ بدەیت
منت خستۆتە زبڵدانی فڕێدانەوە

ڕێگەم نادەی پاساوێکت بۆ بهێنم
دەمژمێرێک لەلام نابیت
سنگم یەکالا بکەم بۆت

ئەوسا حاکمانە
بڕیارێکی حەکیمانە
لەسەر تاوانەکەم دەرکەیت

گەر دەمکوژیت هیچ نەبێ
جەلادێکی دادپەروەر بە

ملم لە تاڵی موو باریکترە
لەهەرچیدا هەڵەشەیی دەکەیت
لەم بڕیارەدا نا

مەجازت لەدەست مەدە
کەی تاوانە من شێتی تۆم

تۆ خاکی ئەندێشەم بوویت
تۆ ماڵێک
لە خۆشەویستیم بوویت
تووڕەیی لەتۆنایەت

مەبە بەیاریگەی تاوانکاری
من بارساییەکم
لە خۆشەویستی تۆ

که بێ دەنگم
ئەتوانی بم کەیت بەقوربانی
چاوەکانم پڕ بکە لە کل و
سەرم لەسەر ڕانت دانێیت..

٢٠٢١/٣/٨

# شه‌وگاری درێژ

گیانه‌كه‌م شه‌و ته‌واو نابێ
بێ به‌یانه
وه‌ره وه‌ك خۆر لێره هه‌ڵبێ

وڵاتی من
هه‌مووی زستانه بێ تۆ
وه‌ره وه‌كو به‌هار
با ئێره هه‌مووی شین بێ

كه‌شتی دڵم له سینه‌مدا
بێ كه‌شتیوان
به‌ده‌م باوه پیاسه ده‌كات

له ده‌ریاچه‌ی سینه‌ت بڕاوه
ماسی ڕۆحم ته‌پاوتل ده‌كات
خۆی بخاته حه‌وزی لێوت

مۆسیقای گیانم
بە بوونتەوە دەلەنگێت

نیگای چاوم
هێشتا بۆ ڕوخسارت دەگەڕێت

ئیتر مۆڵەتێکی بەسەرچووم
ئەم ڕێبواریەم پێناکرێت

وەک بینی ئاو
لەبێ تۆیدا دەلەرزم
کافر بەحاڵم ئیسلام دەبێت

تێناگەم بۆ
ئیتر ڕۆحم
دەستبەرداری گیانم نابێت..

٢٠٢١/٣/١٠

# چەپکی خۆشەویستی

تۆ:

ڕووناکی لابردنی

پەردەی سەرشانۆیەکی

کە لە شەفەقەوە دەست پێ دەکات

ئێواران:

تا زەردبوونی خۆر

فرمێسک:

تنۆکی خەمە

کە بەشلی بەسەر خاکی پەمەیی

شێوەتا دەڕژێت

شین:

میهرەجانی مەخلوقە

لەترسی مردن

خەندە:

چەپکی خۆشەویستییە

کە بەرد دەخەیتە ئاو

بە بازنەیی

لەسەر ڕووت..

٢٠٢١/٣/١٥

# سێ تابلۆ

١-

تۆ بووی بە مەم

منیش بەزین

لەناو دڵما وا شەتڵ بوویت

تەنها هۆیە دەمژیێنێت

٢-

تارمایی شینی مەرگ

لەبەر تۆیە نایەت

دەمێک بوو دەبوو بمردایە

دڵ و گیانم تۆی لێدووریت

٣-

بەباوەشی گەرمت

دەتوێتەوە سەهۆڵ بەندان

مانگی ڕێبەندان دەبێت بە بەهار

بەهاتنی تۆ..

٢٠٢١/٣/١٧

# من و تۆ

ژیان گرفتاری
گۆشەگیری کردم
خووم بە شیعرەوە گرت

جوانیت وایکرد
پێم بڵێن شێت

بۆ کەس نەگریام
تۆ منت خستە گریان

دەستەمۆی کەس نەبووم
وەک ئەوەی هۆگری تۆم

باخچەکەمان پڕە لە گوڵ
هیچیان بە تۆ ناگەن

تەنها ئەو بەیانییە خۆر دەردەکەوێت
تۆ دێیت
دەرگای حەوشەکەمان دەکەیتەوە

سێو تەنها بەو دارەوە جوانە
کە دەست دەکەمە کەمەری

چاوم دەڵێی
کامێرەی وێنەگرتنی
مهرەجانی تۆیە
بە تەنها

خۆپەرست نیم
خووم پێتەوە گرتووە
تابمێنم
خەریکم جوانیت دەنووسمەوە..

٢٠٢١/٣/١٨

# هەنگوین

چیم بەسەر هات
چۆن دڵم هات
دڵی تۆ بشکێنم

دڵم نەکەم بەسەرینت
لەناو ڕۆحما بتخەوێنم

هەردوو چاوم نەدەم بەتۆ
لە تۆ زیاتر کەس نەبینم

کە تۆ وەک هەنگوین شیرینی
بەدوای قەندا بۆ دەگەڕێم..

٢٠٢١/٣/١٨

# لێگەڕێ

لێگەڕێ با نەرمێت-
ئەو تەلارەی دروستم کرد؛
لە ناو باخی خەیاڵمدا!

لێگەڕێ-
با ئەو مەلەی دەستەمۆم کرد ؛
تەرە نەبێت،
لە هێلانەی دارستانی سنگمدا !

تکا دەکەم با هەروا بیت -
قەد پڕ نەبێت؛
کامێرای چاوەکانم-
لە بینینت!

بوخچەی یادەوەریت نەکەیتەوە ؛
نەوەک ڕۆژێک-
دڵت ڕقی لە من بوو بێت!

لە کۆنووسدا هیچ نەنوسیت؛
نەوەک لەڕابردوو ـ
وەسفی منت-
بە ڕقەوە،
لە بەرخۆتەوە کردبێت!

هەموو ڕۆژێ وەک شەپۆلی -
ڕووبارێکی زۆر سەرەڕۆ؛
تینی حەزم بۆ بینینت-
زیاتر دەبێت!

وەکو ماسی-
خۆی هەڵئەداتە باوەشت؛
بێخەم لەوەی لەئاو دوور بێت!

دەستم دەخەمە ناو دەستی-
خەیاڵی تۆ؛
تادوور نەبم لەتەزووی تۆ!

چاوم دەبڕمە ناو چاوی تۆ؛
هەتا تێر بێت-
لە ڕژانی چەپک چەپک؛
ڕوناکی تۆ!

لەم شەوە تاریکەدا-
تاڵی ئاوریشمی نیگات-
لە قۆزاخەی ڕەشی شەودا-
باخۆی دەرخات!

تەلاری بەرزی ئاڵتونیت-
ئاوا جوانە لێگەڕێ؛
بەسەر سەرما مەیڕوخێنە-
بەرگەی بێ تۆیی ناگرم!

هەموو ڕۆژێک -
بەیانی من-
چاوەڕوانی-
تیشکە وەنەوشەییەکانی تۆیە؛
بەسەر باوەشمدا بڕژێت!

لێگەڕێ هەر وابە-
هیچ نەبێ با چاوم-
لە ئاڵتونی باڵای تۆ بێت!

٢٠٢١/٣/٢١

# سەوزایی

ئەو بارانەی -
گەواڵە هەوری پاییزێکی درەنگ-
هەڵیگرتبوو!

باریی بەسەر-
گڕی گەرمای هاوینەڕێمدا!

ساردی نەکردەوە-
پەرێزی سووتاوی گیانم!

چەخماخەی هەوری-
خەستی پڕ باران؛
ڕەشماڵی سۆزی-
منیان نەجوڵاند!

لە بێ واتایی چاوەڕوانیتدا،
چۆکی مەست بوونم-
وا داکوتابوو!

پاییز وا هات-
منی جێ هێشت،
ڕادەستی کردم-
بە بەفری زستان!

کەڕەسیسەی بەفر-
وروژمی هێنا،
پۆلە پەپوولە-
بوونە پەیکەری —
سەرو ڕیشی من!

برِوام نەماوە بگەرِێمەوە-
ببمەوە مێرگی-
بن باخەڵی شاخ!

خۆم هەڵبکێشم-
لە رِەنگی بەهار؛
یان لەساباتی-
سەوزایی جاران!

٢٠٢١/٣/٢٢

# نا دادپەروەری

گوڵاوی سینەت
ئەوەندە ڕژا بەسەرما
بێ هۆش و مەستبوم پێتەوە

چاوەکانت بوون بەچرا
لەناو تاریکی شەودا
تەنها بۆ لای ئەودێت
خەیاڵم
لەبەر ڕۆشنایتدا ڕوناکبمەوە

خۆت لە ڕەنگی
برۆنزی هەڵکێشاوە
دەڵێی ئاگرێکی بەتینیت
سارد سارد دەسووتێیت
بەسەر دڵمەوە

ئەوەی شاراوەتەوە
لەدەسەڵات و مەڵبەندی تۆدا
جوانترین نادادپەروەرییە
کێشت کردووم
وا منت بەستۆتەوە
بەخۆتەوە..

٢٠٢١/٣/٢٤

# ببم بەچی!

که دەرکەوتی
هەرچی بەردی ئەوناوە بوو؛
هەموی بوون بە گوڵ!
ئەی من ببم بەچی؟
هەرکەچاومان-
بەیەکتر کەوت!

٢٠٢١/٣/٢٤

# هەرێمی جوانیت

له هەرێمی جوانیتدا
کەرتێکم پێ ببەخشە
بژیم
تا ئەو کاتەی لە گەمەی
ژیان دەکەوم

مۆڵەتم پێ بدە
با ئەوەندە نەشڵەژێم
لە نێوان خۆم و بووندا
ئەوەندە خەم دای گرتووم

ڕێگەم بدە
ماچەکانت کۆ بکەمەوە
وەک گوڵە بەڕۆژەی ڕژاون

زنجیری یەخەی
کراسە گوڵگوڵەکەت
کراوەتەوە
باسینەم بنێم
بەدەم وەرینتەوە

نەڕژێت
شەربەتی سپیت
دەمی مەلۆتکەی ڕۆحمی پێوەنێم
ئەوسا تارمایی مەرگ
کە دێت
تاڵ نییە..

٢٠٢١/٣/٢٥

# لێکدانەوەی من و تۆ

چیرۆکی لێکدانەوەی-
-مێژووی من و تۆ
-هەر ڕۆژەی دەبێت بە ڕەنگێک و
هەرشەوەی بە چرایەک!

هەرساتەو باسێک-
تەواو نابێت؛

ئەگەر هەمووی ئاگریش بێت-
مۆمی گیانم ناتوێتەوە ؟

تا دوا ماڵئاوایت-
ئەگەر ژیان شەو بێت!

بۆ ئەوەی بە پرتەقاڵی بیبینی-
پشکۆی گیانم چۆن دەسووتێت!

پرۆگرامی چرکەساتەکانی ژیانم؛
لەگەڵ دەنگی سانیە ژمێرەکەی-
سنگتدا
دەجوڵێت!

وزە لە داینەمۆی لێدانی،
ترپەکانی دڵت وەردەگرێت!

٢٠٢١/٣/٢٦

# پۆلە پەپوولەی قسەکانم

ئاڵاومەتە چەرخی فەلەک،
لێم جیا نابێتەوە؛
دەستیشم بەرنادات،
بچمە ئەودیو نەبوونەوە!

ڕەشە ڕێحانەی ڕیشم،
تاڵی ڕەشی تیا نەماوە؛
شەویلگەم هێزی جوینی نەماوە؛
ئەوەندەم سەیری،
تەلاری ئاڵتوونی باڵات کرد،
کانزای گیانم،
ژەنگی زەردی هەڵهێناوە؟

چاوم هێزی بینی نەماوە،
دنیا بەڕەشی دەبینم؛
تەنها ئەو کاتانە نەبێت،
وشەکانت ئەچێنیت،
بە وەردی شینمەوە!

وەرە ئاڵتوونی قژی زەردت،
لە پای ئەوگەڕەی،
گەردوون پێم دەکات،
تەرمی زیندوی گیانمی؛
پێ بخەرە قوماتەوە!

زمانم دەبزڕکێنێ؛
با لەو لەرزو تایە ڕزگاری بێت؛
پۆلە پەپولەی وشەکانم،
بەسەرتا بڵاوبێتەوە!

دیزاینێکی نوێم بەرێ،
بۆئەوەی خەلەی گیانم،
بەم پاییزەی  تەمەنەوە،
هەر کە هاتی ،
کەسک کەسک ببێتەوە!

لەناو کەروێشکەی باڵاما،
گەمەی ڕۆحت،
بەدەم فلوتی شەماڵەوە ؛
دەستی یوسفی دووریت،
خۆی بەسەر پیڵوی،
چاوەکانمدا بهێنێت؛
ئەو هەموو جوانیەت ببینمەوە!

٢٠٢١/٣/٢٨

# خەیاڵی بوون

بوون خۆی
لە بێمانیایدا دروست دەکات
ئەو هەموو ئازارە کۆ دەکاتەوە
گەورە تر لە گەردوون
لە دڵێکی بچکۆلەدا

شارستانیەت
جوانی تۆیە
نەک ئەو هەموو مێژووە
زاڵبوونی پیاو
دوورکەوتنەوەی خۆرە
لە پارچەیەکی زەوی
سپی بوونی من
لە تۆ

ڕیزی پەنجەکانم بەیەکەوە
بۆ داهێنانی قژت جوانن
نەک پەلە پیتکەی تفەنگ

ئەوەی هەنگوینی شیرین کرد
هەرچێژ نییە
ڕەنگی عەسەلی چاوتە

دەرکەوتنی مانگ
لە شینایی تەنکە ئاوێکدا
جوانترە لە کەوتنە دەریایەک
دەهۆڵیش لە دور دەنگی خۆشە

میرووولەی حەزم
دەمێکە خەریکی گواستنەوەی
پەیکەری جوانی تۆیە
بۆ ماڵی دلْم
برِۆیت ماڵم ویران دەبێت
بەم زستانە

پیکی شەراب
جارە جارە دەخۆمەوە
کەچی تۆی هەمیشە مەستم دەکەیت

کە تۆم خۆشویست
حەزم لە گەڕانی ناوباخ کرد
دەچم بۆ ئەویّ
کە تۆ لەماڵ نەبیت

لۆمەی شیتەڵ بوونم دەکەیت
ژمارەی ترپەکانی دڵت نەبژێرم
دنیام لێ دەبێت بەهەزار پارچە
ئەوەندە دوور بم لێت

لەوەتەی دەژیم
ئۆکسجینی تۆ هەڵدەمژم
ئەو کاتە ساتی مردنی منە
کە تۆ دەڕۆیت!

٢٠٢١/٣/٣١

# دوور بوون

که جاران دەژیام،
عەتری ڕێحانەی قژت،
لەگەڵ بۆنی،
ملوانکەی مێخەک و،
سملّی گەردنت؛
دەبوون بە هەناسەم!

برۆی کەوانت،
لەگەڵ چاوی پڕ لەکل دا،
سیحری مەست بوونیان،
لێ دەکردم!

دەست و مەچەکی پڕ لەبازنگت،
فێری سەیری،
باسکی سپیان دەکردم؛
که دەستت دەکردە ملم!

ڕەنگی ئاڵ و واڵای جلەکانت،
فێری حەزی تۆیان دەکردم؛
کە لە دوورەوە
ئەدرەوشایتەوە!

خۆم دەناسم؛
بەم جۆرە دوور بوونت لێم،
ڕێگە بەژیانم نادات!

هەربێیتەوە،
نایەڵم بەجێم بێڵی؛
با سینەی پڕ لە گوڵ و،
ڕێحانەی تۆ،
ببێتە نیشتمانی مردنم!

٢٠٢١/٤/١

# هاتنی تۆ

دڵم لە کام جۆری کانزایە؟
کە دەمێکە ناتوێتەوە!
گەرمایی تۆ،
ئەوەندە گیانم دەکوڵێنێ .
کەچی بێ تۆ ــ
هەر دەژیم وــ
بەم بێ مانابیە ماومەتەوە!
چاوەڕوانی ڕووناکی جوانیتم،
دەرکەوێ؛
هەرکە بەسەرما ڕژا.
جارێکی تر تاڵ تاڵ؛
دەزانم .
وەرزی بەهارە دێتەوە!

٢٠٢١/٤/٢

# بیرچونەوە

چەند سەختە.
بیر چوونەوەی مێژوویەک ـ
لە تۆ!

ئەو وێستگانەی ـ
گالیسکەی هەردوکمانی دەشاردەوە.
لە بیری کەم!

ئەوکاتانەی لێوەکانت-
دەرمانخانەی هەناسەم بوون؛
لەیادم چێت!

ئاخر گەردوون ـ

بەو هەموو زەردیەوە؛

چیم پێ دەڵێت!

خۆ من تازە ـ

نوقمی گەمەی-

نێو ئەو یاریە بووم!

مەگەر دڵم ـ

لەبێ تۆییدا بوەستێت؛

بڕوا ناکەم ـ

لە کەشتی باخەڵت دابەزێت!

٢٠٢١/٤/٥

# ڕۆژانی پشوو

ئەو ڕۆژانەی تۆ نابینم
واهەست دەکەم
ڕۆحم لە بەردا نەماوە
ئەو ڕۆژانە ڕۆژانێکن
درێژ و ناشرین
کە دەبنە هۆی دووریت لە من

ڕۆژانی پشوون
ئەو پشوانەی کە ناوەختن
جگە لە ڕۆژانی هەینی
ئەوەندە زۆرن
ڕەنگە یەک نەبینینەوە

تۆ داواکاریێکت بێت و
ڕەنگە منیش
مەستی دوا خەو بکات

ئەو پشووانەی
چاوە مەستەکانت دەشارنەوە
لە جیهانی من

لە پڕێکدا
دەبنە مەرگ و
یەخەم دەگرن
وەک هەوری شین

تۆ هەست ناکەیت
لە نیشتمانی مندا نەبیت
نە ئەتوانم ببم بەدەقێک
نە قژی تەڕت دەبێت
بە ئەسبابی هۆنراوە

کەچی
ئەم هەموو پشووە ناوەختە
دەبێت بەسنوور
بۆ دابڕانم

وەک ئەوەی تۆ
لە وڵاتێکی تر بیت
منیش
لە نیشتمانێکی داخراو بم..

٢٠٢١/٤/٨

# چیرۆکی ژیان

چیرۆکی ئەم  کوێرەوەریە_
سەدان شەوی ئەوێت-
بۆ گێڕانەوە؛
لە هەرکوێوە دەس پێ بکەین!

ئەم بۆرە ژیانە_
بە بڕو بیانووی مەرگ_
تێی هەڵپێچاوین!

چەند درێژ بێت ئەو پەتە_
هەر پچڕان نەتیجەیە؛
ئەم بوونە دەبێت بەخەیاڵ!

چیرۆکی هەریەکەمان_
بۆگەڕێک دەگێڕنەوە؛
هەر لە باخچەی ماڵەکەمان_
دەبێت بە هەڵمی شین _
بۆ نەبوون دەچینەوە!

کەچی هەر پڕ نابێ_
چاوی برسێتی و_
هەڵپە بۆ مانەوەی
چەند ساتێکی تر!

کە هەر دەڕۆین_
لەو هەموو ملۆموشەمان چی؟
لەم نەبوونەوە_
ئەگەر بۆ بوون دەچین!

٢٠٢١/٤/٢٠

# خلیسکان

خلیسکانی مرۆڤ ــ
لەسەر گوێسەبانەی تەپیوی ژیان ــ
بۆ هەندێک کەوتنە ناو زێڕە؛
هەندێکیش بۆناو پەل کوتان؛
هەتا مەرگ دێت!

ژیان بۆ هەندێک:
تۆپەڵە قوڕە ــ
بەپێڵاوی ناو لیتەی شارەوە؛
لێی نابێتەوە؛
چەند لە مەرگ دەپارێتەوە-
هەنگاوەکانی دووری خاتەوە ــ
پەلی بگرێت؛
کە ئەم هەر دەمرێت!

هەندێک:
زوو دەچێت-
بۆلای_
سەرۆکی قافڵەی دواین هەناسە؛
پێش ئەوەی کەشی شەستەو ڕەهێڵە_
ڕێگای لێ ونکات؛
کە ژیان وابێت _
هەر دەبێت بمرێت!

سەیرە:
ئەم کەشتییە بۆ نغرۆبوون دەچێت؛
کەچی هێشتا هەل هەلەی مەخلوق_
هەردەست بەرنادات؛
کێ ئەبینین تا مەرگ دەیباتەوە_
ورەی بەردابێت!

وەرە لەم هەموو فیکە لێدانەدا؛
با بەیەکەوە
فۆتۆیەک بگرین
لەم ئەلبومی پڕ لە کێشەیەدا_
بە ڕێکەوتێکی شیندا-
هەڵیبواسین؛
خۆ ئێمەش دەڕۆین!

٢٠٢١/٤/٢١

# سرودێکی زەرد

جاران دڵم_
لە باخێکی پڕ سێو جێ هێشتبوو؛
دەست بزێویم وایکرد_
دڵم بخەنە ناو باوەشێک دڕک و_
چەرخی گەردوونێکی_
بێکات!

هێشتا دڵم مەستی ئەوێیە و _
نەخۆشی بۆنی ئەو باخەیە؛
جگە لەگێڕانەوەی حیکایەت _
چی بکات!

گرفتاری بێدەرمانی و_
گەڕانەوەم بۆ ئەوێ_
لە کەڵکەڵەی چاوە ڕوانیدام؛
گالیسکەی ئەم چەرخە_
بمباتەوە لەو باخە_
فڕێم بدات!

ئیتر دەستم بۆ هیچ نەبەم؛
نارنجۆکی دڵم_
تەنها جارێک _
وەکو جاران_
فڕێ بەمە باوشتەوە؛
تێر تێر بۆنی پێوە بکات!

گەردوون وەکو جاران_
بەسرودێکی زەردی ڕۆمانسییەوە_
دەرگای ئەو باخەی لێ دابخات!

٢٠٢١/٤/٢٥

# ئاوزێڵ

بێ تۆ
ژیان هەموو جوانییەکانی
هەڵ دەوەشێتەوە

بێ تۆ
ڕستە مووڕووی
ڕۆژەکانی تەمەن دەپچڕێت

دەنک دەنک
لە گیانمدا زەرد دەبن و
دەبن بە دەقێکی نامۆ

ئیتر پیاسە
بە گوزەری جوانیتا نامێنێ

لە تاریکیدا
ئەوەی پێوەی خەریک دەبم
گەڕان دەبێت
بەدوای جوتێ ئەستێرەی چاوتدا

لە مەملەکەتی سێودا
بە دوای بۆنی سینەتدا دەگەڕێم
بتدۆزمەوە

لەوێ لوتم
لە ئاوزێڵی هەناسەت بەرنادەم
تا مەست دەبم..

٢٠٢١/٥/٢

# سنوور

سنووری جوگرافیای ئەم بوونە_
تاکەی درێژ دەبێتەوە؛
بەم نەبوونەوە؟
کە بوون_
دەرگایەکی داخراو بێت!

گەرمیانی ئەم خاکە زەردەی من_
کەی کۆتایی دێت؟
کە هەناسەی_
لە کوێستانی کەسکی من بڕیوە!

دەرگای جوانیت_
بخە سەر پشت؛
کە ژیانی منی تەنیوە!

دەڵێن پیر بوویت_
تازە دانایەیت؛
کەچی وا چەمامەوە-
هەتا دێیت!

کە هاتیت-
بزانە چۆن ئەتوێتەوە_
بەسەر گەرمی زەمینمدا؛
شانەی هەنگوینی گیانت!

٢٠٢١/٥/٥

# ڕەچەڵەک

پووش وپەڵاشی دەم بایە
هەندێ قسەی لووس
کێ بەدەردی پیرە دارێک بەئاگایە
چەندین ساڵە
پاڵی پێوە دەنێت
ڕەشە با!

سیخوڕی
کەی ڕەوەشتی نەسیمی بەیانە
تا گوڵ
لە سینەی باخچە بڕفێنێ
ئەو کەدێ بەنەرمی
چۆن دڵی دێت
پاڵ بە باڵاتەوە بنێت
ڕەشە با!

منم
هەر کە کەمێک دوادەکەوی
ئاوازی شینی ڕۆحم
لە ڕیتمی خۆی لا ئەدات
وەک پارچە گڵێک دەکەوم
دەچمەوە سەر ڕەچەڵەکی خۆم
خۆم دەدەم بەدەم
فووی ڕەشەباوە
ڕەشەبا!

٢٠٢١/٥/٧

# باخەکەی جاران

سەیرم کە چۆن
بووم بە گۆچانێکی چەمیوو
پیاوێکی بەساڵا چوو
هێزی هیچ ئاوازێکم نەماوە
بووم بەئۆقیانوسێکی نووستوو
لە مێژووی شارستانێتی خۆمدا
وا خەریکم
دەبمەوە بە پارچەیەک قوڕ!
وەرەوە
لەم  بێ حەوسەڵەییەدا
با ئەوەندە نەسوڕێمەوە
لەگەڵ چەرخی گەردوون
بمبەرەوە بۆ باخەکەی جاران
با بە تەنیا نەژیم لێرە!

٢٠٢١/٥/٩

# ملوانکەی سمڵ

لە بۆنی گوڵ ڕامام_
زانیم جیاوازە بۆنەکەی؛
بیری جارانم کەوتەوە_
لە تۆی دزیوە؛
ئەو بۆنە؛
توومەس گوڵ_
ملوانکە سمڵەکەی بردووی!

٢٠٢١/٥/١٤

# خەیاڵی شکاو

نازانم بەختی خۆمە_
یان شیرینی تۆیە؛
بوویت بەسێوی دۆزەخ بۆ من_
کە ئەتکرۆژم!

خەیاڵی شکاوم؛
هەرخەریکی خەونە بەتۆوە_
هەموو ڕۆژێ؛
وەکو شەکری پەرداخێک ئەزبەرید_
حەز دەکەم بتنۆشم!

با وەک شووکلاتە_
بە فنجانێک  قاوەی ڕەشەوە_
کۆڕێکی دوو کەسی ببەستین؛
تێرت لێبخۆم!

کێ وەک من ــ
شەیدای شێوەتە ؛
مەرۆ؛
با دواماڵئاوایی ــ
لە شانەی لێوی شیرینت ــ
نەکەم!

٢٠٢١/٥/١٩

# سەرقاڵی جوانیتم

تێگەیشتم:

ژیان مانای بوون نییە؛

مردن لەگەڵ تۆدا بوونە!

دەزانی:

دەمەوێ گەردوون جێبهێڵم

لەبەر تۆ دەمێنمەوە!

سەیر نییە:

کە ژمارەی ڕۆژەکانم بیر چۆتەوە؛

سەرقاڵی جوانیتم!

بزانە:

شێتیش بم ئاساییە!

بەجۆرێک لەخاچی باڵاتەوە دراوم!

٢٠٢١/٥/٢٢

# جەنگڵستانی شین

وەرە با پێکەوە گەشتێک بکەین-
تا نەمردووین؛
لەم بێ ماناییەی ژیاندا_
کە گەردوون بۆتە جەنگڵستان؛

وەرە با کەمێک_
دڵنەوایمان بدەینەوە؛

تۆ ڕازی بیت_
دەچینەوە _
بۆ نیشتمانی باپیرەمان؛
لەوێ
خەریکی سێو خواردن دەبین؛
نەک لێرە ژەهر!

٢٠٢١/٥/٢٤

# ئەرخەوانێکی مۆر

سروتەکان
لەناو جلەکانی باپیرەمدا
لەگەڵ بەرماڵێک و
کڵاوێکی سپیدا
بە جێماون!

لە کەوا لۆکەکەی نەنکمدا
لەنێو تەقەڵەکانیدا
نووستوون
لە سندوقە بۆراقەکەماندا
هەڵگیراون!

بۆیە نزاکانم گیرا نابن
بەپەیژە خوارو خێچەکەی حەوشەکەماندا
سەرناکەون
تا بگەنە لای
باگردێنە کۆتەرەکەی سەربان!

لەگەڵ دوکەڵی لوولە زۆپاکەماندا
بچن بۆ حەوت تەبەقەی ئاسمان
پاکم بکەنەوە لەم بۆگەنیە
لەم بێ هیواییە!

هیچ نزایەک
ناگاتە سەقفی ماڵەکەمان
هەڵمی تاڵیەکانی ئەم پوچیە
بۆتە تەمێکی ئەفسانەیی و
گەرماییەک نایڕەوێنێتەوە!

هەرچی دوعاکانی  دایک و باوکمن
لە نێو کەنتۆری جلەکانماندا ماون
خوشکە گەورەکەم هەڵی گرتووەو
نایکاتەوە
تابن بە داری ئەرخەوانێک و
مۆر مۆر
لەحەوشەکەماندا بڕوێن!

جوتێک کۆتر
هێلانەی لەسەر بکەن
نەترسن بیبڕنەوە
یان پەردەیەکی زەردی بەسەردا بدەن
نەک مۆر
سەوزایشی لەبەر ببڕن!

٢٠٢١/٥/٢٦

# ئەمشەو

کە تۆ ڕۆژیت_
وەرە ناو هەردوو چاوم؛
وەکو یەعقوبم؛
بێ تۆ_
دیدارت بێنە_
با بینێمە سەر بیناییم؛
درێژەی کێشاوە _
ئەم شەوە!

٢٠٢١/٦/١

# ناچاری

لە چی دەچێت_
ئەم ڕازاوەییەی ژیان؛
جگە لە تابلۆیەکی ئاڵۆز و_
بێ ڕەهەند!

کەچی بەردەوامە-
خولانەوەی چەرخی گەردوون!

بوون هیچ مانایەکی نییە؛
جگە لە بێهودەیی و_
لەوەرین؛
کێ ماوەتەوە_
لەڕەچەڵەکی ئێمە_
ژیان بۆ نوحیش نەما!

کەچی بەردەوامە-
خولانەوەی چەرخی گەردون!

چیمان هەیە لەم بوونەدا؟
جگە لە ژمارەی تەزبیحێک ڕۆژو_
ژمارەی هەفتەیەک تەمەن و_
ساڵێک ژیان؛
یان هەرنا!

کەچی بەردەوامە-
خولانەوەی چەرخی گەردون!

وێڵ بوونمان نەزانراوە؛
بەدوای چیدا دەگەڕێین؟
کەخۆمان ونبوین و_
ئاوەڵناوی مردنین!

کەچی بەردەوامە-
خولانەوەی چەرخی گەردون!

ژیان کارخانەیەکی گەورەیە؛
پڕە لە ڕەنگ؛
پڕە لە جوانی؛
پڕیش لە مەینەت؛
مستێک پێکەنین دەخەینە باخەڵمان و_
دەستمان پڕ دەکەین لە هیوا؛
ناچاریە ژیان!

کەچی بەردەوامە-
خولانەوەی چەرخی گەردون!

٢٠٢١/٦/٢

# فەنتازی

حاڵی من خراپە
ئەمشەو
تۆ لێرە نیت!

دڵم وەکو
منداڵێکی ناو بێشکەیە
لەناو چوارچێوەی سنگمدا
یەخسیرەو
بەکوڵ دەگری!

تۆ نازانیت
ئەمشەو
من لەچی حاڵێکدا دەژیم!

خەم دایگرتووم
هەرچی ئارامیم هەیە لێی سەندووم!

تۆ نازانیت
جوانیت بۆتە ژمارەی ماتماتیک و
سەرم سوڕماوە لێت!

وەک سەرخۆشێکی مەیخانە
دەڵێی مەستی مەیی خەیاڵتم!

ڕێنوسی ڕۆشتنیشم بیر نەماوە
کۆت بووم!

سەری زمان و
بنی زمانم
هەر تۆی!

وەرە بەمقەستی لێوەکانت
یان بەسرودێکی ئاڵتونی ئیرۆس!

قردێلەی ئەم شەوە درێژە بپچڕێنە
وەرەوە
بۆ ئەم نیشتیمانە کەسکەی من!

بۆخۆت لێرە یاری گۆڵف بکە
با بە فەنتازیەوە بمرم!

٢٠٢١/٦/٤

# کراسەگوڵ گوڵیەکەی تۆ

نەتۆراوم لە ژیان؛
بەڵام ژیان:
یاری دەکات بەم بوونەم!

فریای پیاچوونەوەی خۆم ناکەوم؛
ڕۆژێک نییە نەڕژێمە ناو-
مەڵبەندی فرمێسک و-
بە ناو ڕۆمانی-
باخچە کەسکەکەی سنگتدا؛
دڵۆپ دڵۆپ،
نەچمە ناو هەناسەت -
بۆن نەکەم بە عەتری-
ماندوو بوونتەوە!

ژیان:

چێژ و بوونی خۆی-

تەنها لە کراسە گوڵگوڵیەکەی تۆدا-

چڕ دەکاتەوە؛

هەتا هەبێت-

منیش دەژیم!

٢٠٢١/٦/٨

# چرکەسات

هیوام دەخواست
مرۆڤ:
لەدواساتی تەواوکردنی سەفەرەکەیدا
خێرا
مەلەکوتی مەرگ
تەزبیحی هەڵاڵەی
ئەو هەمووساڵەی
نەبپچڕاندایەتەوە
خێرا گوڵی عەنبەری لەخاچ نەدایە
مەرگ پەلەی نەکردایە
کەمێک چاوەڕوان بوایە
بەهێواشی
پەلی بۆ گیانی شاعیر:
بردایە

وەک ئەستێرە
لە شەوێکی درێژدا
تابەیانی لەگەڵیدا
بەئاسمانی شیندا
بکشایە
تا خۆر هەڵهاتن
ئەوسا دەستی هەبوونی
لەو بوونە بێمانایە پێبەردایە
با خێرا
خەم لەکڵێسای مەرگ
نەبوایە بە ئۆرگۆن
تۆڕی پەیوەندییەکانی
وەک شۆرتی کارەبا
هەموو ئامێرەکان بسووتێنێت
شاعیر:
لە پەپولەیەک ئەچێت
هێشتا نەگەشتۆتە

نزیک مۆمێکی داگیرساو

دەسووتێت

تەنها خوێندنەوەی هۆنراوەکانی دەمێنێت

لە پەنجەرەکانەوە دێنە ژوور

دەبن بەباوەشێک

تیشکی ڕژاو لە زێڕ

دەبنە تابلۆو

لە دووتوێی پەڕاوەکاندا

بەسەوزی دەمێننەوە

دوای ونبوونی جەستەو

بونەوەی بە خاکێکی زەرد

ئەو چرکە ساتەی شاعیرێک

ئەم بێمانییەی بوون

بەجێ دێڵێت..

٢٠٢١/٦/١٠

# شوناس

تۆ شوناسی:
ژمارەی ڕۆژەکانی-
تەمەنی منیت!

بەس تۆ دەتوانی:
بوونم گەرم بکەیتەوە_
لە مایکرۆی دڵتدا!
دەشتوانی بمخەیتە ناو_
زستانێکی لە بەفر سارد ترو_
لە بەستەڵەکی تەنیایدا-
سڕم بکەیت!

دەشتوانی بمکەیت بەڕەزەوان و_
هەرخەریکی گوشینی ترێ بم!

چەند جار پێم گوتی:
تۆ زێڕیت و_
ڕژاویتە هەردوو چاوم؛
بڕۆیت نابینام-
تا دێیتەوە!

بیرت ماوە گوتم_
میراتییەکەی یەعقوبم-
بۆ جێماوە؛
چیم بۆ دەنێری-
جگە لە خۆت_
هیچ دیاریەک نابێتەوە-
بەبینایی چاوم!

٢٠٢١/٦/١٢

# ئاوێنەی شکاو

تێناگەم بۆ
لەم حەیس وبەیسە
سەری سوڕماوە بەندە

ژیان چییە
بێ جوانی تۆ

هەموو ڕۆژێ
ڕەنگی زێڕینت
بەیانیان نەڕژێت بەسەر سەرما

هەرچیم هەبێت
هیچ نییە
تەنها وێڵم بەدوای تۆدا

کام ڕێگایە نزیکترەو
دوور نییە لێت
لەوێوە دێم
کە دەمخاتە ناو مەداری
خەیاڵی تۆ

سەرتاپای گیانم
بۆتە ڕەنگی پلاتینی

کەچی هێشتا گەمەی هۆشم
شەتڵی ئینجانەی ئەم بوونە
بێ بوونەیە
بۆ تۆ

بێ تۆ ژیان چییە
جگە لە ئاوێنەیەکی شکاو..

٢٠٢١/٦/١٤

# تا زیندووم..

بێ مانایی ژیان
چێژی شەوە پرتەقاڵییەکانی
بردم

تاڵییەکانی ژیان
هەرچی شیرینییەک
لە لێوتا هەڵم مژی
لێی کردم بەژەهری مار

ئەوەندە وێنەی قێزەونم بینی
جوانیەکانی تۆشیان بیر بردمەوە!

جاران ژیان بۆ ئەوە بوو
پێتبگەم !

ئاخر خودا لەقوڕ دروستیکردم
بۆیە بە فرمێسکیش دەتوێمەوە!

ئەوەی جاران حەزم لێی بوو
چاندنی حەزی سەوزم بوو
لەناو دڵتدا
کە بێیت
ئەویشم چوو!
ئەگەر ژیان
دەسکردنە کەمەرت بێت
ئەم بێ نرخییەی تر چییە!

دوایش کە دەمرم
تازە ئاهەنگی ماتەمینی و
چلەو ساڵانە چییە
کەزیندووم ماچێکم بدەرێ!

دەزانم دەڕۆم و
هێشتا لە هیچ تێنەگەیشتوم
ئەوەندە نەبێ
کە لە جوانیت بێ بەشم!

زانیم ژیان پڕە لە جوانی
بەڵام بۆ من نا
بوونم مانای چییە
کە زەمەن دامبماڵێت لە تۆ
لە گەنجێتیم!

سوکنایی دڵم نایەت
لای تۆ نەبێت
بۆیە نزای گەڕانەوەت دەکەم!

یان با ئیتر ئالودەت نەبم و
بچمەوە بۆ ماڵە زەردەکەم!

٢٠٢١/٦/١٤

# شەرابی هەناسەت

کە هات پێم وت
تۆ ئەو فریشتەیەیت
لە دواساتەکانی ژیانمدا
بوویتە گۆچان!

تۆ
وەک ئێوارەیەکی پرتەقاڵی
ڕژایت بەسەرما!

تۆ
چاویلکەیەکی پزیشکی بوویت
هەرکەچاوم کەوت بەچاوت!

تۆ

ڕژانی چەمێکی مەنگ بوویت

منت خستە ناو باوەشت و

لەبەلەمی ئاوزێڵی سینەتدا

خەیاڵ ببووم

بەشەکری هەناری لێوتەوە!

باڵەکانم

جووتێ سەوڵی بێ ئاگابوون

بۆ دەربەندی

پەپوولەیان دەبردم

لەو جۆلانەیەدا شل کوت بووم

هێشتا خەیاڵی

دوا تنۆکی شەرابی هەناسەتم..

٢٠٢١/٦/١٦

# فنجانێک لە ژەهر

ئاوازێکی پڕ جۆشە_
لە کەمانێکی ناسک_
بوون؛
مانای چی-
بەم هەموو پەژارەیەوە؛
ژیان!

ژیان بتڵێک شەراب بێت_
بەچەند ژمارەیەک کۆتایی بێت؛
لە کردنەوەی قۆپچەی کراسەکەت_
بۆ پەلە نەکەم؛
تا نەخراوەتە دوومەتر خامەوە_
باڵات!

خۆم بە تۆ بەخشی_
کەچی تۆ هیچ؛
بۆیە وێنەکەتم کردووە بە تاتۆ_
لەسەر لای چەپم دامناوە؛
جوانیت!

بوون هەموو جوانیەکە_
لەگەڵ تۆ؛
بێ تۆ:
فنجانێکە لە ژەهر!

٢٠٢١/٦/١٨

# بەعەتری جوانیتەوە مەستم

تارماییت:
وەکو ڕژانی تیشکی خۆر
بەیانیان لەگەڵ
پرچی زەردت
باوەش بە گیانمدا دەکەن
بژیم!

ئێواران:
وەکو دەریایەکی پرتەقاڵی
دڵتەنگیم
دام دەپۆشێت بە تەنیایی!

شەو:
دەبیت بەدەریایەکی شین
لە کوژەکەیەکدا
کۆدەبیتەوە
دەبیت بە چاوەزار
بەسەر دڵمەوە!

پێش نووستنم:
جووتێ ئەستێرەی چاوت
خەیاڵم
لەناو پلازمای خوێنمدا
دەوروژێنێت!

کوتوومەس:
بەعەتری جوانیتەوە
مەستم!

٢٠٢١/٦/٢١

# ڕێکەوتننامە

لەم بوونەدا:
توامەوە وەکو چەوری مۆمێکی کۆن_
ئەوەندە سووتام بەبێ تۆ؛
جارێک بریسکێکت دەرکەوت_
ژیامەوە!

کوژامەوە وەکو چرایەکی بێ نەوتی_
سوچی دالانێکی تەنگ؛
گەش بوومەوە_
جارێکی تر داگیرسام_
هەر کە هاتیتەوە بۆماڵەوە!

ئاڵتوونی جوانیت هەرکەدەرکەوت_
وەکو مانگ_
نیشتیمانی گیانم زەرد بوو!

جێم نەهێڵی جارێکی تر_
بەرگەی بێ تۆیی ناگرێت_
پەیکەری بەفرینی من؛
سەد ئەوەندەی تر بەفربم_
بەرگەی سووتانی دووریت ناگرم؛
سارد نابمەوە!

تۆ شەوببە بەچرایەک بۆ من و_
بەیانیان شارێک ڕوناک بکەرەوە؛
با بێ تۆ_
لەتاریکیدا نەبم؛
ئیتر:
ئەم ڕێکەوتننامەیە ڕاگەیەنە_
با بەم بوونە پڕ پەژارەیەوە_
نەمرم!     ٢٠٢١/٦/٢٤

# کوێستانی سەر

دەزانم تۆ (شەم)یت و  منیش (مەم)ــ
ئەم هەموو گەڕانە کەی تەواو دەبێت؟

وا بووم بە پیری ئاخر زەمان؛
کەی دێتەوە بووکی بەهار؟!

هەر ڕووداوێک کاتی بەسەرچوو-
دەڵێن ڕۆیی وەک بەفری پار!

بەڵام گیانە زستانی منــ
چاوەڕوانە جوانتر لە پار ــ
تۆ بێیتەوە!

لەسەر کوێستانی سەرم داتبنێمــ
نەهێڵم جارێکی تر بتوێیتەوە!

٢٠٢١/٦/٢٦

# باخی ڕەز

بەدیار سەماوەری زەردی باڵاتەوە
پیاڵەی دڵم ڕاوەستاوە!

ڕۆحم پڕکەیت لەشەکراوو
دڵم وەک پێکێک شەرابی ئاڵ
مەست مەست بکەیت!

هەردوو چاوم بخەیتە ناو
عەجانەی خەیاڵتەوە
گێژ گێژم کەیت!

تێر نابم لە خواردنەوەی
شەرابی تۆ
تۆ هەم ڕەزیت و
هەم ترێیت..

٢٠٢١/٦/٢٧

# دانی زێڕ

ئەگەر لەم دنیایە
بەشێک نەبم لە تۆ

بەشێک نەبم لە باخ و
گوڵێک نەبم لە چەپکێک

یان هیچ نەبێت
وێنەی پەپوولەیەک نەبم
بە کراسەکەتەوە

جووتێ گوارە نەبم
بەنەرمایی جوانیتەوە

نەبم بەسەرپۆشێکی سپی
بە تەمەنی خانمیتەوە

نەبم بەددانێکی زێڕ
لەناو شیلەی جوانیتدا
بریقەم بێت

بەڤالیۆمی هیچ پزشکێک
دەمارگیریم نەرم نابێت

لە مۆتێلی دەسەڵاتی مندا
جگە لە دەسەڵاتی تۆ
هێزێک نابێت حوکم بکات

خۆم نادەمە دەس هیچ دادوەرێک
پانتایی هزری تۆ نەبێت

دڵم بەچی خۆش بێت
تۆ نەبیت
قێزەونیەکانی بوون نا
لەنجەت
کۆگای ڕەنگاو ڕەنگیت
بارشێڵێک لە خۆشەویستن
لەم نەوەستانەی گەردونەدا
قێز دەکەمەوە لە هەندێ بوون
کێڵگەی پڕ سەمەری تۆ نەبێت
باخی شیعری منیش بەرهەمی نابێت

خۆی هەر دنیام لەدەس چووە
چۆن دەژیم تۆشم نەبێت..

٢٠٢١/٦/٣٠

# ماچی پڕ شەکر

زیادەڕەوی نابێت_
بڵێم بوونی من_
لە جوانی تۆوە ڕەنگی گرتووە!

لە ڕوناکی ماهی ڕووی تۆوە_
شەوی من؛
دەڵێی شەفەقەو_
تازە خۆر هەڵهاتووە!

بەرامەی ئەم باخی بوونە_
بێگومان_
لە بۆنی گوڵەباخی تۆوە_
بۆنی گوڵاوی گرتووە!

ڕێسای ژیانم_
وەکو قیتارێکی دوورو درێژ؛
بەهۆی کێشی تۆوە_
ملی مانەوەی بەرنەداوە؛
هەموو چێژێکی-
بەبوونتەوە گرێداوە!

بنێشتە تاڵی قینم_
لە بێ تۆیدا تاڵتر دەبێت؛
لێم نابێتەوە بژیم؛
لێگەڕێت چیمەنی زەردم_
بەبارانی بوونت؛
شین بچێتەوە!

ڕێبوارێکی دڵخۆش دەبم_

پێک بگەین؛

لەنێو چەقی هەڵمژینی_

ماچی پڕ شەکری گەردووندا_

بخولێینەوە؛

تا بەتەواوی–

دەستمان لەبوون-

دەبێتەوە!

٢٠٢١/٧/١

# قەرارگا

واژووی کوشتنم مەکە_
لەوێش چاوەڕوانیت دەکەم!

ڕقی خۆت لێرە هەڵڕێژە_
مردن ئاوا خۆشتر دەبێت!

بۆ تێناگەی جوانیت_
هێزی لەشکری بوونمە!

لەسەر قەرارگای سنوورتدا_
ئەوەندە ڕاممەگرە؛
ماڵی ڕاستەقینەی منیت!

لەمەیخانە دەبێت-
چی لەشەراب خۆشتر بێت!

کە ڕەزی تۆ_
سەرچاوەی مەستبوونم بێت!

ڕیخۆڵەی خەیاڵبوونم_
هەر بەڕاوی-
جەستەی برۆنزیتەوە؛
بێهۆشە!

ژیان دۆستیشم_
بەسرودی دەنگتەوە بەندە؛
هەمووشتێکم بۆ تۆیە!

تۆش لەم جیهانە زەردەدا_
ڕۆژانە
ئاگری جوانیتم پیا بڕێژی!

لە کام بەستەڵەکدا؟
سارد دەبمەوە_
مەگەر تۆ لە-
بەفر زیاتر نەبیت!

٢٠٢١/٧/٤

# چاوشارکێ

کەتەنیا بم
تەنیا بیرم بۆ تۆ دەچێت
لە شەودا خەستر لە ڕۆژ!

تاریکی سییەکانم دەگوشێت
لەم ناڕەحەتییەدا!

دەمەوێت بزمارێک
بە کەللەی یادەوەریمدا داکوتم
گەر نەیەیت!

دەمەوێت بچم یەخەی کراسەکەی
لەپشتەوە نا
لەپێشەوە دابدڕم!

له باخی کێواندا
ببم به پەپووله
بۆن به سێوی گەییوتەوه بکەم!

که ڕۆژ ئاوا دەبێت
له ناداد پەروەریت
دەکوژێمەوه!

بۆ نایەیت نوری ڕووت
لەم شەوه ڕەشەدا بڕێژیت!

تا جوانیت
وەکو ئاڵتون دام پۆشێت
میکانیزمی
ئەم چاوشارکێیەم فێر بکه
چاوم لێت نەبێت کوێر دەبم!

ئەم باخەڵە خاڵییە لەبوون
ئەم شەرمەزارییە دەمکوژێت
ئەوەندە لێدانی ئۆکۆردیونی
ئەم کڵێسایە دواکەوت!

بووم بە قەترەیەک چاوەڕوانی
خزامە ناو
گومانی کۆڵێک کبرتی ڕەشەوە!

چاوەڕوانیم هەڵپڕوکا
کەی دەگەیت!

٢٠٢١/٧/٥

# گەشانەوە

لەبەر خۆمەوە وتم_
خودایە
بۆچی وا تازە خەریکم_
دەگەشێمەوە؛
تەمەن دەڕوات_
کەچی
هەر دەچمەوە سەری دێڕ؛
تومەس تۆ_
بەرێوەی بێیتەوە!

٢٠٢١/٧/٥

# پارچەیەک لە ڕووناکی

لەم بوونە ڕەشەدا_
تۆ پارچەیەک بوویت لەڕوناکی؛
ئاوابوویت و_
چاوەڕێتم لە خۆرهەڵاتەوە بێیتەوە؛
هەر نەهاتیت!

وتم بەڵکو ئەم بەهارە_
ببیت بە ماسی_
لە خوارەوە هەڵگەڕێیت_
چەم بەچەم سەرکەویت؛
بکەویتە ماشەی دڵم؛
ئاشت بینەوە؛
هەر نەهاتیت!

وتم بەڵکو ببیت_
بە دەنگی شمشاڵ_
لەوەشتەوە بێت؛
بانگێک بەگوێمدا بدەیت و_
جارێکی تر ناوم بنێیتەوە؛
هەر نەهاتیت!

وتم بەڵکو ببیت بەچیمەن_
لە شوێنگەی ئارامی خەیاڵم؛
تاقە یەکجاری تر_
سەرخەوێک لەباوەشتا بشکێنم؛
هەر نەهاتیت!

ناداد پەروەرییە؛
مژدەیەکم نادەنێ_
لە چی شوێنێکەوە دیاریت؛
نەوەک نەتبینم و-

نەمزانیبێت نابینابووم-
هەر نەهاتیت!

چوومەتەوە شوێنی_
ژوانە کۆنەکەمان؛
بۆن بەخاکەکەیەوە دەکەم؛
بەڵکو هێشتا-
بۆنی عەتری گیانتی_
پێوە مابێت؛
تێر بۆنی بکەم _
گۆڕەو نیشتمانت بدرێم؛
هەر نەهاتیت؛
هەرنەهاتیت!

٢٠٢١/٧/١٤

# هێزی شاراوە

لەم هەموو مردنەدا_
تۆ ڕۆژێک بیرت نەهات_
بێیتەوە بژیم!

لەم پاییزە دوورو درێژەدا_
نەهاتیت ببیت بە بەهار؛
نیشتمانی زەردم کەسک بکەیتەوە!

نەهاتیت سەرپۆشەکەت لابدەیت و_
مانگی ڕووت دەربخەیت؛
بوونم ئەوەندە دا نەڕمێت!

نامەم بۆ قونسوڵگەرییەکان نارد_
بتدۆزنەوە؛
بۆ کێڵگەی وشکم_
سنووورداشت بکەنەوە!

ئاگات لەم گرفتار بوونەی من نییە_
بووم بەدرەختی پاییز _
هەڵوەریووم؛
پارچەکانم کەوتوونەتە شوێن پێکانت!

دەچمەوە بۆ وڵاتە زەردەکەی جاران؛
لەوێ لە ئاڤێستاو_
لە تەورات و-
ئینجیلیشدا_
کۆڵانەکانی جارانت بۆ دەگەڕێم!
لە قورئاندا_

لە ١٧٦ ئایەتی سورەتی نیسائدا؛
٣٧٤٥جار ماچت دەکەم؛
لێم ببورە!

تۆ لەکوێیت؟
ئەم سەفەرە خۆ ئەبەدی نەبوو؛
چیرۆکی ئەم دابڕانەت باس نەکرد!

دڵت بردم-
کردت بە قۆپچەی چاکەتەکەت؛
کەی دیتەوە بمدەیتەوە!

لەم بێ ماناییەی بوونی خۆمدا_
بۆ وەڵامێک دەگەڕێم_
زەمەن وەڵامم بداتەوە!

بیر لە جوانیت_

لەڕەوەتی لەنجەکانت_

لە دەقی کراوەی شێوەت-

دەکەمەوە!

لەم مەڵبەندە تاریکەدا_

هیچ شتێک-

دڵم ڕوناک ناکاتەوە؛

ئاڵتوونی ڕژاوی تۆ نەبێت!

بێ تۆیی هەڵم دەوەشێمەوە؛

لەپرۆسەی گەڕاندا!

هەر بتبینم_
کانیاوی وشکە ساڵیم-
ئەتەقێت؛
نیشتیمانی زەردم_
شین شین دەبێتەوە!

تۆ هێزێکی شاراوەیت؛
دەتوانی بمژێنیت؛
مردنیش هەر ڕاستە!

٢٠٢١/٧/٢٢

# بای ئەجەل

میلی کاتژمێرەکەم_
کەوتۆتە بەر ڕەشایی_
مێژووی خۆرهەڵات و خۆرئاوا؛
خۆشم ڕەنگی زیوینم لێ نیشتووە؛
بێقەزابێت پەلەی چییە؟
هەر لەسەعاتی سفردا_
کارەبا دەبڕێت؛
باچایەک بەدەم_
ئۆکۆردیۆنی خەمەکانی تەمەنەوە_
بخۆمەوە؛
لەم هەرێمە شینەدا_
تا جۆزەی چاوەکانم نەنیشتوە؛
بێقەزابێت_
ئەم پەلە پەلەی بۆچیە_
لە بێ تۆییدا بای ئەجەل!

٢٠٢١/٧/٢٩

# پەناهندە

دەرمانخانەی دەردەکەم ــ
خەندەی لێو و ــ
تیلەی چاوتە؛
کە دەژیم!

پێناسەی من ــ
شینی خاک و ــ
نیشتیمانی جوانی تۆیە؛
کە تێیدا پەناهندەم!

لە ئاوزێڵی سنگتەوە ــ
پێدەگرێت و گەورە دەبێت؛
تاڤگەی بوونم!

لەوەتەی تۆم هەیت_
ژیانم لە وەنەوشەیی دەچێت؛
زمانم ڕەنگاو ڕەنگ ئەدوێت؛
مرۆڤم!

لەخەرمانی ڕژاوی هەرزن_
خراپترە؛
بەدەم باوە تۆ نەبیت-
خۆم و قسەکانم؛
لەدەرەوەی نیشتمانی تۆ_
هیچ ناوێک و_
هیچ بوونکی نییە؛
ژیانم!

٢٠٢١/٨/٧

# ڕیتمی ژیان

بەدەم شەپۆلەکانتەوە_
لەسەر لێوی دەریای گیانت_
خۆم گرتەوە؛
بە گۆی کەشتی سنگتەوە!

لە خولانەوەی زەمەندا_
کەشتی نوحیت_
دەمەوێت فریادم بیت!

ڕیتمی ژیانم تێک مەدە؛
جوانییەکانم بە تۆوەیە_
کە ڕۆژانە_
دووبارە دەبێتەوە؛
دەژیم هەتا هەبیت!

هەنگی چاوم_
بە دوای خونچەی _
لێوکانتدا دەگەڕێت؛
ئەو نەریتە تەرک بکە_
با ئەوەندە ماندوو نەبم؛
بە شیرینی دەمت دەژیم_
دەمرم؛
ئەگەر دوور بیت!

٢٠٢١/٧/٣١

# کانیلەی گوێ چەم

نەقەدەر ــ

نە مێژووی پڕ تاڵی وــ

نەڕابردووی منداڵیم؛

نە خەونە ئەرخەوانییەکانی-

دەم بینین؛

لە ژوانی پڕ لە قاقای پێکەنین!

نەشەوی پڕ ئەستێرەوــ

نە کانیاوی ڕوونی نەرم ڕەو؛

نەدەنگیــ

چۆڕە چۆڕی-

کانیلەی گوێ چەم؛

نە شنە بای تەزووی کەش و_
نە خەرمانی پڕ لە بەرهەم؛

نە دارستانی-
پڕ لە جریوەی مەل-
نەگمەی گاکۆترو_
نەفرە فڕی قاژوو؛
زۆر نەئی تر_
نەیان توانی ڕێ لە پیریم بگرن!

نەمکەن بە کلوی بەفرو_
لە زستانێکی ساردا؛
بەسەر خاکی زەردمدا نەڕژێم!

نەدیوەخانی جارانی باوکم؛
نەدەستی پڕ لە دۆعای دایکم؛
نە ئەو ماچانەی دەیکردم؛
نە ئەو سەتڵە ئاوانەی-
دەیڕشت بەدوامدا؛
نە چەندین نەئی تر_
نەیانتوانی بمگێڕنەوە
لەم سەفەری پیرییەدا!

ماوم بۆ چاوەڕوانیت؛
چونکە قەدەرم بەستراوە_
بە گەڕانەوەی تۆوە؛
چاوەڕوانی نۆشکردنی بۆنتم_
وا ئالودەت بووم؛
بوویت بە بڵێسەی خرۆشانی گیانم!

ئێواران-

لە ئاسۆی شارەکەم دەڕوانم_

مەسجێکت بدۆزمەوە؛

نیگام دادەخەم و_

دەست دەکەم بە نووسینەوەی ئازار؛

کە جوانیت دەسگیر ناکەم!

جاران:

لە باخە بچکۆلەکەی خۆماندا_

بێ دڵە ڕاوکێ _

دەخەوتم؛

خەمی تۆ ئاوا_

خوێنی نە دەمژیم!

تازە ناگەڕێمەوە بۆ منداڵیم؛
لەم کوچەو کۆڵانە تەسکانەی-
زەمەندا؛
لە بازنەی خولانەوەمدا_
دەستەمۆی جوانیت بووم؛
ئەوەندە سەرم سەختە_
پیر پیریش بم_
نامرم؛
هەتا نەیەیتەوە!

٢٠٢١/٨/٨

## ناداد پەروەری...

لەنهێنی دیزاینی ڕوخسارت_
تێ نەگەیشتووم؛
بەهۆی ئەم نێوەندەوە_
لە دووریت!

بە خەیاڵتەوە_
بۆ ئیستاتیکای دەقی کراوەت_
هەرچی دەنووسم هێشتا کەمە؛
خۆت لێرە نیت!

زەمەن_
تووشی شیزۆفرینیای کردووم؛
ئەترسم_
یاقوتی تۆشم لێ بستێنێت!

نەیەیت_
ناداد پەروەرییە؛
بەچەپک ڕوناکی چاوت_
نەڕێژیتە نیشتیمانم!

هەر چەند تەمەن-
ڕووی لە هەورازە؛
هەر بەدوای بیری منداڵیدا _
دەڕوات؛
بەگوڵێک چۆن پاییز دەبێت بە بەهار؛
لە خاکی تۆدا نەبێت!

بەدالەی پەیوەندیەکانی _
هزری من_
یان ئاڵۆزکاوە_
یان بۆتە مووره خەرمانی مەینەتی؛
ژیانم!

بەهار_
ڕێک نمایشی وەرزی خەزان دەکات؛
وشکە ساڵی _
کردوومی بە بیابانێکی کاکی بەکاکی_
کە نا بارێیت بەسەرما؛
وەکو باران!
گوزارشتی پۆستەکانت بە ئەستیرەدا بنێرە-
با بکشێن بەسەر ئاسمانی خەونەکانمدا؛
تا ڕوناکیت هەبێت_
جارێ دەژیم!

بۆنی کەنێرەی قژت_
بدەرە دەست شەماڵ_
با پەنجەی خەونەکانم _
تێکەڵی بێت؛
پیر تریش بم بەرگە دەگرم؛
دەژیم!

لەم باوەش گرتنەدا_
دەبمەوە بەمنداڵ؛
پێ دەگرمەوە-
کە وەک مەرگ و ژیان_
بەریەک بکەوین!

-نامۆیەکی شێواوم-
لەم بازنە سونەتییەدا؛
تۆنەبیت_
نازانم چی دەکەم؛
بۆچی باشم هەبم!

مشتوو مرمان لەسەر بوونە ؛
ئەگەر نەبیت_
بۆچی بژیم!

دەزانی چەند بێزارکەرە_
ئەم بوونە بێ تۆ؛
بەهەشتیش بێت_
هەموو شتێک_
ڕەش و سپی ئەبێت؛
ژیان بە تۆوە _
نیشتیمانێکە لە ئیستاتیک!

٢٠٢١/٨/٨

# وڕێنە

وەرەوە:
دەمێکە جێت هێشتووم؛
ئەوەندەم نەماوە ببم بە ڕابردوو!

دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ_
خشڵەکانت بپۆشە!
جوانیت بڕێژە بەسەرما؛
بابەیەکەوە_
لە شەقامەکاندا وڕێنە بکەین!

دەستت بکەرە کەمەرم و_
سەرت بنێ بەسنگمەوە!

لەو شوێنانەی ــ
سەرنجت ڕادەمێنێت ــ
با پێکەوە سێلْفیەک-
بۆ وەستانی ــ
چرکە ساتێکی زەمەن بگرین؛
نەوەک دیار نەمێنم؛
تۆش!

بەرە بەیانێک وەرەوە ــ
لەگەڵ ڕژانی ڕوناکیدا؛
هێزێکم پێ ببەخشە ــ
باجوان ببمەوە!

لە کێڵگەی شینی زەمەندا ــ
ئەوەندەمان نەماوە ــ
پەردەوازە ببین!

بیر لە وێنەی شێوەت دەکەمەوە؛
باڵاشت_
دڵنیام جوانترە لە جاران!

لەوەتەی بەتەنیایی_
خەریکی خوێندنەوەی سروتم؛
کەوتومەتە قەفەزێکی داخراوەوە!

بە بینینی جەستەت_
کە هاتیتەوە دەبم بەدەقێکی کراوە؛
لە دوای تۆ_
هەموو شتێک بێ هودەیە!

کات:
وەک تروکانی چاوە لەم بوونەدا؛
وەرەوە:
با پێناسەی بوونت وەک خۆی بکەم؛
جوانیشت!

مەرگ:

هەموو کاتێ ئامادەیە_

لەم نێوەندی بونەدا؛

بیر لەوە بکەرەوە-

زووتر بگەیت!

چێژی شیرینت-

لە دوورەوە ناکرێت؛

دەستنوێژم لێت نەشکێت-

نەرمی جەستەشت!

خەست بوومەتەوە لەم دووریەت_

تاقەتم چووە لەم سینەمای مەرگەدا؛

وەرەوە؛

با لە جوانیت-

تێر ببم!

٢٠٢١/٨/٩

# واتای بوون

وەرە با هەڵمی شینی
شیعرکانم هەڵمژیت
منیش بۆنت

تۆ هەمیشە شەڕ بە حەزم دەفرۆشیت
منیش ماچت لێ دەفڕێنم

لێو لێو بووم لە جوانیت
خەریکە دەڕژێمە ناو هەناسەت
تا لە سنگتدا بژیم

هەموو کاتێک نیگات نەکەم
سیمات نە نۆشم
هەنگوینیش دەبێت بەزەهری مار

بارتەقای بوون

تاڵی ژیان ئەوەندە زۆرە
ناتوانم بێ شەکراوی لێوت بم

تروسکاییەک مابێت
ناخی تاریکم ڕۆشنبکاتەوە
شێوەی تۆیە

واتای بوونم پێبڵێ چییە؟
مەرگ لەباوەشتا دەرنەچێت

ئەوەی لە بوونمدا نیشتە جێ بووە
ئاشکرایە
پەیکەری جوانیتە
منی وەک مەشخەڵ هەڵکردووە..

٢٠٢١/٨/١٣

# ڕێگای بوون

که پەنجەکانم هێنا
بۆ ناو چیمەنی قژت
پاڵ بە سنگمەوە مەنێ
سەرت بخە ناو باخەڵم
با لێدانی دڵم
هێور بێتەوە!

دەستت بگرە بەدەستمەوە
با لە ڕێگای ئەم بوونەدا
نەکەومە ناو خەمۆکییەکی شینەوە!

دەمەوێت لێرە
ببم بەئەرخەوانی مۆر
تۆش ببە بەحۆری و
ئەوێ بۆ خودا بەجێ دێڵین!

٢٠٢١/٨/١٤

# بەریەککەوتن

ئەوەندەی نەماوە پڕ بێت_
گۆزەڵەی_
ڕۆژ ژمێری تەمەن!

ئیتر بارستایی جەستەش_
دوا جار:
خەوی هەتا هەتایی دەیباتەوە!

هیچ گوتارێک_
میلی کاتژمێری زەمەن ناگێڕێتەوە!

دەستبەردارم مەبە؛
دوایی پەشیمان بوونەوەت_
خەندەیەک ناخاتە سەر-
لێوی وەریوم!

هیچ قاقایەک ناموروژێنێت؛
چاوی نوقاوم ناکاتەوە!

تەنها لێرە_
لە میهرەجانی جوانیدا_
پێدەکەنم؛
هەڵدەپەڕم؛
گۆرانیشت بۆ دەڵێم!

تا ئەو کاتەی هەڵدەوەشێمەوە_
من دەست بەردارت نابم!

تامەزرۆی ئاوازی-
هەیاسەتم؛
کە دەتبینم!

هەڕەمی بیرکردنەوەم-
تێک دەشکێت؛
لە تۆدا کۆدەبمەوە!

ڕوناکیت ڕژاوەتە-
باخچەی خەیاڵم؛
لە هەموو ساتێکی نوستالیژیامدای!

تۆی ڕاڤەی دەقی کراوەم؛
لەم جیهانەدا_
دەتوانیت شیم بکەیتەوە!

تۆ نەبیت-
دەبم بەگۆڕستانی بەفر؛
لەسەخترین کوێستاندا بم_
دەبم بە ئاو!

ئەوەندە بێکەڵک بووم_
هەمیشە خەیاڵ دەمباتەوە!

عەتری گۆنات؛
بپرژێنە بەسەرما_
با هۆشم بێتەوە!

دەرئەنجام ببمەوە بەخۆم و_
تۆش خۆت؛
وەکو دوو کیشوەر_
با بەریەک کەوین!

٢٠٢١/٨/١٧

# دەمژمێرێک

چۆن ڕۆیشتیت؟
توانیت ئاوا بەجێی بێڵیت؛
ئاگرێکی نەکوژاوە-
لەم ناو پووش و پەڵاشەدا!

بڕواناکەم دڵت ڕەق بێت؛
کە بەرد ئەبێت بەگوڵ؟
بە بینینت!

هۆکاری ئەم ڕۆشتنەت چی بوو؟
بیڵێ؛
خۆی ژیان–
هەر دەبێت کۆتایی بێت!

زەڕنە قوتەی دڵم خەریکە_
قەفەزی سنگم دەشکێنێت؛
بەو سەفەرە لە ناکاوەت_
نەبوونی خۆی-
هەڵ دەبژێرێت!

هەرچی گومان هەیە دەیکەم_
پەی بە تاوان نابەم؛
بەرامبەرت کردبێتم_
لەم بوونەدا!

بووم بە جیهانێک لە بێ مانایی؛
بڕیاری ڕۆشتنت_
بەیەکەوە-
هزر و جەستەمی تیرۆرکرد!

دەمژمێرک وەرەوە لام_
با تەمەنم درێژ بێت_
بەقەد باڵات،
خەندەشم_
بەقەد پێکەنینت!

بۆچی دەڕۆیت؟
تێرمان هەڵەوەڕی نەکرد،
بەرامبەرم دانیشیت و_
بزەی لێوت داکرۆژم!

تۆ دیار بیت_
هەموو خۆشییەکانم-
چڕ دەبنەوە،
لە جوانیتدا!

تۆ نازانیت:

پەرت بوونم کۆ دەبێتەوە_

هەرکە دەستم بەر مەچەکی_

بوونت کەوێت!

٢٠٢١/٨/٢٠

# دورگەی گۆشەگیری

چەند پارچەیەک_
لە بزوێنەری-
لەکار کەوتوو نەبێت!
لەم سکراب خانەیەدا_
چی دەچنیتەوە!

لەم میوانخانە کاتییەدا_
پیری بەدەست گالۆکێکەوە؛
بەچاویلکەیەکی_
شکاوی پینەو پەڕۆکراوەوە؛
بۆ چاخانەیەکی پڕ تراژیدیا_
بە مەستی دێت ؛
بەشکستی-
دەڕواتەوە!

سرِ سرِ:
تا کۆڵ و بارەکەی-
دەپێچێتەوە!

سەدان ڕوباری بەخورِ دەیبات ؛
چەندین جار ــ
گەردەلولی خەم-
دەیشکێنێتەوە!

لەدورگەی گۆشەگیری و ــ
لەگەڵ تەمەنێک شەودا دەژی!
چۆن کەڵەکی ڕوخاوی کۆنەساڵ-
بەئاسانی-
هەڵدەچێتەوە!

نیرگەی ڕزیوی_
سەرشانی کۆڵەکەی دار؛
کەی دارەڕای لەسەر-
دەکرێتەوە؟

لە یاداشتی مندا:
زامی ڕابردووم کراوەیە؛
بەچەپڵەی کەس سارێژ نابێت؛
مەگەر تۆ-
پیری من؛
جارێکی تر لەخاکی گیانتدا_
بچێنیتەوە!

٢٠٢١/٨/٢٢

## بۆ کچە گارسۆنێک

داوای کوپێک کاپوچینەم کرد
کە هاتیت
دەمت پڕ پڕ بوو لە گوڵاو

مەزاجم شل ببوو
لە تینوێتیدا

بەدەم مۆزیکی کافیەکەتانەوە
چووبوومە ناو تەڵەی مەرگەوە

کە هاتیت
وەک ملوانکە ئاڵتونییەکەی گەردنت
ئەدرەوشایتەوە

تاڵی ئەم بوونە
بۆتە مەیینی
پەخشی زەردە خەنەی سەر لێوت

ناگەڕێتەوە
پەپوولەی خەیاڵت
بۆ چیمەنی بەختەوەریت

بەجۆرێک نادادی ئەم بوونە
تیرۆری کردوویت
هیچ کۆمێنتێک نایبزوێنێ
لەنجەی ڕومەتی بەستوت

ژیان تاقیگەیەکە
لە ئازاری نادیار

پزیشک بێ دەسەڵاتە
پەی نابات
چی هەناسەی پێکەنینی گوشیویت

وەرە لام دانیشە
تۆ سینییەک لە شیرینیت

باڵوێزی نیشتمانی دڵم ڕاگرە
نیشتە جێی بکە
لە وڵاتی زەردی خۆت

بەیەکەوە
دەبین بەسەوزێکی کاڵ
تێکەڵەیەک
لە زەردو شین..

٢٠٢١/٨/٢٥

## مەرگ زۆر داپەروەرە

هێشتا لەسەر
سەکۆی ماڵە کەمان
باز بازێنم دەکرد
بووم بەپیرو
کەوتمە ناو جادوی ژیانەوە

لەوەتەی پەیدا بووم
خەیاڵم لای دابڕانە
بیرەوە

کەی دەبینەوە بەخاک و
پەیکەری لاشەم تێک دەشکێت

که ئێرە کاتییە و
ئەویش ئەبەدی

سبەینێ ماڵئاوایی دەکەین
بوون تەنها پێکەنینی تۆیە
کە ساتێک لەگەڵ تۆدا
گەمە دەکەم

سەنترالی پەیوەندییەکانم
تۆی
بەم کولەمەرگییەی ژیان
دڵخۆشم

دەنا مەرگ زۆر دادپەروەرە
لەم نیشتمانە کاتییەدا
مافی نیشتەجێ بوونم
لێ وەربگرێتەوە

چی بکەم لەم جیهانەدا
کە پڕ بێت لە بێمانایی
وخاڵی بێت لە تۆ
ساتێک لەگەڵمدا بیت
بارتەقای تەمەنێکە
بەڕوتی دێین و
ڕوتمان دەکەنەوە
کە دەڕۆین
لەم بوونەدا
تەنها چێژی تۆ
لە دەممدا دەتوێتەوە..

٢٠٢١/٨/٢٧

# لەپاڵ سەرما

ماڵەکەم:

تەنها بە تۆوە جوانە؛

لە تاریکە شەودا_

کە دەبیت بە چرایەکی ئاڵتونی و_

دادەگرسێیت؛

لەپاڵ سەرمدا!

٢٠٢١/٨/٢٧

# نووسینەوەی پیتەکان

له پەرتوکی ئەم بوونەدا
چەمێک خوێن و
شاخێک بەفرو
دەشتێک پڕ پڕ
له سکاڵا نەبێت
چی تۆمارکەم!

پاشگەز بوونەوەشم بۆ نییە
له بەردەم بەرداشی ئەم بوونەدا
بە زیندوویی بووم بەخۆڵ
له مەزاری نووسینەوەی پیتەکاندا!
زەڕەیەک بوونم بۆ نا نووسرێت
زەردە خەنەیەک بەدیناکەم
لەم پەرتوکەدابیرڕێژم!

ئێرە کۆمەڵێ تۆڵەی هەڵڕژاوە
لە بارتەقای مەنێ گەنم
یان سێوێکی پرتەقاڵی!

لە ڕاڤەی ئەم جیهانە بێ ناوەرۆکەدا
دەرئەنجام دەست بەردار بوونە
پۆل پۆل دێین و
بەجێی دێڵین!
دەڕۆین بۆ بەر دیوانی مەرگ و
بە پەتە بزوێنەرەکەی مزراحێن
دەچینەوە
ناو خاکێکی بێ جوڵەوە!

لێرە مەستی ئەفیونێک بووین
تا فیوزی
تەزووی ژیانمان دەسووتێت
قەپ بە دارو بەردا دەکەین
لە بیری دەکەین
ئەبەدیەت بۆ نوحیش نەبوو!

لەم پەرتووکەدا چی بنووسم
کە ژیان لە سەرەتاوە تاوان بێت و
بڕیار بێت ئێرە دۆزەخ بێت!

هەوڵی شێتگەراییش
بۆ بەهەشت بێت
ئیتر ئێرە پڕ دەبێت لە بێمانایی
بۆیە خووم بەتۆوەوە گرتووە !

٢٠٢١/٨/٢٨

## قەرسیلی سەوز

گلەیی بێت:
هەموو جارێک_
ئاوا منت بیر دەچێت؛
که دەچیت بۆ گەشت_
لەگەڵ خۆت منیش کۆبکەیتەوە؛
پریاسکەی کلۆڵیم-
لەگەڵ خۆت ببەیت؛
شامەرگ بم _
لە کۆڵ ئەم بێ دادییە ببمەوە!

ئەمە چی بیانویەکە؟
لەم زەویە پان و بەرینەدا_

له نیشتمانی بچووکی تۆدا نەبێت_
نەژیم!

عەقڵی هەرزەیم_
له خشته دەچێت!

که کامێرای هۆشم_
بەر یەکەم دیدارت دەکەوێت!

باڵەخانەی خەیاڵم_
ئەوەنده هەڵچووه پێتەوه_
توشی زەهایمەریش بم_
وەرینی ڕوناکیت بەسەرما_
هەتا هەبم ناسرێتەوه؛

حەڵقەی ترێ ڕەشکەی چاوت_
وا سەرسامم دەکات_
شەرابیش لەبیرم نەباتەوە!

ئەم شێتیەم-
جوانترین نیشانەیە!

تازە خەیاڵم یاوەری جوانی تۆیە؛
دەزانم دێیتەوە _
لە وەردی  شینی گیانمدا_
وەکو ئاڵتون؛
دەڕژێیت بەسەر خاکی زەردمدا!

لەگەڵ تەڕبوونی لێوم_
دەبمەوە بەقەرسیلی سەوز!

٢٠٢١/٨/٢٩

# ئیستاتیکای شێوەت !

لەوەتەی کەوتومەتە جیهانی تۆوە_
مەستم لەخەوێکی بەردەوامدا؛
بەبۆنی ملوانکە سملّەکەت کەوتووم!

بای گەردەلوولی تەمەنم:
لێتەوە ئالاوە_
هەتا دیار نەمان!

ون بیت:
گیانم لەبەردا نامێنێت؛
بە تەزووی تۆ دەجولّێم!

سروشتی من:
لە پێکهاتەی بارانی تۆیە _
کە هێشتا سەوزم!

لە بنەڕەتەوە داگیرت کردوم؛
بە کۆکتێلی ڕەنگەکانت مەستم و_
بەڤۆدگای هەناسەت_
دەژیم!

حەزم لە ئاوازی دەنگتە؛
بە شەوارەی ماهتم بخەیت و_
بەمەزەی لێوتەوە_
مەست ببم!

هەمیشە نیشتەجێی لە خەیاڵمدا؛
هیچی ترم بیر نەماوە؛
جگە لە چاوەڕوانیت_
هەتا تەمی ئەفسوناویت؛
بنۆشم!

تازە گیانم:
بە جوانیت بەخشیوە؛
مۆمە کۆژاوەکانی هزرم_
دادەگرسێنیت؛
هەتا هەبم!

خەیاڵی شینم:
ئیستاتیکای شێوەتە_
لەدەقێکی کراوەدا؛
هەموو بەشەکانی_
جوانی جەستەتی تێدایە_
لەگەڵ ڕیتمی جوڵەت_
هەتا دیاربم!

کەمێک پەلە بکە_
با لەسەر مێزی گفتوگۆ_
لاپەڕەکانی مێژووی _

ئەم  پەیوەندییە بکەینەوە؛
ناترسیت سبەینان-
یەکێکمان ماڵئاوایی:
لە گەمەی ژیان بکەین!

٢٠٢١/٨/٣٠

# کۆچەڵەی لێوت

با ببم_
بە قۆردونی سەعاتەکەت؛
هەمیشە چاوت لێمەو_
مەچەکت لە ملمدا:
دەموروژێنێت!

کۆچەڵەی لێوت_
وا لکاوە بە دڵمەوە؛
هەتا تەزوو لە گیانمدا بێت:
شەکری گیانم ئەڕژێتە ناو_
هەڵمی مەییوی هەناسەت!

بە شەرابی ڕەزی سنگت:
هەڵ بزرکاوم؛
بەفریش ساردی ناکاتەوە_
خاکی ڕەش داگیرساوم!

بەجۆرێک مەست بووم بە بوونتەوە-
بەس بەرامەت:
بەرم ئەدات_
کە با دەیهێنێت-
بەسەر هەستی بۆنکردنمدا!

ڕووناکیت ببینێ چاوم_
لە دوورەوە؛
جیهانیش پڕ دەبێت لە گوڵ؛
خاکی گیانم_
نێر دەبێتەوە!

هەرکە ئاڵتوونی گیانت_
بڕژێیت بەسەر خاکی شینمدا؛
سەوز دەبمەوە!

ساردی و گەرمیمان_
بەریەک بکەوێت:
گڵۆپی کوژاوەی گیانم-
هەڵدەبێتەوە!

هەتا کاتی-
کۆتا سەفەرم دێت:
سیستەمی لێڵی بوونم_
جارێکی تر دەبێتەوە_
بەچراخان!

٢٠٢١/٩/٣

# ئینجانەی گەڕۆک

جاران:

گوڵزارێکی پڕ لە گوڵی ئەرخەوانی و

پڕ لە پۆلە پەپوولە بوویت بۆم!

جاران:

ئینجانەی گەڕۆک بووم و

لە باخچەی تۆ نیشتە جێ بووم!

جاران: بە بۆی هەناسەی گوڵزارت

مەست بووم!

جاران:

بێجگە لای تۆ

هیچ شوێنێک بەڵەد نەبووم!

بەیادی جاران دێمەوە

ئیقامەی ئەو جەنەتەم بدەرەوە

ڕەتی نەکەیتەوە داواکەم! ٢٠٢١/٩/٤

# لەم هەڵایە

وازم هێناوە لەم هەڵایە؛
گەر وابێ ئەنجام بێت_
ژیان!

فێری فڕوفێڵمان مەکە؛
با پڕ نەبێت لە کەنار_
ژیان!

شەوو ڕۆژێکە؛
چێژی ناکەین درێژی_
ژیان!

مەخسەرە لەم ئوتێلە_
لە چاوەڕوانیدا پیریە؛
ژیان!

که هەر دەمرین وەرە؛
تا دێت فریشتەی مەرگ؛
بۆ لێ سەندنەوەی_
ژیان!

سەراپام هەڵکێشە لە ڕەنگی جوانیت؛
کەمیش بێت_
ژیان!

لە مانەوەم لەم کورتە سەفەرە_
بابێ تۆ نەبم؛
یەک خەم هەڵگرم_
لەژیان!

دەزانیت گیان کێشان ئاسانە_
پێکەوە بمرین!

٢٠٢١/٩/٨

## نۆستالیژیا

دەگەڕێم بەدوای
نیشانە نادیارەکانتدا
پۆستێکی جوانی لەسەر بکەم

بۆ ئەوەی کەشی خەیاڵم
پڕبکەمەوە
بەڕەنگی برۆنزیت

دەرباز ببین
لە ڕووداوە کوشندەکان
ملوانکەی خەوەکانم نەپچڕێت

وا تێکەڵ بە نۆستالیژیام بوویت
ئەستەمە دەستبەردار بوونت

لەم کەشتی سەفەرەماندا

لە نیوەی ڕێ

دانەبەزیت

لە چوار گۆشەی

جیهانێکی هەندەسیدا

جێم بهێڵیت

لەسکەی خۆم لابدەم..

٢٠٢١/٩/١١

# ماڵەکەم

بیزار بووم لەم بێ تۆییەدا؛
چەرخی ژیان-
نا مباتەوە سەر یادگاریت!

لەم خولانەوەیەدا:
ڕۆڵێتی بەختم ناگرسێتەوە_
بە سنەوبەری حەوشەکەتانەوە!

بە شێرو خەتی هیچ دراوێک_
ناتبەمەوە؛
لەیاری کڵاوێنیشدا_
بەختم_
بەگوڵ نایەت!

هەتا ببێت بە چراخان ئەمشەو_
پڕ بێت لە دانیشتوان؛
ماڵەکەم!

٢٠٢١/٩/١٧

# بازاڕی عوکاز

حەز دەکەم فولکەیەک
لای ماڵی ئێمە دروستبکەن؛
کەهاتیت با درەنگتر_
ئۆتۆمبێلەکەت تێپەڕێت؛
لەوێ دەوەستم!

ماڵی ئێمە دەڵێی بازاڕی عوکازە؛
دیوارەکانی_
هەمووی وێنەی تۆیە؛
هەڵواسراون؛
لەگەڵ تۆ مێژووی یادەوەریم!

ئەم شەو_
تێر سەیری وێنەکانت دەکەم؛
دەڵێن مرۆڤ:
خەون بە ئازیزانەوە دەبینێت!

ئەم دوور بوونەت_
تووشی شیزۆفرینیام دەکات_
نامبینیت_
بەشوێن هەنگاوە کۆنەکانتدا_
دەگەڕێم!

تۆ هەیت :
جارێ وایەری کاتەکانم_
پەیوەندیان بە بوونەوە ماوە؛
لە ژیان دانابڕێم!

٢٠٢١/١٠/٣

# کۆمێنت

دڵم بە پەنجەی لایک و ــ

کۆمێنتی پڕ گوڵزارتانــ

دەلەرزێت؛

لێدانێکی بێ وچان وــ

هەستێکی پەمەیی ــ

ڕامدەچڵەکێنێ؛

نەمرم!

٢٠٢١/١٠/٤

## سەفەر

دڵم:

بووکە شووشە نییە_

تۆی خۆش دەوێت؛

بیخەرە سەر زنجیرێک_

لە سەر سنگت؛

لە سەفەری پاییزیداین!

٢٠٢١/١٠/٦

# گیزەی با

پاییز:

با لەچک لەخاک دادەماڵێ ــ

چنار دەکات بە تەلی گیتار!

زەمین:

دەبێتە تابلۆیەکی ئاڵتونی؛

قاپوتێکی زەرد دەپۆشێت-

سروشت:

دەبێت بەمۆزیک ژەنێکی لێهاتوو!

پاییز:

گیزەی باــ

سروشت دەداتە بەرمقەست؛

جلەکانیشت!

منیش: مەست دەبمــ

لە مەیخانەی خەیاڵت! ٢٠٢١/١٠/٨

## مەجازم تێک ناچێت!

ژیان:

لە چاوی تۆدا_

پرشنگ دەبەخشێت!

بۆ بێ دەنگیشم_

دەبیت بەگۆرانی!

بۆ مردنم_

فیستیڤاڵی ماڵئاوایی!

هەر دەرکەویت:

دەبیت بە سوورەتی یاسین!

ڕۆحم:

ئاسان خۆی ئەدات بەدەستەوە،

مەجازم تێک ناچێت!

٢٠٢١/١٠/٩

# بەتریقێکی بێ باڵ

چەند خۆش بوو:
کەرەستەی یاری بوومایە؛
لە ژوورەکەتدا-
پەیکەرێکی شادمان دەبووم؛
بێ تۆ_
لەم گەردوونە شێتێک دەبم!

چەند خۆش بوو:
سورەیای بەردەم-
ژوورەکەت بام؛
یان پەردەی پەنجەرەکەت؛
نەبیت:
گەشتیارێکی خەمناک دەبم!

بێ تۆ:
ڕەهەندێکی بێ هیوا_
سەتڵە ئاوێکی ڕژاو دەبم!

تۆم هەبێت:
سەمفۆنیای ئەم گەردوونە دەبم!

نەبیت:
هەورێکی بێ شێ دەبم!

یان گۆڕستانێک؛
یان گەرمیانێکی زەرد _
یان کوێستانێکی بێ باران دەبم!

ئەوەش ڕاستە-
لە بەستەڵەکی خۆمدا دەلەنجم و_
بەتریقێکی بێ باڵ دەبم!

٢٠٢١/١٠/١٠

# قۆزاخە

دووریت:

جیهانی لێکردووم_

بەدۆزەخێکی بچووک کراوە!

مەرگ نەیەت:

چۆن ژیان بەڕێوە دەچێت؛

بەردەوام ئاگرێکی وشک بم!

چۆن دەکرێت_

تەمەنێک-

چاوەڕوانی هاتنت بم؛

بەهێواشی بسووتێم!

پاییزی من دوورو درێژە؛

چوار وەرزەی ساڵ دەوەرێم!

لە مێژەوە_
بەرهەڵستی تیرۆر دەکەم؛
بورجی بەختم هەر نەیهێنا!

جارێک میزان؛
جارێک کاوڕ؛
یان نەهەنگ بم!

لەقۆزاخەی خەیاڵ_
دەرم بێنێت؛
بێمەوە ناو_
پرۆسەی ژیانەوە!

٢٠٢١/١٠/١٠

# ژیان یارییە

لە پەخشی جوانیت_

سەرم سوورماوە؛

ئەم گەردوونە لە تۆدا دەبینم!

ژیان یاریە_

هەرتەواو دەبێت؛

لەگەڵم نەبیت ترسنۆک دەبم!

بەهار_

پێشانگای ڕەنگەکانە؛

تۆ هی جلەکانت؛

چاویشت!

٢٠٢١/١٠/١١

# چاوەڕوانی دەرفەتێکم

هەمووشتێکت لێ دزیووم-
منیش خەریکی جوانیتم؛
ئەگەر کەمێکی تر_
مردنمان دوا بکەوێت!

چاویلکەکەم  لەچاو ناکەم؛
تۆم لەگەڵ بیت_
شەویش ڕوناک دەبێتەوە!

لەم گەردوونەدا_
دەبێت بەریەک بکەوین؛
پەیوەندی بە کاتەوە هەیە؛
یەک پێناسە دەردەهێنین؛
جەوازیش!

خەمەکان_

نیشانەی بوونە؛

ژیان ئازاری تێدا نەبێت؛

هەمووشتێک تاڵ دەبێت لەدەمدا!

دڵخۆشم:

ئاوا پیرم و؛

هەر چاوەڕوانی دەرفەتێکم_

ئەو جوانیەت لێ بدزم!

٢٠٢١/١٠/١٣

# مرۆڤ نەبوومایە

زمانم بە جوانیت پژاوە؛
تا بمێنم_
هەر دەق بەسەرتا دەڕێژم!

شێت نیم:
گۆشەگیری نوسینەوەی_
ڕەنگی برۆنزیتم_
بە ئاڵتوون!

مرۆڤ نەبوومایە:
بە دەرکەوتنت _
دەتوامەوە!

تۆ بەرجەستەی_
هونەری –
خالقێکی بێ وێنەی!

لەوە دەترسم:
زۆرمان نەمابێت_
پەرتەوازەمان بکات_
مردن!

فریانەکەوم_
ژمارەکانی جوانیت شیبکەمەوە؛
لە ئینجانەیەکی زیودا!

بارتەقای ئەم کاتە کورتە_
تەنها خواردنەوەی شەرابی_
کانیاوی دەم و لێوتە!

٢٠٢١/١٠/١٣

# ماڵەکەی من

هەست:

تەنها حەزی شاراوە نییە_

کە دەبێت بەماچ؛

داد پەروەریشە_

لەنێوان من و تۆدا!

جەنگ:

تەنها گرتنە دەستی چەک نیە_

لە شەڕگەدا؛

بەتەنیا جێهێشتنی منە لە جیهاندا!

گەمە:

یاری کردن نییە لە باخەڵتدا؛

کردنەوەی پەنجەرەی ماڵەکەمانە_

بەڕوناکیت!

ژیان:
خاڵی بێت لە واتا؛
خەیاڵ:
جیهانێکە پڕە لە تۆ!

بەختەوەریمان-
لە دواخستنی مەرگدا چنگ دەکەوێت-
پێکەوە نەبین؛
بەپێچەوانەوە پێشکەوێت!

ماڵەکەی من:
بێ تۆ-
دۆزەخە هەتا دەمرم!

٢٠٢١/١٠/١٤

# پێکەنینی شیرین

لە خەیاڵمدا دێیتەوە
بەرچنەیەک گوڵە مێخەکت پێیە

چەپکێک ببەخشە
بە دەرگەوانیماڵەکەت

گۆشەگیری خەڵوەتم
پێکەنینە شیرینەکانت
دەنووسمەوە

ئاوا دوور بیت
ئەم پاییزە
بەدەقێک کۆتایی
بە بوونیش دێنم

له بێ هودەییدا
چیبکەم
بۆن به جوانیتەوه نەکەم

وا چاکه ببم به خاک
ئەگەر سێوی باخەڵت
کۆنەکەمەوه..

٢٠٢١/١٠/١٥

## قەند

بەدەم باوە_
کە بۆنی عەترەکەت دێت؛
هەڵیدەمژم؛
سووکنایم دێت!

ئیترخۆت وەرە_
با شاتووی لێووت_
لێ بدزم!

کۆتا وەرزی تەمەن ماوە؛
با لە نیشتمانی تۆدا_
بژیم!

له هەرێمی خۆشەویستی مندا_
خۆر هەڵنایەت؛
تۆ نەبیت!

وەرە با هەمیشە ڕۆژ بێت؛
ژیان بەشی_
سەیرکردنی جوانیت ناکات!

ڕێکەوت نەبوو_
کەوتیتە ژیانمەوە؛
بەرهەمی کۆکراوەی
تەمەنم بوویت!

لەم دوا ساتانەی کە ماوە؛
نوقڵی دەمت_
با بە تاڵییەوە بکرۆژم؛
کە شیرین ترە لە قەند!

٢٠٢١/١٠/١٦

## پستی مووروەکانی تەمەن

لە چرکەیەکی زەمیندا:
جێت دێڵم و،
دەبم بە خەیاڵ!

کە مەرگ لە جەستەدا_
خۆی مەڵاسداوە!

بۆ ئەوەی بەختەوەر بیت_
بوون فەرامۆشکە!

چەند کاتمان ماوە:
وەرە با بە یەکەوە بین!

ناتوانم دڵم فڕێدەم_
کە شەیدای شێوەتە!

کەمێک لە جوانیت-
بڕێژە بەسەریا؛
با ئەوەندە ئازارم نەدا!

تا نەپچڕاوە_
ڕستی-
مووروەکانی تەمەنم!

٢٠٢١/١٠/٢٠

# کێ بیستوویەتی

کەی دەتوانم-
هەموو جوانیت بنۆشم؛
کەی دەبیت بەماڵی من!

چۆن بتوانم بتخوێنمەوە؛
لێکدانەوەم تۆی لێ دەڕژێت-
لە مەرگ بترسم!

مەگەر زەمەن-
بوەستێنم؛
خەریکی مەحاڵ بم!

گەردوونی هۆشم-
پڕ پڕ بکەم لە زەردەی ئێواران؛
کە ڕا دەکشێت ئاڵتوونی گیانت!

جیهانی ڕاستەقینەی خەیاڵم-
بەهاری ڕەنگاو ڕەنگی جلەکانتە؛
کەچی خەیاڵم لای مەرگە!

ئەترسم فریا نەکەوم؛
سەراپای چناری گیانت-
لە باوەش بگرم!

کێ بیستوویەتی-
ئەبەدییەت هەبێت؛
ئەوەندە زیاتر-
بێ تۆ خۆم بگرم!

٢٠٢١/١٠/٢٢

# پرۆسەی گەڕان

هەمیشە خەریکی چنینی خەیاڵم_
بمبەنەوە بۆ یادەوەریە کۆنەکانم؛
کە کەمەند کێشی_
ناو نیشتمانی برۆنزیتم دەکەن!

جاران:
یاریم بە پەشمەکی قژت دەکرد!

با بیرت بخەمەوە_
ملوانکەکەتم پچڕاند؛
کە دەستم دا لە ئاوریشمی سنگت!

دەزانی:
هەتا ئێستاش تێ نەگەشتوم_

لە شێوەی جوانیت؛
پیتەکان نا ناسمەوە!

لەم مەودای ژیانەدا_
بەترۆپکی خەیاڵتەوەم؛
خەریکم دەپوکێمەوە!

باڵەخانەی تۆ بڕمێت_
هەرچی دەلالەتە دەکەوێت؛
جگە لەپرۆسەی گەڕان-
بەدواتدا_
ژیانم هیچ-
بیر نەماوە!

٢٠٢١/١٠/٢٤

## لەكوێ

دەبێت لەکوێی ئەم زیندانەدا:

بەهەشتێک خۆی_

مەڵاس دابێ؛

من نای دۆزمەوە!

٢٠٢١/١٠/٢٥

## دوای تۆ

ڕێگام چەند دوور بێت
خەیاڵم
دەمهێنێتەوە نزیکت

ژیان وەکو
ئەو جلانەی بەتەنافەوە
وشک دەبنەوە
دەمگوشێت

دەیەوێت دەستبەردارت بم
بەرت نادەم

ئەم ژیانەی تێیدا ماوم
گوزارشتە
لە تۆ

دوای تۆ
هیچ شتێک نا درەوشێتەوە

تامیش نامێنێ
هەموو شتێک تاڵ دەبێت

بێ تۆ
بوونم چنگ ناکەوێت..

٢٠٢١/١٠/٢٥

## دەبمەوە بە خاک

ئەم هەموو ساڵەی تەمەن ڕۆیشت؛
واتایەکم بۆ بوون دەس نەکەوت؛
تامی گێلاسی دەمت نەبێت!

ژیان:
تەنها تۆی پێناساندم_
لەم گەمەیەی زەمیندا؛
کە بوون فرە ڕەنگە_
تەنها ڕەنگی پەمەیی تۆ_
ڕام دەهێنێت!

لە ڕاڤەی ئەم بوونەدا_
هەڵ دەوەشێمەوە-
دەبمەوە بەخاک؛
هەر لە ڕەنگی جەستەت!

لە بەرهەمی ئەم بوونە تێناگەم_

بێکۆتاش بێت؛

لە فارگۆنێکدا _

لەگەڵ مندا_

سەرنشینی ئەم قیتارە نەبیت!

عەقڵم لە خشتە چووە_

بەجوانی شێوەتەوە؛

ئەو کاتە بوونم هەیە_

کە ئاوەڵناوم دەبیت!

٢٠٢١/١٠/٢٩

# گومان

له دواجاردا خۆشمان لەدەس دەدەین؛
بۆ نایەیت-
ئەو زەمەنەی ماوە_
بیکەین بە زێڕین!

لوتکەی زیوینی یادەوەریەکان_
با بەخۆشییەوە لەدەس بدەین؛
نەک بە دووری یەکترەوە_
مەست بین!

با پانتایی بەختەوەری-
بەسەریەکدا دابەش بکەین؛
لەم دوورەوە_
بەرگەی کێشی تەنیایی ناگرین!

مردن مسۆگەرە_
با بەو ئازارەوە نەبێت؛
چەند خۆشە لەگەڵ یەکبین!

٢٠٢١/١٠/٣٠

# تۆ لەکچانی تر ناچیت

لە پێش خەیاڵە پاییزیەکان_
لە پێش ڕەنگە شەرابییەکان_
هۆگری جوانیت بووم؛
بە هیچ بۆنەیەکەوە کۆڵنادەم!

لەم گەردوونە پەرتەدا:
بە کۆڵێ خەونی ئەرخەوانیەوە_
بە دواتەوەم؛
ئەم ڕێگەیە بەرنادەم!

تۆ لە کچانی تر ناچیت_
بارتەقای هەر هەموویانیت؛
دەستت لێ بەرنادەم!

هەمیشە بە خەیاڵتەوەم؛
دەبیت بە بۆنی عەتر؛

تێکەڵ بە گەرووم دەبیت؛
هەناسە بدەم!

بەخەیاڵەوە-
بەیانیان دەبیت بەخۆر؛
دەڕژێیتە ناو_
چاوانمەوە!

دەبیت بەئاو-
دڵۆپ دڵۆپ؛
تا ڕۆژ ئاوا دەبێت-
خاکی گیانم هەڵتدەمژێت؛
هەتا نیشتمانی زەردم_
سەوز بێتەوە!

٢٠٢١/١٠/٣١

## وەرزی جلەکانم

خەریکە بەم وەرزە
جلی زستانە دەردێنم
کەچی سروشت
خۆی ڕووت دەکاتەوە

شەوانێک تادرەنگ
تاریکە شەوەو
کەچی دەمانێک ڕۆژ دێتەوە

ئەم چەم و کانیاوە
دەمانێک پڕ بوون لەئاو
کەچی ئێستا گەرووی وشکە

بارتەقاڵ بوون

تاڵی دەمانێک دەڕژایە ئەم شارە
هەرشیرین بوو
کەچی ئێستا
بەشیرینی هەموو دنیا
شیرین نابێت

جاران دڵم بۆ کوێستانی ئەم وڵاتە
لێی ئەدا
ئێستا گەرمیانیشی پێ ڕەوا نابێت

بۆنی عەنبەر
جاران پێی ئەداین تەسەلایێ
ئێستا نە بە مسک و
نە بە بۆنی بەرامەی پاییز
سووکناییەکی پێدا نایەت

تۆشم نەبی ئیتر بوونم
بەکەڵکی هیچ شتێک نایەت..

٢٠٢١/١٠/٢٧

# بوون و نەبوون

هەموو شتێکم لێ بێزراوە
ئەفسوس ژیان بەو جۆرەیە
مرۆڤ ئاوا بژی

شی بوونەوەی دەمارەکانی بوون
کردومی بە مەزاتخانە
خۆم بۆ کۆ ناکرێتەوە
هەڕاجم دەکات بوون

بووم بەبووم
ئێواران بەسەر حەسارە چۆڵەکەمانەوە
لە بێ دەنگیدا-

هەرخۆمم
بەسەر گۆچانێکی ماندوەوەم
بەدەم سەیرکردنی
چاویلکەیەکی خۆڵەمێشیەوە
هیچم بۆ ڕوون نابێتەوە
لەم ژیانە تاڵەدا

بوون بێ بەهاو
زەمەنیش ناوەستێت
بەرەو کۆتایی تل دەدا

کەچی نامخاتە ناو
نیشتمانی تۆ
تۆش وەڵامی داواکەم
نادەیتەوە
نیشتەجێبم لە ناو دڵتدا..

٢٠٢١/١٠/٢٧

# فرسەت

فرسەتە:
ئەگەر دەژین_
با دەستێک دۆمینە بکەین؛
هەر دەدۆڕێین!

فرسەتە:
با مەلەیەک بکەین_
کە هەر ئاو دەمانبات؛
دەخنکێین!

فرسەتە:
با خەریکی گەمە بین؛
یاری بە جوانیت بکەم_
کەشێت دەبین!

فرسەتە:

با دەست بۆ باخی هەنار بەرین؛

با گازێک لە سێو بگرین-

خۆ هەر دەمرین!

٢٠٢١/١١/٣

# هەرەس

جیهان ساتێک هەرەس دێنێت:
کە بایەک نایەت-
بەرامەی بۆنت_
بهێنێت بەسەما!

جیهان ساتێک دەبێت بەشەو:
کە لێفەیەک لە بێ ئاگاییت_
دەدەیت بەسەرما!

جیهان ساتێک دەبێت بەزیندان:
تۆ دەڕۆیت و من لێرە؛
خەمم داوە بە سەرما!

ڕووت وەرچەرخێنە:
ژیان دەبێت بەشین؛
کە تۆ ببیت بەباران-
بڕژێیت بەسەرما!

٢٠٢١/١١/٥

# ژیانی بێ تۆیی

زەرد بوونم وەک پاییز_

ئاماژەی ماتەمینییە؛

کە دەژیم و ناژیم!

ڕووت بوونەوەم لە تۆ_

بڕینی تەزووە-

لە من؛

ئیتر بەچی بژیم!

هیچ گریێم نادات بەژیانەوە؛

بە یەکەوە نەبین؛

چیم داوە لە بوون-

کوا دەژیم!

چاوەڕێم وەک نەیزەکێک-

شەوێک بکشێم؛

بارستایشم نەمێنێ؛

کە ناژیم!

٢٠٢١/١١/٨

# شێتگەرایی

زەمەن:
هەر خەریکی دەورە؛
مرۆڤ تێیدا_
ڕاڤەی ڕێزمان دەکات؛
بە مەزاجی!

ئەم شت گەلە_
پرۆسەی هاتن و چوونە؛
گریان:
دیواری تاریکی تیا هەڵ دەچنێت؛
پێکەنین:
پەخشی ڕووناکی!

لەم جیهانەدا_

بوون عەدالەتی تێدا نییە_

لە مردندا نەبێت؛

هەمووەمان دەڕۆینەوە_

بە چوونیەکی!

ڕۆژگار:

سەبەتەی جلەکانمانە؛

لە پێش شۆردنیان_

بەلوول کراوی!

زمان:

فریومان دەدات_

بەختەوەر نابین؛

یەخەی شەیتان دەگرین_

بۆ خراپەکاری!

میژوو:

پڕە لە شێتگەرایی؛

منیش:

خەریکی کۆکردنەوەی جوانیتم_

کەڕژاوە؛

بەشێوەیەکی پرتەقاڵی!

٢٠٢١/١١/٧

## لە زێو جوانتر

تۆ شاژنی گشت کانزاکانی
لە زیویش جوانتر
سەرنجم ڕادەکێشی
کە ئاڵتوونیت!

تێکەڵ بە مەست بوونم بوویت
دەڵێی شەرابیت
موگناتیسی گیانمی و
ژیانیشیت!

بەجۆرێک شەیدات کردووم
هەر کە دزەی چاوت دەبینم
خەیاڵ دەمباتەوە
بۆ بەختەوەریت!

ڕۆژێک دیار نەبیت
خۆم لەدەست دەدەم
جیهان تاریک دادێت
تۆ لێرە نەبیت!

بازارم دەبێت بەشین
کە خۆی جیهان، ناداد پەروەرییە
پووچ تریش دەبێت
تۆشم لەگەڵدا نەبیت!

ژیان هەڵایەکی پڕ درۆیە
هەتا ئەو کاتەی
خەیاڵ بەرجەستە دەبێت
لە ماڵی ئێمە دەبیت!

بۆیە سەرم سوورڕما
کە دەرکی حەوشەم کردەوە
هەڵاوی تۆ بەسەرما هات
ماڵەکەم بۆنی خۆشەو
پڕە لە شەکراویشت!

ئاهەنگی ئەم بۆنەیە دەگێڕم
کەشین دەبێت بە خەندە
ئەو ساتەی
ماڵەکەم تۆی لێ دەبیت!

٢٠٢١/١١/١٠

# بەکریستاڵی چاوتەوە مەستم

ژیان:
چەند حاکمێکی ناداد پەروەرە_
نایەڵێ لێت تێبگەم؛
کەمێک لە کاتیشم ماوە!

پاییز:
دیزاینی ڕەنگەکانی شێوەت دەکات_
بە هارمۆنیەتی دواگەشتم؛
کەمێک بوونیشم ماوە!

جوانیت:
نایەڵێ بیر لە تەمەنم بکەمەوە_
کە بە کریستاڵی چاوتەوە مەستم؛
کەمێک کاتی میوانداریشم ماوە!

بوون:

چێژی خۆیم پێ دەدات_

با ڕۆژەکانیشی بپوکێتەوە؛

چاوەڕوانم هەر بێیت_

بۆ تۆ کەمێک

سات هەر ماوە!

٢٠٢١/١١/١٦

# ناوقەد

مەگەر بەهۆی جوانیتەوە بژیم؛
بوون:
بەشێکە لە نەهامەتییەکانی من؛
تۆ نە بیت:
دنیا دەبێت بە ڕەش وسپی!

بێ تۆ:
ڕۆژ جارێکی تر بەڕووناکی نابینم_
ژیان ئەوەندە بێ ناوەڕۆک دەبێت!

نەبیت:
پەستانم ئەوەندە بەرز دەبێت_
وەک بەستەڵەکی باکور!

هەمیشە:
بایەکی داکەوتوو دەبم_
بۆ گەرمایی ناوقەدت؛
هەر بەهیوای ئەوەی بژیم!

ئەمانە بێ تۆی بوون؛
هەبیت:
دنیا پڕ دەبێت لە باڵەخانە؛
لە سەیرانگا؛
لە ڕەنگەکانی پەلکە زێڕینە!

بوونت دەبێت:
بە دەنگی مۆزیکی خزانی ئاو؛
لە چریکەی نەغمەی باڵندەکان!

لەگەڵ تۆ:
ئەم دنیایە دەبێت بە جیهانێک_
بە هەشتە بە هەشت!

٢٠٢١/١١/١٧

# میراتگر

میراتگری جوانیتم؛
ئەو هەموو زەردیەت بۆچییە_
من نەبم!

وەرە بڕژێ بەسەرما_
تا بەیەکەوە_
ببینەوە بەخاک!

٢٠٢١/١١/١٧

# خاکی پەمەیی

پاییز:
کە با لە جەمسەکانەوە_
هەڵدەکاتە سەر خولگەی سنگت؛
پەردە لە سەر دوو قەندیل لادەدەن؛
شاخی بەفرن!

ئێواران:
کە خۆر نزیک دەبێتەوە_
لە باڵەخانەی گیانت؛
ڕوومەتەکانت_
جووتێ کڵۆی پشکۆن!

لە تۆدا:

هەموو شتێک سەرسوڕ هێنەرە؛

بەتایبەت

شەپۆلی کەناری لێوەکانت_

کە دەبزوێن!

گەردنت:

لەشەودا دەبێت بەفۆسفۆڕ؛

جوانیت ئەوەندەی تر_

خەیاڵم دەوروژێنێت!

جیهانت:

پڕ کردوە لە دنیایەک ڕووناکی!

کێ ناهێڵێت کۆچبەری گیانم_

لە خاکی پەمەییتدا_

مۆڵەتی نیشتەجێبوونی پێ بدەیت!

٢٠٢١/١١/١٨

# ملوانکەی بەفر

چەند نادادیە ئەم بوونە؛

بوون:

کراسێکی کەتان و ــ

ملوانکەیەکە لە بەفر؛

منیش:

لەهەڵمێکی شین!

٢٠٢١/١١/٢١

# باسی یاران

وەرنەوە سەر باسی یاران؛
نەوەک جەستەم_
خەوی هەتا هەتایی لێ بکەوێت!

با لەم یاریگەیەدا_
تێر وێنەی یەکتر بگرین؛
نەوەک ببین بەهەڵم _
لێرە ئیتر خۆر هەڵنەیەت!

فستقی لێوت پڕە لە شەکر؛
کەی ناوم دەنێیت_
دەمم پڕ بکەیت؛
نەوەک تەزووی کارەبا ببڕێت_
بۆخەوی دواجارمان بچین!

با نەپڕۆکێم لەوە زیاتر؛

بێ ئاگا بووم_

هەر سروەی_

بای هەناسەتم بەرنەکەوت ؛

وەرەوە نەوەک لێرە_

کۆچی دواجار بکەین!

٢٠٢١/١١/٢٤

# قەرنێک

که یەکمان بینی_
قسەمان نەکرد؛
بەڵام کتێبێکمان لە خەیاڵماندا_
نووسییەوە_
کێشەکەی هێندەی قورسایی_
یەک قەرنە !

٢٠٢١/١١/٢٤

# گۆزەگەر

نیگات دەقێکی کراوەیە؛
جەستەشت لە زستاندا_
لە بەتانی پڵنگ دەچێت!

مامۆستای بیرکاری بوومایە
تەنها گۆپکەی_
سینەتم شی دەکردەوە؛
هەتا لەدیزاینی جەستەت تێبگەم!

شێوەکار بوومایە_
پۆترێتی شێوەتم دەکێشا_
تا لە جوانیت تێر ببم!

گۆزەگەر بوومایە_
دەمبردیت _
تا لەگەڵ خۆمدا_
دەبوویتەوە بە گڵ!

ساحیر بوومایە_
جادووی ئەوەم لێ دەکردی_
کەسی تر:
سەیرت نەکات_
بە دڵ!

چەند ئازارم بدەیت_
تۆ زێڕیت و_
منیش زەڕەنگەر؛
وەکو دەریا_
جوانیت ترسناکیشە بۆم!

٢٠٢١/١٢/٩

# خەونی هەتا هەتایی

لە جەمسەری  مێژوومماندا_
سپی بووم؛
وا تەزیوە گیانم؛
نوقمی بێ ئاگایی بووم_
بە تەنیا !

مەیەڵە وا برۆم_
خەوی هەتا هەتایی بمباتەوە!

ئەوەندە یاریم کرد_
لەگەڵ خەیاڵ و پیریم؛
ناسنامەی خۆشم بیرنەماوە!

بیڕەوە:
وەکو یەعقوب؛
هچ نەبێت_
بینایی چاوم با گەڕێتەوە!

تۆ ئەوەندە دوور بیت_
لە کوێوە تینی تۆم پێ دەگات؛
بوونم نامێنێت_
هەر ئەوەندە دەژیم!

بیڕەوە:
با نەرمە بارانت_
بەسەرما بباریێ؛
گەڕێمەوە دۆخی جارانەوە!

٢٠٢١/١٢/١٧

# ڕەنگی پرتەقاڵی

هەموو ئێوارەیەک_

مەست نابم؛

لەو ئێوارانەدا نەبێت_

کە وشەکانمان _

دەبن بە ڕەنگی پرتەقاڵی؛

پێش خۆر ئاوا بوون!

٢٠٢١/١٢/١٦

# نەرمە باران

دەزانی بۆ؟
خووم بە تۆوە گرتووە !

تۆ لەباخێک دەچیت -
هەناری گوولّبەدەم؛
سێوە لاسوورە؛
گوڵە باخی گرتووە !

تۆ :
لە گزنگی خۆر دەچیت؛
خاکی تەزیوی گیانم -
لەبەر دەمتا هەڵخستوە !

تۆ :

لەباران دەچیت؛

نیشتمانی گیانم-

بێ چەتر -

خۆی خستۆتە بەر -

نەرمە بارانت !

٢٠٢١/١٢/٢٢

# لە کوێیت؟

لەوەتای تۆ دیار نەماوی:
پەروانەی بێ باڵم ــ
دەگەڕێم؛
باخچەی گوڵانم لێ ون بووە!

لافاوی سەرە ڕۆم ــ
چی دەبەم ــ
بەدەست خۆم نییە؛
ئاوزێڵی خۆم ونکردووە!

بازاڕم بێ بازاڕە؛
شیرینەکەم-
کە دیار نییە؛
خۆشی ئەم زەمینە:

جێی هێشتووم ـــ
مەودای ژینم کەم بووە!

ئای گوڵم :
تۆ لە کوێی؛
دڵی شێتم ـــ
دەستەمۆی کەسی تر نابێ؛
کەیل و دڵ تەنگم-
بەقوربان؛
هاتوو چۆکەت نا بینم؛
یا مەودای بینینم-
کەمبووە!

٢٠٢١/١٢/٢٣

## شوێن پێ..

قەسیدەیەک دەنووسم_
لە یادی تۆ؛
ساتێک جیهانی ڕەنگاو ڕەنگ_
هەرەس دێنێت؛
خۆم دەکەم بە ڕەنگی پەمەیی بۆت_
دوریش بیت لێم!

دڵم:
دیوارە هەڵچنراوەکان_
لە سنوور دەشکێنێ_
تادەگاتە ناو لەپی دەستت؛
کە هەست نەکەیت_
دووریت لێم!

ئەو ساتانەی_
جیهانی دڵم دەڕوخێ_
دێم بۆ لای شوێن پێکانت؛
لای ئاوێنەکەی ژوورەکەت_
کۆدەبمەوە؛
کە بوونی تۆ_
نزیک دەکەنەوە لێم!

بەیانیان:
وەکو جاران_
دەبم بەتیشکی خۆر_
لە پەنجەرەی ژوورەکەتەوە دێم؛
خەبەرت دەکەمەوە_
کەی من وتم_
تۆ دوور بە لێم!

٢٠٢١/١٢/٢٥

## بەئاسماندا گەشتێک

بە باڵی تۆ دەمەوێ
گەشتێک بە ئاسماندا بکەم!

بەچاوی تۆ دەمەوێ
نیگا یەک
بە میحرابی بووندا بکەم!

کوا دوو دڵم هەبوایە
شەڕیان لەسەر
خۆشەویستیت بکردایە!

دەڕۆم
ئێرە جێ دەهێڵم
تۆم لەگەڵ نەبیت
لەشەوە زەنگدا!

لەوێش بەچاوی تۆ
دەبێت بنوارم
گەر نا هیچ نا بینم
لە مەئوادا!

چارەنووس
ئەم قەفەزە خڕەیە
تا هەڵدەوەشێمەوە
لە بێ باڵیدا!

ژیان
ڕستێک مورووی یەک ڕەنگ بێت
بوونیش گوێزی پووچەڵ بێت
لە ڕاستیدا!

٢٠٢١/١٢/٣١

# شامەرگ بوون

هیچ نەما دڵم خۆش کات
جاران تۆ بووی
هەتا شامەرگ بوون
دەتبردم!

تەمەن ملی
ڕێگەی بێ ناونیشانی پێگرتووم
لە کوێوە گەڕێمەوە
تۆ هاوڕێم نە بیت!

کۆڵانەکانی ئەم شارە نا ناسمەوە
جێ پێکانتی لێ نەبینم!

ئەمشارە زەرد دەچۆوە
لە ئاڵتونی تواوە دەچوو
پێکەوە پیاسەمان بکردایە!

له بێ سۆراغیت
نەدەبووم بەگەڕیدەی زەمەن
ئەوەندە بێ ئاگابم
ببمەوە بەخۆڵ
بێ ئۆقرە بگەڕێم!

ئەگەر خودا جارێکی تر
لێرەوە بتهێنێ
کاتژمێرەکەم ڕەنگە کار بکات
لەکوێ دۆزیتەوە
ئەو مشتە خۆڵە منم!

٢٠٢٢/١/٦

# جەمخانە

بابچینە جەمخانە:
شوکر کەین_
بۆ خولْقێنەری جوانی!

ژیان:
بەبێ جوانی_
سەرابێکی ڕق هەڵگرە!

پیری:
ڕێگەی گەیشتنە-
بە ئەودیوی خەیاڵ؛
پێش ڕۆشتنەوە!

مالّ:

چەند گەورە بێت_

دەبیتەوە بەگەردێک لەخاک!

مرۆڤ چەند درۆزنە_

کەهەولّی نەمری بدات!

درۆ نییە:

تامی شوکولاتە_

لە پێستی برۆنزیدایە!

بەفر:

زستانان-

تارای بووکێنی خاکە؛

ئاودامان!

جوانیت:

فلیمی ڕەنگاوڕەگی ژیانە؛

نەبێت-

ڕەش و سپییە!

تەسبیحات:

ژماردنی کاتە_

لە ترسی مردن!

مرۆڤ:

جوانترین کەرەستەی یارییە_

لە گەردووندا!

٢٠٢٢/١/٢١

# گوزارشت

هەرچی خۆشی لەم زەمینەدایە_
تۆراوە لە من؛
ئەوەندە نامۆم_
ڕێزمانێک نییە شیم بکاتەوە؛
ئەوەی گوزارشت بوو بۆ بوونم_
بوونت بوو!

شەو-
ماڵەکەمت ڕووناک دەکردەوە؛
ڕۆژیش جیهان!

ئەم هەموو تاڵییە_
بەچییەوە بخۆم؛
شیرینی چێشتخانەکەت نەبێت!

کە دەهاتی_
وەک داری چوالە_
جلەکانت؛
ئەوەندە گوڵیان دەگرت_
منیش دەبووم بە بەهار!

کەچی هێشتا ڕووت و قوت؛
ئەوەندە زەرد بووم_
بووم بە خاک!

٢٠٢٢/١/٢٨

## دەست نوێژ

ئاوی دەست نوێژ:
چۆن گوناهی وا دەکات؛
تۆ بەجێم بێڵیت و_
منیش:
لە چاوەڕوانیتدا ببات؛
کە ئەوەندەم خۆش دەوێیت!

٢٠٢٢/١/٢٩

# سولتانەکەم

لەهیچ شوێنێک
ئارام ناگرم
ئەگەر بەهەشتیش بێت
بێ تۆ
نەدەبینم
نەدەبیستم
نە هەست بە بوون دەکەم
لەگەڵ تۆ:
جەهەنەمیش
وەک و بەهەشت دەبێت
نازدارەکەم!

هەژار ترین

مرۆڤی ئەم زەمینە بم

لە کوخێکدا

واتە هەر بێ ماڵ بم

تۆم هەبێت

خاوەنی ئەم جیهانەم

سوڵتانەکەم!

شین و شەپۆڕ

بۆ هیچ بوونێک ناکەم

بێ تۆ

ئاسمانیش بم

هەور دام دەپۆشێت

تۆم هەبێت

پڕ دەبێت لە خۆشەویستی

ماڵەکەم!

٢٠٢٢/١/٣١

# لە ئادەمەوە

لە دوای مردن_
تاقمی ددان:
میراتێکی سەر سوورهێنەرە!

لەم بوونەدا:
بەرق و ئەوین_
گەمارۆ دراوین؛
هەرکەسەو بەختی خۆی_
چی بەردەکەوێت!

بۆچی مەرگ ناخۆشە؟
پیلانەکان دەسڕێتەوە؛
ڕزگار بوونە_
لە زیندانێکی گەورەدا!

شەقام:

فەرشێکی ڕەشە_

بەزەمیلەیەک سێوەوە_

لە کاتی خۆیدا لەوێ نەبێت!

تێپەڕ بکات زەمەن:

شتێک نابێت_

ناوی نیشتمانێکی پڕ خێر بێت!

ڕێبوارێکی سەرلێ شێواوین _

بەهەڵە_

لە ئادەمەوە ڕێمان کەوتۆتە ئێرە؛

ژیان_

تونێلێکی پڕ پەشیمانی بێت!

٢٠٢٢/٢/٤

# عەودالّی دۆزینەوەتم

دەمێکە عەودالّی دۆزینەوەتم_
کەچی تۆ_
لە باخچەکەی خۆماندای؛
بوویت بەئینجانەیەک _
گولّ!

دەمێکە لەم مەیخانەیەدا مەستم؛
گەردوون دەیسووڕێنێت سەرم؛
کەچی لە باخچەکەی خۆماندای_
گولّ!

بۆنت بکەم ڕزگارم دەبێت؛
لە شوناسە کوشندەکان؛
نزیکی_
لە باخچکەی خۆماندای_
گولّ!

هەرچی وشەی زمانمە_
هەڵم ڕشت بۆت بگەڕێن؛
نەمزانی تۆ نزیکی_
لە باخچەکەی خۆماندای؛
گوڵ!

دەبم بە هەنگ؛
ڕێگەم بدەی شیرینت هەڵ دەمژم؛
کە ناوت ببەم_
دەمم ببێت_
بە شوێنی شانەی هەنگوین؛
نزیکیت_
لە باخچەکەی خۆماندای_
گوڵ!

٢٠٢٢/٢/١٤

# بێ ناونیشان

بەشەمەندەفەرێکی کۆن؛
یان بە کەشتییەکی شکاو؛
بمنێرنەوە بۆ ئۆقیانووسی_
بێ ناونیشان_
لەوێ کێلێکی بێ ناوم بۆ دابنێن؛
کەهەر ناژیم؛
یان بەم جۆرە دەژیم_
ناوی ژیانە؛
بێ تۆیی !

٢٠٢٢/٢/١٨

# ڕێساکان

لە بازنەی ئەم گەردوونەدا_
چەپکی هەتاو بیت دەژیم؛
نەبیت-
جیهان دەبێت بە شەو؛
منیش دەبم بە خاکی بێ گیان!

لەم جیهانەدا ڕێساکان_
بەس لە من ئالاون؛
بارمتەی گەڕانەوەتە ڕۆحم؛
چی سوودێکی هەیە بۆ بوون_
خاکی بێ گیان!

هەڵماتی شووشە بوومایە_
تلۆر دەبوومەوە بۆ ماڵتان؛
ئەم هەموو هەژگەم تێوە ئالاوە_
بەهیچ شوێنێکەوە ناچم؛

با هەڵوەشێتەوە_
گڵی گۆزەی بێ گیان!

فرۆکە بوومایە_
دەهاتم بۆ وڵاتت؛
پەنجە مۆریشم هەبوایە_
نەدەگەڕامەوە؛
هەتا وشک دەبووم وەک خاکی بێ گیان!

لە چرکەیەکدا دەبمەوە بە خۆم؛
هەر دەرکەویت_
بزانە چۆن کەسک دەبێتەوە_
خاکی گیان!

٢٠٢٢/٢/٢٠

# هەزارساڵە

بەردیش بوومایە:
دەبووم بەئاو_
لەو زنجیرە خەمانەی تۆ؛
ئەوەندە بێ نەشئەم_
بێزو بە بوونتەوە دەکەم!

بەقەد باڵای تەلارێک:
تەمی شینم لەسەر نیشتووە؛
بۆیە بە بەخشراو_
دەناسرێم_
ئولفەتی منداڵانەم گرتووە؛
بیرت دەکەم!

ئاوێزەی تەمی هەناسەت بووم؛
بێ تۆ_
لە دەستێک پێخەفی_
فڕێدراو دەچم؛
ڕەنگی ژوورەکەمم گرتووە:
ڕێی دەرەوە نادۆزمەوە_
گوێم لە دەنگت نەبێت؛
دەڵێی هەزار ساڵە_
ونم کردووی؛
وابیرت دەکەم!

٢٠٢٢/٣/١

## بوونت کێشم دەکات

مەم سرەوە_
لەم گەردوونەدا؛
جەستە هیچ واتایەکی نابێت-
رۆحت لە ناو دەمارەکانمدا_
نەمجولێنێت!

رۆحی کارەباییت:
زەرد زەرد دام دەگیرسێنێت؛
بەرمکەوێت-
پەنجەت؛
شیرازەی ژیانم کۆدەبێتەوە_
کەرژاوە وەک زەنگیانە؛
بەبوونتەوە_
بوونم دەجوولێت!

ئاخرزەمان ئەوکاتەیە_
مرۆڤ:
کێبڵی پەیوەندیەکانی دەپچڕێت_
بەگەردوونەوە؛
منیش کە بە تۆوە بەستراوم_
دەجوڵێم!

هەتا هەست بە بوونت بکەم:
لەم دەریایەدا_
دەبێت بە کەشتی گیانم؛
تۆش نەیەیت_
تەزووی بوونت کێشم دەکات؛
بەرەو تۆ_
دەمجوڵێنێت!

٢٠٢٢/٣/٣

# حەزناکەم هەڵتکێشم

دەڵێن ئەمڕۆ__
دەشت و کێوشینە__
بەڵام خاکی من بێ تۆ__
هەر زەرد!

نیشتمان بۆنی گوڵاوی گرت؛
کەچیماڵی من بێ تۆ__
تازە بۆنی خاکی وشکی گرت!

تۆ بەچاوت وەکو تاڤگە__
ئەوەندە وشەت ڕژاند بەسەرما؛
بێ تۆ کۆمەڵگەش__
وەک وێنەی ڕەش و سپی لێدێ!

لەم زەمینە بوونم_
گوزارشت بوو لە تۆ؛
دەمزانی لێم گەڕێیت_
تارمایی مەرگم هەڵدێ!

گرەومان کرد_
جادوی جوانیت بنووسمەوە؛
نەمتوانی پەلکە زێڕینەشت لێ بەرمەوە!

مەڕوانە ڕوخساری گەرم و گوڕ؛
ڕێگەت نادەم بچیتە ناو_
سەهۆڵ بەدانی دڵمەوە!

تۆ لە باخچەدا_
زۆر جوانیت؛
حەز ناکەم هەڵتکێشم؛
بتخەمە ناو-
ئینجانەوە!

٢٠٢٢/٣/٢١

## تێ دەپەڕێت ..

هەرچەند ژیان_
به ئالۆزیەکانیەوە جوانە؛
بەڵام بێ ڕەنگی تۆ_
ئاودامانە لە تاریکی!

کۆپی بکرایە_
ڕابردووتم دەگێڕایەوە؛
دژی تەنیایی!

زمان بۆ ناوی تۆ شیرینە؛
هەمووان دەڵێن-
گفتوگۆشم تاڵە؛
چۆن تێ دەپەڕێت_
بوونی بێ تۆیی!

ئەم گەردوونە-
بە تۆوە نەبێت_
دۆزەخ هیچ نییە لە چاویا؛
بیبێتەوە_
پڕ دەبێتەوە_
لە ڕەنگی ئەرخەوانی!

٢٠٢٢/٤/٢٧

# دەوڵەت

پاسێک بوومایە:
ئیتر کەس توانجی تێ نەدەگرتم؛
هەموو ڕۆژێک دەمبردیتە بازاڕ_
عەترت بکردایە بە ناو شاردا!

منداڵ بوومایە:
دەگریام_
هەتا بیان هێنامایە_
بۆ ماڵتان؛
جێیان بهێشتمایە_
سەرم بنایە بە نیشتمانی زەردەوە!

باران بوومایە:
نەم دەهێشت_
لەخاکی تۆ؛
وشکە ساڵی بوایە!

دەوڵەت بوومایە:
هەموو مانگێ_
خەرجی جوانیتم ئەدایتێ!

دەسەڵاتدار نیم:
ببم بە جسری پەیوەندی؛
لەنێوان گوومەزی_
زەردو کەسکدا!

٢٠٢٢/٣/٣٠

# ڕاکە ڕاک

کەی بەیەک دەگەین؟

ڕەنگە ساتێکی تر-

ماڵئاوایی بکەین؛

ڕاکە ڕاک_

نامان گەیەنێتە ئەبەدیەت!

کراسە گوڵ گوڵییەکەت_

پیریم دەڕازێنێتەوە!

ڕەنگە پێکەنینێکت_

چەند ساڵێک لە تەمەنم پێبداتەوە!

بوونت دەبێت بەسەرمایە بۆم؛

بێ تۆ بژیم_

بوونم دەبێت بە هەزەلیەت!

٢٠٢٢/٤/١

## دەترسم

قەد بە خۆمم نەوتووە گیان_
تۆ گیانی منی؛
دوورترین خاڵیش بیت لێم!

من لە نەبوونت دەترسم_
نەک لەبێ ژیانی؛
ئەگەر هەموو جیهانیش_
نزیک بێت لێم!

تەڵەی ئەم ژیانە_
کەوتنە ناو کێشمە کێشم نییە_
یان کۆکردنەی هەموو گەردوون؛
جگە لە کەوتنە ناو ژیانێک_
کە دوور بیت لێم!

٢٠٢٢/٤/٩

# لافاوی تۆ

بۆ نایەیت بمبەیتەوە؛
من ڕێگەی:
قەراغ ئەو ڕووبارەم-
لێ تێکچووە!

لافاوی تۆ لە دڵۆپە بارانەوە-
ڕێچکەی گرتبوو؛
کەچی سەرشێتانە ڕۆیشتیت!

چاوەڕوانم بێیتەوە:
وەک خۆر بەیانییەک لێرەوە-
لەگەڵ خۆت بمبەیت؛
هاتیتەوە-
نەکەیت جێم بێڵیت!

٢٠٢٢/٤/١٨

# دەبزرکێنم

لە ئێستا بەدواوە:
تا ئەو کاتەی_
ئەوەرێمە ناو خاکەوە؛
دوا مەستی مەیخانەتم!

بۆردومانی نیگاکانت-
قەڵەمی قاچەکانی شکاندم؛
ئیتر مەستی باخی سینەتم!

شێت نەبووم_
هزرم لە تۆدا بزر بوو؛
بەجوانیتەوە-
دەبزرکێنم!

لەگەڵمدا بیت_
بەرچینەیەک گوڵاو_
بە باڵەخانەکەتدا_
دەپرژێنم!

ڕازی بیت دەتبەم_
بۆ نیشتمانی بێ جوڵە؛
نەوەک با بێت_
تەرزی لێوت هەڵمژێت!

کە ئەم هەموو جەنگە نامکوژێت:
دەزانم_
پەپوولەی دڵم_
بە گەرمایی تۆ دەسووتێت!

٢٠٢٢/٤/٢١

# لوقمانی حەکیم

ژیان لە باخەڵتدا:
دوو سێو و_
دوو لالەنگی یان هەنارن؛
شیرین!

ژیان_
لە دەرەوەی باخەڵتدا:
زیندانێکی پڕ لە ژەهرە_
لەباتی هەنگوین لەدەممدا _
تاڵ!
بڕوام نییە بتوانم _
لە دوریت هەناسەبەم؛
دەمت کانیاوی ئۆکسجینە_
بۆ ئەوەی بژیم!

لەوەتەی هەم:
لە نیشتیمانی زەردت ڕاماوم؛
لەوێدا نیشتە جێ نەبم_
بە دڵنیاییەوە ناژیم!

بوونەوەرێکی شێتم_
بێ شەربەتی جوانیت؛
پێکەوە بین-
دەبم بە لوقمانی حەکیم!

کوا ڤێلا_
لە نیشتمانی تۆ گەورە ترە_
تێیدا بە ئاسوودەیی هەبم!

پیم وتیت:
نەبوونت ئاماژەی مەرگە بۆم؛
تادێیتەوە -
ڕەنگە هیچ نەبم!

٢٠٢٢/٤/٢٥

# هەنار

حەز دەکەم پێم بڵێیت
ئەگەر ڕۆژێک
وشەیەکم نوسیوە
ڕووت نە بێت لە ناشیرینی
دانەپۆشرابێت بەقژت
بۆنی هەناسەتی نەگرتبێت
نە ئاڵا بێت
لە خاڵی سەر گۆناتەوە
نەبووبێت بە جووتێ گوارە
بە جوانیتەوە
گەرنا وەرە بم کوژە!

ئەی بۆ لێم بێزاریت
یان حەزدەکەیت
خەممان بەیتێ و
بمخەیتە بێدارییەوە
بەم تەمەنە سپییەوە
چۆن بتوانم
بەهەورازی خەمی وادا
هەڵ بگەڕێم!

وامەکە گەڕێرەوە
باپێکەوە وەک دوو تەرزی
بن باخەڵی
دارمێوی حەوشەکەتان
لەسەرمێزی حەزی شینمان
پەنجەکانمان تێکەڵ بکەین
کۆببینەوە بەیەکەوە

دەس بەرین بۆ هەناری بن باخەڵی
ڕشتەی باسەکانمان
دەم بنێینە ناو بەفراوی
توانەوەمان!

هەنارە مێخۆشەکەم
قۆخە کەمێک تووکن و
زەرد باوەکەم
تۆ
لەداری قەیسی دەچیت
ئەو هەموو جوانییەت گرتووە
تۆ
لە ئاسمانێکی ئاوی دەچیت
ئەو هەموو ئەستێرەیەت تێڕژاوە
من نەبێت!

وەرە بمبە

با لە مەستیتدا بخنکێم

نەک بەم جۆرە

لەناو باخێکی زەردا

هەڵبورێم بێ هەناسە!

٢٠٢٢/٤/٢٧

# بوون ڕستێکە لە هەور

که کۆتا لاپەڕی بوون

مردن بێت

باتێر لە پێکی هەناسەت هەڵمژم

لەم ڕێی سەفەرەدا

با وشک نەبمەوە

تەزووی پەڕینەوەی

نێوان پردی ئێرەو ئەوێم

پێ ببەخشە

تارماییەکی شین

لە پڕێکدا

دەدات بەسەرماندا

دەبینەوە بەخۆڵ!

بوون ڕستێکە لەهەور
جوانیت ئارام بەخشە تێیدا
دنیا بەردەوامە لە پرۆسەی گەمە
دۆڕاوین  نەگەین بەیەک
پێش ئەوەی ببینەوە بەخۆڵ!
ئەم هەموو تەقەلایە
بێ هودەیە
کێ دەتوانێ
ساتێک زەمەن بوەستێنێ
تەنها ئەترسم
لە شەبەنگی جوانیت تێر نەبم
تێر لە خەستاوی
گێلاسی دەمت نەخۆمەوە
بێ مەستبوون
لە پڕ بمان خەنەوە خاک
ببینەوە بە خۆڵ!

دەمێکە نیگات دەکەم

ببیت بەشەمپانیا

ببیت بە ئاوی کەوسەر

ببیت بە هەناسە بتخۆمەوە

هەتا بۆ ئەبەدی

گەردەکانمان پێکەوە هەڵوەشێتەوە

لە خاکدا

ئەگەر بەهەشتیش نەبین

بەیەکەوە دەبینەوە بەخۆڵ!

٢٠٢٢/٥/١

# لەو ڕێگە باریکە

وەک چۆن شیرین هەیە_

بەتام و چێژە-

شیرینیش هەیە:

بەچەشنی مانگی ئاسمانە؛

کە تۆ مانگی-

شەوە شینەکانی من بیت-

ئیتر هەموو تامێک-

شیرینە لام؛

تۆ نەبیت:

بوون هەنگوینیش بێت-

دەبێت بە ژەهری مار!

ئاوی قەڵبەزی ؛

کە دێیت-

دەڕژێیتە نیشتیمانی گیانمەوە-

دەبم بە بەهارێکی کەسک:

چوار وەرزەی ساڵ؛

کە نەیەییت:

وەک یەک وەرز-

بەقەد زستان سپی-

وەک بەستەڵەک مەست دەبم؛

وەها پڕ دەبم لە ئازار!

شەرمەندە خۆم:

ئەم هەموو بێدادیە دەکەم؛

دەستم ناگا بەکەس-

تۆ نزیکترینی لێم؛

لە و ڕێگە باریکە-

نەمخەیتە خوار!

٢٠٢٢/٥/١١

# ئەرشیفخانە

بۆچی وا زەرد بووی
هێندە ترسی ناوێت
بوون!

ژیان لێرە نییە
لەم دومبەڵەخانەیەدا
بوون دۆڕاوە!

بڕوام هەیە
دەڵێن جاران لێرە
بوون هەبووە
بەڵام ئێستا هەموو شتێک لێرە
پەیکەرێکی شکاوە!

تەنها خەیاڵی جوانیتە
وەکو لاولاو
لەدەوری تەنیایم ئاڵاوە

دەزانم گەمەی بوونم
لە شەترەنج و
لەسێ بازیشدا دۆڕاوە!

بۆ دەترسن
ئەی نەمان ویست
ژیان ئەرشیفخانە بێت
کەس زمان و
دەست و قاچی نەبێت
پلەکانی خۆشبەختی
شکانی زمان و
پەنجەکان بێت
ئارەزوو کەی پاساوە!

قەرزدار

هەر دەبێت قەرزەکەی بداتەوە
بەسەرخۆشی پەنجە مۆری
نیشتەجێ بوونمان کرد
دۆڕان هاتن بوو
بەڵام سەرم سووڕماوە
کە دەمم هێشتا
ئالودەی تریاکی شیرینییتە
جێی سەر سووڕمانە
ئەگەر نا هەر بۆ بینینت
گیانم پێماوە!

مرۆڤ لێرە بووکەڵەیە
لە مەزادێکی پەڕپووتدا
ڕووت و قووت
لە ڕەنگێکی زەرد هەڵکێشراوە
کەرنەڤاڵی ماڵئاوایی

له خامێکی سپی

زەرد باوەوە پێچراوە

ژیان دەڵێی

لە مەیخانەی بێ ئاگاییدا

لە مەیین هەڵکێشراوە!

ئەم قەرزداریەم هەر پێنەدرایەوە

تەنها بەگەڕانەوەت دەجووڵێم

کەهاتیتەوە

هەموو ئەندامەکانم

پێشکەشت بێت

مرۆڤ بوونەوەرێکی بێسیفەتە

دەترسم خۆتم لێ بشاریتەوە

بێ بەشم کەیت

لە عەتری هەناسەت

بۆیە دڵم لێرە تۆراوە!

٢٠٢٢/٥/١٣

# هەمیشە

هەمیشە وا دەڵێم:
کە هەردەڕۆم-
بۆ وا درەنگ؟
چی پێدەڵێن؟
ژیان:
کە پڕ بێت لە نەبوون؛
تۆ بوون بوویت-
وا لێم ون بوویت!

٢٠٢٢/٥/١٧

# ڕێستێکی کورت

دەگەڕێم
ڕوناکی کڵاو ڕۆژنەیەک
بدۆزمەوە
بمگەیەنێتەوە نیشتمانێک
دوو مەترو چارەکێک بێت
لە ئازادی!

پڕ بێت لە ئەبەدیەت
چیم داوە لەبوونێک
سەرم شۆڕ بێت
بۆ ئەوەی بژیم
ئێرە زۆر ڕێستێکی کورتە
بە تاڵی!

لێرە بوون لەشی قورسە
بەڵکو لەوێ
لە کەوسەرم هەڵکێشن
خوسلی ئەم بوونە بۆگەنەم دەرکەن!

تۆش وەرە با پێکەوە
بچینەوە بۆ ماڵی باپیرە گەورەمان
پرسیار بکەین
بۆ ئەو سێوەی لێکردەوەو
ئێمەیان فڕێدایە بیئسەلمەسیرەوە !
لەم بوونەدا
وا سەرمان نراوەتەوە
تا بۆگەن بۆگەن نەبین
بەهیچ جۆرێ
ناتوانین بگەڕێینەوە..

٢٠٢٢/٥/١٩

## زەردەخەنە

تۆم دەس نەکەوێت
لەم خۆ گەوزاندنەدا
ئیتر بەتەمابم
چی تر بچنمەوە!

سیستمی بوون
هەر هەڵ دەوەشێتەوە
هەرچەنێک بێت
هەر خۆگەوزاندنە!

بوون
زۆر زۆر کاتییە
بەڵام دەبێت بە پرتەقاڵی
کە ڕێگەم بدەیت
لە ماڵی سینەتدا
داواکارییەکانم ببێت بەمەشخەڵ!

کە جوانیت داگیر بکەم
ئەوسا بوون بەتەواوی
دەبێت بە دەقی
پڕ لە زەردەخەنە
یان پەرتووکێکی ئەرخەوانی!

ژیان لەگەڵ تۆدا
وەک شنە با
کەروێشکە بەسەوزایی گیانم دەکات
وەک ئاودێر
خەریکی ئاودانی
نیشتمانی زەرد بووم
ببێت بەئاوەدانی!

٢٠٢٢/٥/٢٤

# ئاودامان

بوون:

ئاودامانە-

لە کراسە پەمەییەکەی تۆ؛

لەم ڕەزە پاییزییەدا-

بووی بە وەرزی بەهار؛

بەقەد دار قەیسییەک-

گوڵت:

لە خۆتەوە ئاڵاندووە!

تۆ:

هەموو پرسیارە جەبرییەکان-

هەڵ دەوەشێنیتەوە؛

تەنها بوونت:

جیهان پڕ دەکات لە جوانی؛

منیش!

٢٠٢٢/٥/٢٦

# ماچ چەند سەرسوڕهێنەرە

له چاوەڕوانیدا
نیشتەجێی وڵاتێکی
ڕەنگ بزرکاو
شین شین لە مەیندام
وەک هەور
کات دەڕوات و دەژیم
بەو خۆشییەی چاوەڕوانتم
کە بێیتەوە
گەنج گەنج دەبمەوە
هەر کە بۆنی هاتنت دەکەم!

ماچ چەند سەرسوڕهێنەرە
لەبەر یەککەوتنی لێو
دەبێت بەمۆسقایەکی

پڕ لە ئیستاتیکا
خاڵی لە هەرچی نادادیە
بوون لێرە
دەبێت بە ڕاست
دەبمەوە بە قەترەیەک ئاو
هەر بەرتکەوم!

بڕوا ئەکەیت یان نا
شێوەت لەناو
عەدەسەی چاومدا لا بەریت
بوون ئیتر
دوا چرکە ساتی دەبێت..

٢٠٢٢/٥/٢٩

# دەچمەوە

تەمەن ڕۆیی هەڵکوڕوزا-
سەیرە ئەم ژیانە؛
تێی نەگەیشتم؛
وا سەراپا بووم بە بەفر؛
دەچمەوە!
فریای دەست لە ملانت نەکەوتم؛
پەشموردە بووم-
تۆ نەهاتی؛
وا لە میوانی تەواو بووم ــ
دەچمەوە!

٢٠٢٢/٥/٢٩

## بڕیاری مانەوە

گوڵەکانی
باخەکەی بەردەمماڵی ئێوە
سەریان دانەواندبوو
کە تۆ هاتیتەوە
یەک باخچە گوڵ بووی!

گڵۆپە لیدەکانی ماڵی ئێوە کز ببون
کە تۆ لە هۆڵەکەتاندا
ببوی بە دنیایەک ڕوناکی!

چاوم لێت بوو
شەو خۆت ڕووت دەکردەوە
لە نوستنەکەتدا
هەرچی ڕەنگی ژوورەکەت بوو
ببوو بەڕەنگی ئاڵتوونی!

ئەمشەو
خۆم هاتم بۆ ماڵتان
کارەبای میری بڕابوو
ماڵی ئێوە
هەمووی چراخان بوو
ماڵەکانی تریش
پڕ پڕ ببون لە ڕوناکی!

دەزانم جیهان هەمووی
دوانە ئۆکسیدی کاربۆن بێت
ئاسان نامرم
لە باخی بڕ ئۆکسجینی تۆدا
بوونم
بڕیاری مانەوەی دابێت !

نازانم بڕوا دەکەیت یان نا
جێم بهێڵیت
بوون هەرگیز
بۆ من نابێت!

٢٠٢٢/٦/٣

# ئەگەر ئەتەوێت نەمرم

کە مردم نەکەی بگریت -
بچۆ پیاسەیەک بەسەرای شاردا بکە؛
بچۆ لە قاوەخانەی جەمال عیرفان-
لەسەر مێزی بەردەم جامخانەکەدا-
شوێنەکەی جارانمان؛
کورسییەکەی من دابنێ و-
خۆشت لەسەر کورسییەک-
بەرامبەری دابنیشە؛
دوو قاوە بەتامی جارانەوە بانگ بکە؛
قوم قوم؛
بە قاوەکەی خۆتەوە -
ئەوەی منیش بخۆرەوە؛
چەند شیرینە بە نۆستالیژیاوە پێبکەنی-
نەکەی بگریت؛
با لەوێش نەمرم!

٢٠٢٢/٦/٩

# هەر بۆڵەم دێت

شێت نیم-
پڕم لە جوڵەی سەیر؛
لە عەشقیش!

گورانی نازانم-
لەگەڵ لەنجەت-
فێر دەبم؛
سەما کردنیش!

دەبم بە دیالۆگ کارێکی_
سەر سوورهێنەر؛
کە چاوم پێت دەکەوێت؛
بە هۆنەریش!

تیشکت ژەنگی کردووە-
لە جەستەمدا؛
ڕۆحیشت!

لە کۆڵانێکدا دیلت کردووم-
دەرچوونی نابێت-
پێت نەگەم؛
مەرگیش!

لە جەنجاڵیدا-
هیچی تر نابینم_
نابیستم؛
هەستیشم نەماوە-
چێژیش!

چەند بێ مانابیە بوون؛

بێ تۆ –

ستراتیژم نامێنێت؛

حەزیش!

٢٠٢٢/٦/١١

# مەرجی جوانیت

لە نەفرەتکاران واز بهێنە-

دڵخۆش دەبیت؛

منیش ــ

لە مەرجەکانی جوانیتدا!

عەشق-

چڕکردنەوەی بونیادی جوانییەکانتە؛

لە زماندا!

ڕەنگاو ڕەنگی-

لە پیتەکاندا-

لەرەی تۆنی دەنگی تۆن؛

لە هەستمدا!

کۆچ بەرین-

هەرچی دەکەین بێ هودەییە؛

هەر ئەمڕۆ-

هی من و تۆیە؛

لە بووندا!

٢٠٢٢/٦/١٧

# تیرۆرستێکی دڵ ڕەق

لەم بوونەدا خۆشویستن وایە-
تۆ لەویَ بسوتێی؛
منیش لێرە لە دۆزەخبم!

دەشێت عاشق وابێت-
خەڵک ئیتر نە لە زمانی-
و نەلە کرداری تێبگەن!

پزیسکێک دەبێت بە مەشخەڵ؛
ئێمە ساتە وەختی یەکەم-
بووین بە دێوانەو_
بە شەم!

لە گەمەی زمانیدا-
هەموو شتێکم پێ دەڵێن؛
کە تۆم هەڵبژارد-
نەک بوون!

لە چاوە مەستەکانتدا-
بوون دەدۆزمەوە؛
سامان و دەسەڵاتیش!

جیهانێک ڕێم لە پێکرد-
بە ناچاری_
گەڕانەوەم هەڵبژارد؛
بێ تۆ-
بۆ نیشتە جێبوونی هەتا هەتایی!

زەمەن تیرۆرستێکی دڵ ڕەقە-
دووژمنی جوانییە؛
من عەشقی جوانیتم!

دەستبەردارم مەبە؛
با هیچمان-
فڕێ نەدەنە دۆزەخ!

٢٠٢٢/٦/٢٨

# واتاکانی بوون

زمان:
وا خەریکە دەبێت-
بە سەرەخۆرە بۆمان!

چۆن زمان دەوەستێت؟
ڕووبار:
لە چاوماندا شەپۆل دەدات؛
زمان بێ خواستی خۆمان-
ئەنتیکەخانەی .
ئەم گۆیەی هێناوەتە زەلزەلە!

بەم دانسقەییەوە-
مرۆڤ:
بێ زەمانە بێ زمان!

ڕەبەنی خەساو بووینایە-
کۆتایی بە خستنەوەی-
ئەم توخمە دەهات؛
زمانیش!

زمان:
کارخانەی پیتەکانە؛
بە نووسینەوەی-
دەبێت بەمەزارگە!

بوون بە ئامادەیمان دەوترێت؛
کە زمان هەڵوەشایەوە-
پەیکەرێکین لە گڵ!

٢٠٢٢/٧/٤

# پرسیار مەکە..

پرسیار مەکە
کە من چۆن و
لە بەرچی تۆم خۆش ئەوێ

خاک و خۆڵی ئەم گەردوونە
چۆن چاوەڕێن تا خۆر هەڵبێ

هەتا ئەمرم
نیگاکانم چاوەڕوانتە
کە چۆن خۆر
لە سەرشاخی ئەزمڕ هەڵدێ
کە پێوانەی تەمەن
وا لەنیوە تێپەڕ دەبێ

له دەرگا دانەخراوەکەی ماڵمان
له پڕ نیگات لێوەی هەڵبێ

خۆزگه به پیرەمەگرون و
بازیان دەخوازم
چۆن ئێواران باوەشی خۆر ئەیانگاتێ

ئێوارەیەک بگەیته لام
نیشتمانم
له ڕەنگی پرتەقاڵیت هەڵکشێ

خۆزگه به تەنکه ئاوی دەخوازم
که مانگ هەڵدێ
تابەیانی
له باوەشیا دێت ودەچێ

تۆ لێرە نیت
بەڵام لەخەیاڵمدا
لەناو دەمارەکانمدا
دەبینم باڵەخانەی ڕەنگاو ڕەنگت
دێت و دەچێ

دڵی شێتم
بەم پیریەش
بەتامەزرۆی دیدارتەوە
دەجوڵێ..

٢٠٢٢/٧/٧

# جوانی بەکراوەیی

دەق:

خۆشەویستی لێدامالێت؛

دەبێتە ڕیزێک فیشەک_

لە تفەنگدا!

ژیان:

خۆی بەهەشتە-

دەستەبەرکردنی -

بە جوانییەکانەوەیە!

شەڕ :

مرۆڤەکان دەخاتە_

ژیان کوژیەوە؛

کاتێک:

لە پێشەوەی جەنگدان!

فرێدانی تفەنگ:
دەرفەت دەبەخشێتەوە_
بە بوون!

جوانی بەکراوەیی-
مەرگ دەدات بە جەلاد؛
بە بیری خراپی_
ئایدۆلۆژیاش!

لێرەوە بوون:
ژیان ڕادەگەیەنێت؛
من و تۆش-
مۆت دەبین-
بەیەکەوە!

٢٠٢٢/٧/١٢

# سەرمایە ڕەمزییەکان

وەک سەرمایە ڕەمزییەکان،
ئەدرەوشێتەوە،
بیلبیلەی چاوەکانت؛
لەناو دوو پێک شەرابی زەردا!

هیچ شتێک ناتوانێ،
کریستاڵی جوانیتم لێ بسێنێت،
مەرگ نەبێت؛
لەم سەرگۆیەی زەویدا!

لە چرکەکانی بەریەککەوتندا؛
لە بزاوتن و لە یەکەوە ئالآنی،
شەوو ڕۆژدا؛
مەرگ بمباتە بێ ئاگایی،

لە سووچێکی ئەو دیوی جیهاندا_
فڕێم بدات،
جوانیت:
لەباتی ڕستێک حۆری بێت؛
بەکوێریش دەپەڕمەوە!

مەرگ هەردێت؛
دەچینەوە بۆ بێدەنگی؛
لەم ژیانە دەبینەوە،
دەخەوین!

تراژیدیای ئەم بوون و نەبوونە،
ئەم یارییە شینە،
کۆتایی دێت؛
وتن!

ئەمما تابوونمان هەبێت،
بەم شڵەژانەشەوە،
هەمیشە جوانی_
لە چاوە عەسەلییەکانتدا،
دەدۆزمەوە!

کێ ئەتوانێ،
لەدیوی دووەمی ژیان،
خۆی بدۆزێتەوە!

چەند بەشەوق بێت بوون،
هەرکۆتایی دێت،
ژمارەی تەمەن؛
جەستەشمان هەڵدەوەشێتەوە!

گومانی تێدا نییە،
بارتەقای ژیان تۆ بیت،
لەوێش یەک دەگرینەوە!

٢٠٢٢/٧/٢٤

# دەقی کراوە

جەستەت:

شیرینترە لە هەموو جیهان

ماڵێکی پڕ ئەفسانەیە!

عەشق:

هیچ شوناسێکی بۆ نابێت

وەک شەپۆلەکانی ئاوە

جێگیر نییە!

جوانیت:

لە لای من ناوەڕۆکێکی ئەفسوناوییە

پڕە لە حەزی کراوە!

بەهرەم:

دەستەبەرکردنی

شەوە تاریکەکانتە!

پیشەم:
دزینی جوانییەکانتە
بۆ باخەڵی شیعر!

ئەمجارەش جوانیت:
سیستەمێکی ڕەنگ تاوسیە
خەیاڵم دەوروژێنێت!

لە ترافیکدا:
دەمەوێ ببم
بە کیسەی کلێنکسەکانی
بە سنگتەوەن!

جوانیت:
شەوان دڵم دەدرەوشێنێتەوە
بەڕۆژ شارەکەمان!

بڕوابکە:

نامەوێ بە کاتە کورت خایەنەکاندا

گوزەر بە جەستەتدا بکەم

دەمەوێ بڕژێمە نیشتمانت

بۆ هەتا هەتایە!

٢٠٢٢/٧/٢٨

# بووم بەمەقام بێژ

هەموو شتەکانی چواردەورت-
ئینجانەی سەر باڵکۆنەکەتان-
تەنافی جل هەڵ خستنەکەشتان-
جل گرەکانیشم خۆشەدەوێت؛
تۆ چیت لەمندا حەزلێیە؟
لە بەرتۆ:
بووم بە مەقام بێژ؛
تار ژەن؛
بووم بە بەفر!

٢٠٢٢/٨/٥

# جوانی دز

گەشتیارێکی خەمناکین
هزرمان لێ بکەنەوە
ئێمەش دەبین
بە بەرێکەری غەریزە

پەرداخێکین پڕین لە هەست
خەفەت
هەموو جوانییەکانی دامالّیوین
جگە لە غەریزە

لەم بوونەدا
ئاواز خەفەکراوە
بیریشم نەماوە کولّمت بگووشم
دنیا ڕووت بۆتەوە لەڕەنگ

بوون لە هەور دەچێت
بازاڕ کردن و
خەوتن و
لێک دابڕانە و جوانی دزە

شیزۆفرینیامان گرتووە
لە چرکەیەکی بێ ئاگا
گەردوونمان هەڵبژارد
بێن و بڕۆین
ئیتر ژیان بۆ پیرۆزە

هەڵخلیسکان
دەمانباتەوە
دەبین بەخەیاڵ
کەچی مرۆڤ چەند شەڕەنگێزە

داخی ئەوەم ناچێت
فریانەکەوتم
دەستم لە ملتدا بێت
یان کەمەرت
چەند ژیان سەرەولێژە
جا بێ هزربین و
پڕ بین لە غەریزە!    ٢٠٢٢/٨/١٠

## دەق بەدوای دەقدا

(١)

ئاژاوە نییە

بەربەستەکانیش دەڕمێنێت

سنووری جوگرافیا قبوڵ ناکات

عەشق!

(٢)

هێشتا بەسەر نەچووم

کێل بۆچی دادەنێن

ڕاستە لە وەرزی زستاندام

پیری!

(٣)

هەر جوان دەبیت

منیش ژەنگ دەگرم

مەرگ!

(٤)

دەمێکە پڕە لە چێژ

پڕیشە لە ئازار

تەمەن!

(٥)

نامەوێ لە ژوورێکی داخراودا بین

کراوەبین شاهانەیە

ڕاکردن!

(٦)

پاس شوێنی چاوپێکەوتنە

موبایل گفتوگۆ

لە سووڕی دڵداریدا!

(٧)

فانۆس لە تاریکیدا

جوانترینە

بەڕۆژیش دەموروژێنێت

جوانیت! ٢٠٢٢/٨/١٢

# دەقی بوون

داری گەنەڵ و
گوێزی پووچە بوون
بێ تۆ
کە پڕیت لە عەشق و
جوانیشت سەر سوورڕهێنەرە!

لە پەیدابوونتەوە گرفتارم
بوون ئاگردانێکی پڕ لە ئێشە
ناشتوانم دسبەرداری بم!

وازم لە سامان و
دەسەڵاتیش هێناوە
دەمەوێت مرۆڤ بم!

خاوەنی بوونێکی ئەبەدی بوینایە
چیمان دەکرد؟
بوون کەشێکی پاییزی و
جارە جارە بەهارییە!

ژیان بێ تۆ
دەبێت بە تەم
ئاسمانیش نایگریتە خۆی
وتم مەگەر
بە باڵای جوانتەوە بنیشم
با ڕەنگی ئاڵتوونیت بگرم!

٢٠٢٢/٨/٢١

# پڕوشەی بەفر

لە ئێوارە ساردەکانی
ئەمساڵدا
وردە پڕووشەی بەفر
ئەگەر ڕاوینام
لەناو سینەو بەرۆکتدا
جووتێ دەسکێشم
بکە دەست
مل پێچێک لە قژت بکە ملم
بەرۆکت بدە
بەسەر شانمدا!

٢٠٢٢/٨/٢٢

# داگیرسان

تلّپەی وشکی پایزی گیانم
چلّێک قامیشە
لە کەناری چەم و ئاوی قوڕقوڕاگەت
تەڕاییت دەمژێت!

باڵەکانم
تۆ ئاسمان بیت
دەدەن لەشەققەو
هەڵم دەدەنە شینایی باوەشتەوە
دەبم بە ئەستێرە
تا ببینیت
چۆن بەرەو تۆ دەکشێم!

٢٠٢٢/٨/٣٠

## عەتر

میوانخانەی من بویتایە
دەبووم بە نوح!

ئەلبومی یادەوەریم
ژەنگی زێڕی گرتوە
ئەوەند لە هزرمدای!

کەڵەکی تەمەنم دەڕوخێت
یەک چرکەسات
لە بیرتکەم!

دەرکەویت
کەمۆڵەی ژیانم
پڕ دەبێت لە عەتر!

٢٠٢٢ /٩/٣

# دوو دەقۆلکە

خەڵکی ڕقیان_
لە ڕەنگی ڕەشە؛
لەچاوی تۆدا دەبێت بە ئاڵتوون؛
کل!

لە ڕژانا چەند ترسناکە؛
بە لێوی تۆوە؛
پەپوولەیە_
سوور!

٢٠٢٢/٩/٨

# ئـــاو

دەزانیت چەندم خۆش دەوێیت

ئەوەندەی دەبم

بە دڵۆپی ئاو

تا بکەومە ناو بارانی پەڵەوە

بۆ وشکەساڵیت

تا ببیت بەیەک پارچە

لە ڕەنگی سەوز..

٢٠٢٢/٩/١١

# ڕەنـــگت

ڕەنگی ئاڵتونی و
لاولاوی نارنجی باڵات
لە درەختی ڕۆژی
لە دایک بوونمەوە ئاڵاوە
کە تۆزێک درەنگ تر
دەژیم!

پەت پەتێنی منداڵیمان
نۆستالیژیای دواکەوتنی
سەفەرەکەمانە
لە چرکەکانی کۆتایدا
پەشیمانی چی مانایەکی دەبێت
پێکەوە نەبین!

٢٠٢٢/٩/١٢

# تـــاقی بـــرۆ

حەیفە:

بۆ ڕوخسارت بڕاکێ؛

کە هەر ڕۆژە بە ڕەنگێک_

دەینوێنی!

ئەم دیوە هەڵواسراو بێ_

باخچە؛

لە تاقی برۆتا نەبێ!

کەوتوومەتە باخی گوڵزارتەوە؛

بۆنت خەیاڵم ئەبات_

بە جارێ دەمخاتە مەستخانەوە!

خودایە:
وەرزی پایز بسڕەوە؛
با هەڵنەوەرێت_
باخچە؛
گوڵ و گوڵزاری-
ئەو!

٢٠٢٢/٩/١٦

# بەژن و بـــــالا

چی لەبەژن و
لە بالا بکەم
هەمووی خەیالن بۆ من!

تازە تەزیون دەست و پەنجەم
هەمیشە زستانە
لە خاک و نیشتمانی من!

٢٠٢٢/٩/١٧

# نیگاری کراوە

ڕەزی سنگت :

شەرابخانەیەکی کراوەیە؛

باخچەی داخراوە!

تیشکە ڕژاوەکانی چاوت-

هیتەری توانەوەی-

بەستەڵەکی گیانمە_

نیگای کراوەت!

شەو :

بۆ پرچی ڕەشت دەگەڕێم؛

ڕۆژ:

بۆ بتڵی شیریی گیانت!

بەشەو دەسووتێم-

بەڕۆژ دەمکوژێنیتەوە!

٢٠٢٢/٩/٢١

## دابـــــــڕان

ساڵێک بەر لە ئێستا
لە وێسگەی شەمەندەفەرێکدا
یەکمان ناسی
ڕێک یەک ساڵ
لە سەفەرێکدا پێکەوە
لە ڤارگۆنێدا
کتێبێکی پێ بەخشیم
بەناوی دابڕانەوە

ئەو دەیزانی
هێندەمان نەماوە
بگەینە کۆتا وێسگە
لە یەکتر جیا دەبینەوە
لێشی نەنووسی بوو
بۆ یادگاری

ئەو دەیزانی
دوای ترازانی
دەرگای ڤارگۆنەکە
کۆتایی بە دیدارمان دێت
ئیتر دەبێتە دابڕان

عەشقێکی بیست و چوار کاتژمێری
هەموو ژیانمی گۆڕی

تۆ تەنها ژنێک نەبووی
تۆ فریشتەیەک بوویت و
ئیتر ئەوەندە بوو دیدارمان
منت لەم ژیانە دابڕی..

٢٠٢٢/٩/٢٢

# بەهەڵـــــم بوون

ژیان
دیکۆریکی ڕازاوەیە
تۆش ئاوازێکی
پڕیت لە ئەندێشە
بە چرکە ساتەکانی زەمەندا
دەبزوێیت
تا قۆناغی بە هەڵم بوون!

٢٠٢٢/٩/٢٧

## گوندەکەمان

لە گوندەکەمان
هەمیشە شەو بوو
باخەکەمان هەمیشە بێبەر

چەمی بەرگوندەکەمان
وێنەدانەوەشی نەمابوو
ئاسمانی سەر گوندەکەمان
خۆڵەمێشی بوو

ئەستێرەشی نەدەگرت
مانگیشی لێ هەڵنەدەهات

که تۆ هاتیتەوە
هەمووی گەڕایەوە
سروشتی خۆی

ئێستا بەیانیان
زوو خۆر هەڵ دێت
لە باخەکەمان
ژێری دار قەیسیەکان
زەرد دەکەنەوە

چەمی بەر گوندەکەمان
دەبێت بە ئۆرگێسترا
هەتا چاو بڕکات
ئاسمان شین شینە

شەو ئەڵێی
هەرەسی ئەستێرەیە
مانگ بەسەر
هەموو گوندەکەماندا
تریفە دەڕێژێت

کەس نەعەتر دەکرێ
نەچەتر
گوندەکەمان تەژیی بوو
لە بۆنی تۆ
لە سێبەریشت..

٢٠٢٢/١٠/١

# پایزێـکی ئاڵتوونـــی

پایز
لە بێوە ژنێکی جوان دەچێ
کراسێکی ئاڵتونی دەپۆشێ
هەموو ساڵێ دێتەوە
غەمبار!

٢٠٢٢/١٠/٩

## باخـــــــە جوانەکـــەت

وەرە تا فرسەت ماوە
دەست لە ملی خەم بکەرەوە
ملم لە تالێک موو باریک ترە!

وەرەوە
ئێرە کەنارێکی ئارامە
چیت داوە لەو بەندەرە بێ بنەڕەتە!

ئەم خێوەتە هەمیشە تاریکە
ڕوناکی بکەرەوە!

میوەی
باخە جوانەکەتم پێ ببەخشە
با زستان
بە تەزووی گیانت گەرم ببمەوە!

لێرە نیت
بۆیە نرخم
لە هەموو شت هەرزان ترە!

٢٠٢٢/١٠/١٦

# بێ دەنگـــــی

جوانیت نەک من
دەقەکانیش ئازاد دەکەن!

بۆ نیشت لێرە بێت
دەرگای ماڵەکەم دەکەوێتە سەر پشت
پەنجەرەکان والا دەبن!

دەبوو بهاتیتایە
لە ناوتا زەرد زەرد
پایزێکم دەکردەوە بە بەهار
دەمێکە دێیت و نایەیت!

لەو بێدەنگیەت
جیهانی من پڕ بووە لە ئەندێشە
خەریکم بە ڕیتمێکی نەرم
دەبم بەتەرمێک لە چاوەڕوانی!

٢٠٢٢/١٠/٢٢

# پایــز و زستـــان

بەشم وایە
پایز:
دەبم بە باڵندە
بەدوای گەڵا وەریوەکاندا باڵ دەگرم
هەتا گەڵایەک با دەیهێنێت
خۆی دەکات بەحەوشەی ماڵەکەتدا
منیش دێم
بەڵکو جێگەم بکەیتەوە!

بەشم وایە
زستان:
بەفر سپی سپی کە دەبارێت
خۆی دەکات بەناو
حەوشەی ماڵەکەتدا

منيش ديێم
دەستە تەزيوەكانم
لە باخەڵى تۆدا
گەرم بكەمەوە
ئەگەر قۆپچەى
ڕينكۆتەكەت بكەيتەوە!

بەشم وايە
بەهار:
دەرو دەشت پڕ دەبێت
لە گوڵ
منيش ئينجايەكم
بێ گوڵ
نازانم ديێت يان هەر نايەيت
گوڵ!

٢٠٢٢/١٠/٢٧

## کرۆشتن

ڕەنگە هەر بە تۆ ڕابگەم
لە هاتن و نە هاتنت
ئەوەندە خەیاڵ و مەرگ
دەم کرۆژێ

تام لە جەستەتدا تواوەتەوە
لیک دەڕێژێ حەزم
چەشتەی بکەی
وەکو زەروو بە خۆتەوە

بمخەرە کۆنترۆڵی گیانتەوە
بەسەیرکردنت تێر نابم
با لە کلتورێکی چەق بەستودا نەبم

ببە بە بەفر

وەک پڕوشە

ببارە بەسەرمدا

با منیش بتوێمەوە لەگەڵتدا

شیرینیت تێکەڵ بە تاڵیم بکە

با لە حەوشەکەتاندا

ببین بە هەنگوین..

٢٠٢٢/١٠/٣١

## بێ سیفەت

ئەوەندە گوێم لەدەنگت گرتووە
هەموو دەنگێکم
لێ بووە بە مۆزیک!

سنووری عەقڵت بەزاندم
شێت بووم
کەچی تۆم هەر لەبیر ناچێت!
ڕەنگاو ڕەنگیت
فێری زمان درێژی کردم!

نەگەشتم بە کورترین سەفەر
لە گەڵتدا
بەڵام بەئەندێشەی تۆوە مەستم!
بڵێی بێ سیفەت بم
یان هەموو شتێک خەیاڵ بوو!

٢٠٢٢/١١/٧

## سەروماڵـــــم

ئەرێ ناکرێ بە قوربان
سەرێک بدەیتەوە لە ماڵمان
سەرو ماڵم بکەم بەقوربانی
لەبەر پێتا کەهاتی..

٢٠٢٢/١١/١٢

# باخچـەی هەڵواســـراو

ژیان
لە بۆشایی گەردووندا مەستە
منیش
لە بۆشایی جوانیتدا!

لە باخچە هەڵواسراوەکانی هزرمدا
تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگیت
منیش لە تۆدا ڕەنگە هەر نەبم
یان خەیاڵێکی شین بم!

هەبێت
ڕەنگی زەردم
ئاهێکی سەوز دێتەوە پیایدا!

٢٠٢٢/١١/٢٤

## دوو دارم دی

له فرۆكەشەوە ناتوانم بتدۆزمەوە

لەم تێهەڵكێشەدا سفر دەبمەوە

بۆ دارا دەڕوانم

كه داری دی!

لەناو ڕەفتارمدا

هەمیشه نیشته جێی بەشاراوەیی

گەردەكانم دائەڕزێنی

هەتا بوونت دەبێتەوە به بەشێكم!

قوتابخانەشم نەخوێندبێت

دەتوانم بڵێم

دوو دارم دی

ئەوەندە ڕوانیم!

٢٠٢٢/١١/٢٦

# مەحـــــاڵ

جوانیت لە بێسنوریدا
ڕەنگێکە
ڕەنگێک لە بووندا لەو نیە

گوڵەباخی باخی مەڕمەڕیشت
گوڵاو پرژێنە بە ئەناناس

لەم پرۆسەی ڕەنگ و عەترەدا
هزرم خەریکی گەڕانە
مرادیفیشیان نیە

بارتە قاسبوون

تەلارێکی سەرسوورھێنەریت
مەحاڵە بەنووکی نوسین و
بەزمانیش
جوانیت بپێکم
بە کێشانیش..

٢٠٢٢/١٢/٢

# گازێک لە سێوی کوڵمت

کورتکراوەی چیرۆکێکی دوورو درێژە
پڕە لە جوانی و
پڕە لەئازار
گۆزەیەکی لە خۆڵ دروستکراو!

کەرنەڤاڵی پیاچوونەوەی ڕابردووە
کراسە گوڵ ڕێژکراوەکەی نەنە گەورەم!

گەڕیدەیەکی زمانداری بێ ڕێزمانە
بە کۆڵانە تاریک و ڕوونەکانی بووندا
مرۆڤ
بۆ ماوەیەک لە زمەن!

بوون بەقەد گوشینی بەرسیلەیەک
پڕە لە ڕەنگ
بەقەد گەردوون لە بێ سیفەتی!

لەوەتەی هزرم کەوتۆتە ڕژانەوە
ئاگری سارد لە گیانمدا
دەمسوتێنێ!

ئەمانە بایەکن بەلای گوێمدا دەڕۆن
تۆ گازێک لە سێوی کوڵمتم بدەیتێ!

٢٠٢٢/١٢/٣

# سەبـــەتە چـــن

تەمەن بە تاڵی ناخورێتەوە
پڕی بکە لە نوقڵی شیرین

ماڵی ئێمەش با پڕ بێت
لە ڕەنگی سوورو شین

تازە لەزێ خزاینە خوار
ئێرەش بکە بە باخچەی سێو
یان کەرنەڤاڵی پێکەنین

دەمێکە دەڵێم
سەبەتە چن بوومایە
تۆش گوڵ فرۆش
ماڵەکەمان دەبوو بە باخ..

٢٠٢٢/١٢/٤

# مردنێکـــــی ســـــپی

دارتاش بوومایە
کوخێکم بۆ دەکردی لەماڵی هەوردا
لەزەویم دوور دەخستیتەوە
تافێری لووت بەرزی نەبوویتایە

چیرۆکی خۆم و خۆت
بۆ باران بخوێندایە

نابینی لەوەتەی من و تۆ هەین
دەژین وەک مردنێکی سپی

قوفڵی ئەم چیرۆکانەی من و تۆ
هەر داخراوە
ئەم زمانە شیرینەی من و تۆ
هەندێ جار دەبێت بەژەهر!

٢٠٢٢/١٢/١٤

# ئادەمـــی نەبووینایـــە

دەمەوێت بم دزیت
لە ژوورەکەتدا
لە شوێنی تابلۆیەکدا
دەست و قاچەکانم داکوتیت
کە داگرسایت
منیش هەموو جوانیەکانت بدزم!

کوا ئەبەدییەت؟
بەو شێوەیە بێت
لەم سەرای میوانخانەیەدا
بوون بە پووچی نابینم!

دەزانم بەیەکەوە
دەست لێرە بەر ئەدەین و
ڕەنگە خودا

بارتەقای بوون

بمانباتەوە بۆ ئاسمان
ئەوەندە تامەزۆری یەکین
ئەی ئادەمی نەبووینایە..

٢٠٢٢/١٢/١٦

## بەردی مـــەڕمـــەڕ

لەبیرمە هەموو ڕایەک
پێم دەوتیت
کەوەرزی گەرما هات
بۆ ئەوەی گەرمات نەبێت
باوەش دەکەم بەسێبەر
دەستەکانم بە باوەشێن

ئەگەر منیش
هەستم بە تەنیایی کرد
تۆش ببە بەدنیایەک لەمۆزیک و
بە سیسەمێک لەپەڕ
با دڵخۆش بم بەبینینی
باخچەیەک لە گوڵی سپی
لەخاکێکی زەردی ئاڵتوونیدا
وەکو نەخشی مەڕمەڕ
سپی سپی

٢٠٢٢/١٢/١٩

# جێـــم نابێتـــــەوە

لە نیشتمانێک ڕەق دەبمەوە
پڕە لە ئاگر

لە سەر خاکێک جێم نابێتەوە
لە هەر بستێکیدا
پارچەیەکم ڕواوە

لەوڵاتێک ئیقامەم لێ دەستێننەوە
ڕەگم بەدرێژایی مێژوو
بەناوجەرگیدا چەقاوە

لە نیشتیمانێکدا تینوم
لەمێژەوە
بووم بە بەفرو ڕژاومەتە ناو هەناوی

ئەم نا دادیە چییە

تۆش وابیت

مەگەر ئێرە بەجێ بێڵم

ئیتر چی دەمبەستێتەوە

بەم ژیانەوە..

٢٠٢٢/١٢/٢٥

## ژیاننامەی شاعیر:

لە١٩٧٠ لەگوندی کاژاوی شاربژێڕ سەربەناحییەی (بەرزنجە-سرۆچک) لەنێو خێزانێکی ئاینی و کوردپەروەرو خانەداندا لە دایک بووەْ .ماڵباتی ئەم خێزانە لە ساڵی ١٩٣٢چونە گوندی کاژاو، کە سەید ئەحمەدی باپیری بەڕێوبەری ناحیەی بەرزنجە /سرۆچک بووە .لە ساڵی ١٩٢١ بەدواوە یان دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە، دوای ئەوەی کە لە دوای شەڕی بازیان ڕودەکاتە وڵاتی ئێران،بەڵام کەدەگەڕێتەوە ئینگلیزەکان دووری دەخەنەوە بۆ کۆیە تا دوای سێ ساڵ .ئەوسا لێ خۆش بوونی بودەردەکرێت ...وەلە جێبەجێکردنی داواکاریەکانی مەلیک مەحمودا ئەویش دەکرێت بە بەڕێوبەر ...کەبەبنەماڵەی سەید ئەحمەدی حاجی مامەند بەناوبانگن.

- وەک هەموو کوردێک بنەماڵەکەیان بەشداری بەرچاویان هەبوو لە شۆڕشەکاندا. تاساڵی نسکۆ وەدواتر خۆشی لەساڵەکانی هەشتاوە پەیوەندی کردووە بە (ی.ن ک).لەگەڵ ئەمانەدا لەساڵی١٩٧٨ ڕویانکردۆتە شاری سلێمانی بەڵام گەڕاونتەوە بەهۆی بارودۆخی ئەوکات لەکوردستاندا لەساڵی ١٩٨٦-١٩٨٧ بەتەواوی گەڕانەوە بۆ سلێمانی.

مامۆستا دەزانێت کەدەبێت لەشارەوە خەریکی تاودانی ئەدەب و شیعرو هونەر بێت جگە لەوەی بەهۆی پەوەندی بەرپیزەکانی ڕێکخستنی ئەوکاتە بزوتنەوەی بزاڤی ڕزگاری خوازی کورد وە کەمێک سەرقاڵ دەبێت.

مامۆستاخاوەنی بڕوانەمەکانی پیشەیی و شێوەکارییە. زیاتر لەبیست ساڵ لە ناوەندی گۆیژەی کوڕان مامۆستا بووە.

دواتر جارێکی تر چۆتەوە زانکۆی سلێمانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت بەشی مێژووی تەواو کردووە.

شـارەزایی هەیە لەبوارەکـانی پەروەردەو خێـزان و بـوارە کۆمەڵایەتییەکاندا.
مامۆستا لە ساڵەکانی هەشتاوەخولیای هۆنراوەو ئەدەبیاتی کوردی بووە بۆخۆی ڕێچکەیەیەکی تایبەتی لە هۆنراوەی سەربەست(حر)دا گرتۆتەبەر لەشـێوازی نوسین و ناوەرۆک و جۆری دەقدا کە زیاتر گرنگی دەدات بەدەقی کراوە. مامۆستا خولیای نووسینی هایکۆ ونانوە شیعرە.
-خاوەنی دوو کتێبی بڵاو کراوەیە .
-کاک ئەحمەدی شێخ لەمێژووی نوێی کوردا.
-شێخ مەحمودی حەفیدو ئەندێشەیەکی ئازاد،ئەزمونێکی ئازاد.
-خاوەنی چەند کتێبێکی بڵاو نەکراوە یە واتە دەسنووس.
وەک:
-شێخ مەحمود لە سەرەتای دەرکەوتنی هەتا ساڵی ١٩٣٦.
-سەید ئەحمەدی حاجی مامەند لەمێژووی نوێدا
-دیوانی مانگەشەو لە دووبەرگدا.
*خاوەنی دەیان بابەتی مێژوویە لەگۆڤارەکانی شاربازێڕ و زەرد و بابان و گەلێکی تردا.
-ئەندامە لەدەستەی دامەزراندنی دەزگای هزری شارستانیدا.
-ئەندامی دەستەی باڵای ڕێکخراوی ڕۆشنبیری شاربازێڕە
-ئەندامی بزاڤی ئاشتی (بان) لقی سلێمانی.
-کارگێڕی ناوەندی کۆمەڵایەتیە لەسلێمانی.
-خاوەنی دەیان بابەتی مێژوویە لەژمارەکانی کوردستانی نوێ دا.
-شارەزایە لە مێژووی نەسەبی بنەماڵەکاندا.